# زنجیرەی هاوەڵانی پێغەمبەر

( صلى الله عليه و سلم )

## دایکی ئیمانداران

# عائیشـەی

# کچی ئەبوبەکر

عائشەی کچی ئەبوبەکر

حبيب محمد سعيد

بسم الله الرحمن الرحيم

- & ناوی کتێب : عائیشەی کچی ئەبوبەکر.
- & ناوی نووسەر : حبيب محمد سعيد.
- & چاپی : سێهەم.
- & ساڵی چاپ : □□□□ ك - □□□□ز.
- & مافی چاپ هی نووسەرە.
- & ژمارەی سپاردنی (    ) ی ساڵی □□□□ ز دراوەتێ
- & پیت چنین : مەڵبەندی کۆمپیوتەری سۆز.
- & چاپەمەنیی : ئۆفسێتی پەیف.

عائشەی کچی ئەبوبەکر

# پێشکەش

پێشکەش بێت:

- بـ ـە هەموو خـ ـەمخۆر و دڵسۆزێکی ئیسلام کە ئامادەیە سەر و ماڵی بۆ ئیسلام بەخت بکات.

- بە هەموو خوشك و دایکێکی بەغیرەت و خزمەتگوزاری ئیسلامی بێگەرد، کە هەوڵ دەدەن لە کانیاوی شەریعەتی ئیسلام تێنوێتیان بشکێت و مرۆڤایەتییش، بە تایبەت ئافرەتان، لە شەریعەت شارەزا بکەن، بە هیوای ڕەزامەندیی پەروەردگار..

# پێشەکیی

الحمد لله رب العالمين ، والصلاة والسلام على سيد المرسلين محمد وعلى آله و أزواجه وأصحابه أجمعين .

که ژیاننامەی سەردارمان موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان خوا لێی رازیی بێ کەوتە بەردەستی ئیمانداران، بە شێکی زۆریان خۆشحاڵیی خۆیان دەربڕیی و دەستخۆشیان لێ کردم کە مافی خۆیەتی موعاویەی هاوەڵ ژیانی پڕ فەڕ و بەرەکەتی بە جوانیی بخرێتە بەردەست ئازیزانی شەیدای قورئان. داواکارم لە خوای گەورە دڵخۆشی دنیا و قیامەتیان بکات.

وا ئەمجارەش ئەچینە خزمەتی هاوەڵێکی تر تا بە شکوم هەندێ لە ژیانی پڕ فەڕ و بەرەکەتی بخەینە بەردەستی ئازیزان .. بەو هیوایەی چاو لە هەنگاوی پیرۆز و هیممەتی بەرزی بکەین ، کە ئەویش هاوەڵی پایەدار، دایکی ئیمانداران ، صددیقەی کچی صددیقە خوا لێیان رازیی بێت .

لە راستییدا عائیشە خوا لێی رازیی بێ خاوەنی خزمەت و غیرەت و جیهادێکی بێوێنەیە ، تا ستەم و ناڕەوایی سەردەمی نەفامیی لە کۆڵ ئافرەت بکاتەوە و، پلەی شیاوی مرۆڤانەی خۆی دەستگیر ببێ و، لە سایەی شەریعەتی بێگەرددا مافی تەواوی وەربگرێت..

لەمەوە تێ ئەگەین کە ئەگەر ئافرەتان ژیانی مرۆڤانەی پڕ رێز و پایەدارییان ئەوێ ، با شوێن پێی عائیشەی ئیماندار هەڵبگرن و، وەك نموونەیەکی بەرزی ئافرەتی موسڵمان بیکەنە پێشەنگی خۆیان و، دەست بدەنە خزمەتی قورئانی پیرۆز و سوننەتی بێگەرد ، تا بۆ هەموو لایەك

□

دەربکەویٚ کە هەرنەخ شە و بیروباوەڕیٚك لە فەرمای شتی خوا و پیٚغەمبەرەوە ρ وەرنەگیرابیٚ ، مافی ئافرەت پیٚ شیٚل ئەکات ، کاتیٚ کە حەیا و ئابڕووی پیٚ ئەخاتە ئەو لاوە و، لە رەوشتەکانی ئیسلامی بیٚگەرد دووری ئەخاتەوە..

داواکارین لە خوای گەورە هیدایەتی ئیٚمە و هەموو مو سڵمانیٚکی بە غیرەت بدات تا ئەو را ستە شەقامەی کە خۆی پیٚی رازییە بیگرینە بەر و، لە سەردەمی فیتنە و ئاژاوە و هەڵپەرستییدا سەرگەردان نەبین . ئامین .

سلیٚمانیی / چوارشەمە
□□ / رەبیعی دووهەم / □□□□ ك
□ / ئاب / □□□□ ز

عائشەی کچی ئەبوبەکر

# له لانەی ئیمان دا

یەکەم کەسێك کە لە پیاواندا ئیمانی بە پێغەمبەرێتیی موحەممەدی ئەمین ρ هێنا ئەبوبەکری صددیق بوو خوا لێی رازیی بێ . ئەو رۆژە هێشتا عائیشەی کچی لە دایك نەبوو بوو ، بەڵکو دوای شەش ساڵ لە هاتنی وەحی لەدایك بووە و هەشت ساڵیش لە فاطیمە خوا لێی رازیی بێ بچووکتر بووە ..

ئەوەتا عائیشە خۆی ئەوەمان بۆ ئەگێڕێتەوە کە لە کاتێکەوە ئەو لەبەر منداڵیی فامی نەبووە تا باوك و دایکی بناسێ، ئەوان شوێنکەوتووی ئیسلام بوون کە ئەڵێت : « لم أعقل أبوي إلا وهما يدينان الدين »[*].

خاتوو عائیشە خوا لێی رازیی بێ بە لای پێغەمبەرەوە ρ زۆر خۆشەویست بووە ، چونکە بە راستیی ئەو ئافرەتە بووە کە بۆ وەرگرتنی پەیامی گەورەی ئیسلام دەست بدات و بەوپەڕی چالاکیی و وردیی و ژیرییەوە شەریعەت وەربگرێت و پێشکەشی موسڵمانانی بکات ، بە تایبەت ئەو بەشەی کە پەیوەندیی بە خێزانەوە هەیە.

هەندێ جار پێغەمبەری خوا ρ بە ناوی ( عائیش ) بانگی لێ کردووە ، وەك لە صەحیحی بوخارییدا ، لە عائیشەوە هاتووە کە ئەڵێت : پێغەمبەری خوا ρ پێمی فەرموو : « يا عائشُ ، هذا جبريل يقرئك السلام » . ئەیفەرموو : ئەمە جیبریلە و سەلامت لێ ئەکات..

ئەمەیە پایە و پلە و ، ئەمەیە خوا پێدان : سەلام لە جیبریلەوە!!

عائشەی کچی ئەبوبەکر

[*] سير أعلام النبلاء ، للذهبي.

□

هەروەها بە ( موفّقة ) بانگی لیٚ کـردووە و [1]، زۆر جـاریش بانـگی لیٚکـردووە : (( یا بنت الصدیق ، یا بنت أبي بکر )).

داواشی لە پیٚغەمبەری خوا ρ کردووە تا کونیەی بۆ دابنیٚ . ئـەویش فـەرموویـە: (( إکتني بإبنك عبد الله )). فەرموویە : با عەبدوڵڵای خوشکەزات ، واتە عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر کونیەت بیٚت . ئەوەبوو بە ( أم عبد الله ) ناو ئەبرا.[2]

لە سونەنی ئیمامی ( نەسائیی )شدا هاتووە کە پیٚغەمبەر ρ بە ( حُمَیراء ) بانگی لیٚ کردووە..[3]

عائیشە کچی ئەبوبەکری صددیقە و، دایکیشی ئوم ڕوومانە کە لە سەرەتای هاتنی ئیسلامدا ، بەر لەوەی کە عائیشە لەدایك ببیٚ موسڵمان بووە. کە ئەبوبەکر کۆچی بۆ مەدینە کرد ، دوای کەمیٚك ئوم ڕوومانیش کۆچی کردووە.. شایانی باسە کە ئوم ڕوومان لە سەردەمی خەلافەتی عوثماندا کۆچی دوایی کردووە.[4]

لە سالأنی منداڵیی عائیشەدا بانگی ئیسلامیی بە سەخت ترین قوناغیدا تیٚپەڕی ئەکرد و، لەو ماوەیەدا موسڵمانان هەموو جۆرە سزا و ئازاریٚکیان چەشت ، بە رادەیەك کە تاقە موسڵمانیٚکی لیٚ دەرنەچوو .. ئەوەتا خاتوو عائیشە هەندیٚ لەو سزا و ئازارانەمان بۆ ئەگیٚڕیٚتەوە ، کە

---

[1] السمط الثمين في مناقب أمهات المؤمنين ، لمحب الدين الطبري.

[2] رواه إبن ماجه وأبوداود .

[3] السمط الثمين .

[4] فتح الباري شرح صحيح البخاري ، لإبن حجر العسقلاني : □ / □□□ .

□

له پێناوی ئیـ سلامدا ، توو شی باوکی هاتن . هەتا ئەوە بوو مەککەی بەجێ هێشت و بەرەو خاکی حەبەشە کۆچی کرد..

که سەرنجی ماوەی منداڵێتیی خاتوو عائیـ شە ئەگرین بۆمان دەرئەکەوێ کە حەزی لە یاریی کردن و جم و جوول بووە ، جا لەبەر ئەوەی کە بە منداڵیی شووی کردووە ، ئەوا دوای گوا ستنەوە شی لەگەڵ دە ستە خو شکانیدا هەر خەریکی یاریی و گەمە بووە. پێغەمبەریش ρ ئەو منداڵییەی ئەوی بەر چاو ئەگرت و ئەیزانی پێوی ستیی بە یارییکردن هەیە ، هەتا دە ستە خو شکانی ئەناردنە لای تا پێکەوە یاریی بکەن.. هەتا ماوەی ئەدا تا تەما شای سوودانیی بکات کاتێ کە لە مزگەوتدا یارییان ئەکرد. بۆیە ئەویش دوای ئەوە ئامۆژگاریی باوکان و دایکانی ئەکرد با ماوەی ک چۆڵەکانیان بدەن تا گوێ لە یاریی و لەهوو بگرن ، کە ئەی وت : (( فاقدروا قدر الجارية الحديثة السن تسمع اللهو )) .□

گەورەترین و جوانترین بیرەوەریی بەلای ئافرەتەوە ، بیرەوەریی خوازبێنیی و شووکردن و گوا ستنەوەیەتی. جا تا ئەو ئافرەتە مێردەکەی زیاتر خۆ شی بوێت و ، لە دڵیدا زیاتر ڕێزی هەبێ ، ئەوا ئەو بیرەوەرییانەی ئەوەندە بەلاوە خۆ شەوی ستن . بەڵام هیچ کەس وەك خاتوو عائیـ شە ئەو بیرەوەرییانەی بەلاوە خۆ شەوی ست نەبوون ، چونکە هیچ کەس وەك ئەو دڵی بە مێرد و هاو سەرەکەی خۆش نەبوو ، کە سەرداری هەموو مرۆڤایەتییە . بۆیە ئەو بیرەوەرییانە لە دڵ و مێشکیدا چە سپ بووبوون.

---

□ رواه البخاري .

لە سەرەتاوە خوازبێنیی خاتوو عائیشە بە فەرمانی خوا بوو کە بە شێوەی وەحیی پێغەمبەر ρ ئاگادار ئەکرا.

ئەوەتا پێغەمبەری خوا ρ بۆ خاتوو عائیشەی خوا لێی رازیی بێ باس ئەکات کە سەرەتا سێ شەو لە خەودا ئەوی پیشان ئەدەن کە مەلائیکەتێك لە ناو ئاوریشمدا ئەی هێنێ و ئەڵێت: ئەمە ژنەکەتە. کە سەری هەڵ ئەدا لە تەوە ئەبینێ ئەوە و ، ئەفەرموێ: ئەگەر ئەمە لە خواوە بێ بە ئەنجامی ئەگەیەنێ کە ئەفەرموێ :

( أريتكِ في المنامِ ثلاثُ ليالٍ جاءني بِكِ الـملكُ في سَرَقَةٍ من حرير، فيقول : هذه امرأتك ، فأكشِفُ عن وَجهكِ فإذا أنت هي ، فأقول : إن يكُ هذا من عندِ اللهِ يمضِهِ ) [1]

تیرمیذییش لە خاتوو عائیشەوە ئەگێڕێتەوە کە جیبریل لە پار چە ئاوریشمێکی سەوزدا وێنەی دێنێتە خزمەتی پێغەمبەر ρ و ئەڵێت : ( هذه زوجتك في الدنيا والآخرة ). ئەفەرموێ : ئەمە هاوسەری دنیا و قیامەتتە.

ئەوە بوو دوای کۆچی دوایی خاتوو خەدیجەی یەکەم هاوسەری پێغەمبەر ρ ، خوای گەورە ئەم خوازبێنییە پیرۆزەی ئەنجام دا .. ئەوە بوو بە سێ ساڵ پێش کۆچکردن بۆ مەدینە خاتوو خەدیجە کۆچی دوایی کرد و، پێغەمبەریش ρ نزیکەی دوو ساڵێك وەستا ئەوسا داوای خاتوو عائیشەی کرد و مارەی بڕیی ، کە ئەو کاتە تەمەنی شەش ساڵان بوو.. [2]

---

[1] متفق عليه.

[2] رواه البخاري عن عروة بن الزبير.

□

عائیشە ئەڵێت : کە خەدیجە کۆچی دوایی کرد خەولەی کچی حەکیم هات و وتی : ئەی پێغەمبەری خوا! ژن ناهێنی؟ فەرمووی : ( ومن؟ ) وتی : کچت ئەوێ هەیە و بێوەژنیشت ئەوێ هەیە . فەرمووی : (من البکر ومن الثیب ؟ ) فەرمووی : کچەکە کێیە و بێوەژنەکەش کێیە؟ وتی : کچەکە عائیشەی کچی خۆشەویستترین بەدییهێنراوی خوایە بە لاتەوە و، بێوەژنەکەش سەودەی کچی زەمعەیە ، کە ئیمانی پێ هێناوی و شوێنت کەوتووە . فەرمووی : ( أذكريهما علي ) . فەرمانی دا بڕۆیت خوازبێنییان بکات. ئەڵێت : هاتمە لای ئوم ڕوومان و وتم : ئوم ڕوومان! خوا چ خێر و بەرەکەتێکی بۆ ناردوون؟ وتی : چییە؟ وتم : پێغەمبەری خوا ρ باسی عائیشە ئەکات . وتی : چاوەڕوان بکە ، ئەبوبەکر دێتەوە . ئەبوبەکر هاتەوە و باسەکەم بۆ کرد و ، ئەویش وتی : جا بۆی ئەشێت ، کە برازایەتی ؟ پێغەمبەری خوا ρ فەرمووی : ( أنا أخوه وهو أخي وابنته تصلح لي ) . فەمووی : من برای ئەوم و ئەویش برای منە و کچەکەشی بۆم ئەشێت . ئەبوبەکر هەستا و ڕۆیشت . جا ئوم ڕوومان پێمی وت : موطعیمی کوڕی عەدیی بۆ کوڕەکەی ناوی بردووە و بەخوا ئەمیش هەرگیز بەڵێنی خۆی نەشکاندووە. ئەلێت : ئەبوبەکر چووە لای موطعیم و پێی وت : لە بارەی ئەو کچەوە چی ئەڵێیت ؟ ئەڵێ : ڕووی لە ژنەکەی کرد و وتی : چی ئەڵێیت؟ ژنەکەی ڕووی کردە ئەبوبەکر و وتی : لەوانەیە ئەگەر ئەو کوڕەمان کچی تۆی بۆ مارە بکەین بیبەیتە سەر دینەکەی خۆت. ئەبوبەکر ڕووی لە پیاوەکە کرد و وتی : ئەی تۆ چی ئەڵێیت ؟ موطعیم وتی : ئەوەتا ئەوە ئەڵێت کە ئەیبیستی . جا ئەبوبەکر هەستا و هیچی لە بەڵێنەکە لە دڵیا نەما و بە خەولەی وت : بە

□

پێغەمبەری خوا ρ بلّێ با بێت . ئەوەبوو تەشریفی هێنا و لێی مارە بڕیی .

پێغەمبەری خوا ρ دوای مارەبڕینی عائیشە خێرا نەیگواستەوە، ئەمەش یەکەم لەبەر منداڵیی عائیشە و، دووهەم لەبەر ئەو هەموو مەینەتەی کە ئەهاتە رێی پێغەمبەری خوا ρ بە بۆنەی بانگی ئیسلامەوە و، سێهەم بە بۆنەی کۆچکردنیەوە بۆ مەدینە .

ئەوە بوو پێغەمبەری خوا ρ لەگەڵ ئەبوبەکردا خوا لێی رازیی بێ پێکەوە کۆچیان بۆ مەدینە کرد و ماڵ و منداڵی هەردووکیان لە مەککە مانەوە هەتا لە مەدینە دامەزران و ، پاشان ناردیان بە دوای ماڵ و منداڵەکانیاندا . جا وا خاتوو عائیشە خۆی باسی کۆچ کردنمان بۆ ئەکات :

کە پێغەمبەری خوا ρ کۆچی بۆ مەدینە کرد ، ئێمەش و کچەکانیشی بەجێ هێشتن . کە گەیشتە مەدینە زەیدی کوڕی حاریثە و ئەبوڕافیعی ناردن بە دواماناو، دوو و شتر و پێنج صەد درهەمی دابوونێ کە لە ئەبوبەکری وەرگرتبوون ، تا بو هەڵگرتنی چییان پێویستە بیکڕن و، ئەبوبەکریش عەبدوڵلای کوڕی ئورەیقطی لەیثیی بە دوو یان سێ و شترەوە لەگەڵیانا ناردبوو و ، نامەشی بۆ عەبدوڵلای کوڕی ناردبوو و فەرمانی بە سەردا دابوو کە ماڵ و منداڵەکەی : ئوم روومان و من و ئەسمائی خوشکم رەوانە بکات.ئەوە بوو (لە مەدینەوە ) دەرچوون و کە گەیشتنە ( قودەید ) ، زەید بە پارەکە سێ و شتری کڕین و ، پاشان چوونە ناو

---

فی النبلاء .

مەككەوە . دەبینن وا طەلحە ئەیەوێ كۆچ بە ماڵ و منداڵی ئەبوبەكر بكات . هەموومان دەر چووین و زەید و ئەبوڕافیعیش فاطیمە و ئوم كولثووم و سەودە و ئوم ئەیمەن و ئو سامەیان خ ستنە ڕێ و، هەموومان یەكمان گرت ، تا گەیـ شتینە ( بیض ) ، لەوێ و شترەكەی من ون بوو كە دایكم لە پێ شمەوە لە كەژاوەیەكدا بوو ..ئەوە بوو دایكم ئەی وت : ك چەكەم ڕۆ .. بووكەكەم ڕۆ .. هەتا بە و شترەكەمان گەیـ شتن و ، كە گەیشتین مزگەوت دروست ئەكرا..[1]

لە ریوایەتێكی تردا ئەمە بە روون تر ئەگێڕێتەوە ، ئەڵێت :

كۆچمان ئەكرد ، ئەوەبوو لە ڕێی ( ثنية ضعينة ) وە ڕۆیـ شتین . ئەو وشترەی كە من سواری بووم زۆر ناڕەحەت سڵەمیەیەوە.. دە بەخوا قسەی دایكم لە بیر ناچێتەوە كە ئەی‌وت : بووكەكەم ڕۆ .. وشترەكەم سەری لێ شێوا بوو .. لەو كاتەدا گوێم لە دەنگێك بوو وتی : لغاوەكەی فڕێ بدە. منیش فڕێم دا ....[2]

دوای دوو ساڵ لە كۆچكردن ، لە حەڤدەی رەمەزاندا جەنگی بەدر رووی دا.. ئەوەبوو خوای گەورە دە سەلاتی بە پێغەمبەرەكەی ρ بەخ شیی و بە سەر بتپەر ستاندا زاڵی كرد و، گەورە پیاوانیان لە مەیدانی جەنگدا بێ سەر كەوتن.. ئەوەی كوژرا كوژرا و، ئەوە شی بە دیل گیرا بە دیل گیرا .. بەمە ڕۆژی بەدر بووە ڕۆژێكی ناوداری مێژووی ئی سلام .. پێغەمبەری خواش ρ بەم سەركەوتنەی خوا زۆر شادمان بوو و، مو سڵمانانیش سوپا سێكی بێ‌پایانی پەروەردگاریان كرد وا پشتی قوڕەیشی ملهوڕی بۆ

---

[1] سير أعلام النبلاء.

[2] الطبراني ، و قال في مجمع الزوائد: إسناده حسن.

□

دان ـبە زەویی‌دا.. دوای ئـەمە پێغەمبەری خوا ρ ـبە کاتێکی گونجاوی زانی تا عائیشەی مارە بڕاوی بگوازێتەوە، کە خۆشەویستترین هاوسەری بوو دوای خاتوو خەدیجە.. بەمە لە مانگی شەووالی ساڵی دووهەمی کۆچیی‌دا خاتوو عائیشە، لە تەمەنی نۆ ساڵیی‌دا، کە بۆ ئەو کات و دەور و بەرە تەمەنێکی ئاسایی و گونجاو بووە ، گوازرایەوە بۆ ماڵی پێغەمبەری خوا ρ .

ئەمە ڕووداوێکی یەکجار مەزن و سەنگین بوو لە دڵی عائیـشەدا کە بوو بووە هاو سەری گەورەترین پیاوی سەرزەویی.. لەبەر ئەوە مانگی شەووالی خۆش دەویـست و دەی‌وت: پێغەمبەری خوا ρ لە شەووالدا مارەی بڕیم و، لە شەووالیشدا گوا ستمیەوە . جا چ هاو سەرێکی تری پێغەمبەری خوا ρ بە لایەوە لە من خۆشەویستتر بووە؟..[ﷺ]

خاتوو عائیـشە ئەو ڕۆژەی هەرگیز لە یاد نەدە چوو ، بەڵکو وردترین ڕووداوی لە یاد نەدە چوو. ئەڵێت : ( لە شەش ساڵیی‌دا پێغەمبەری خوا ρ مارەی کردم و، لە نۆ ساڵییشدا گوا ستمیەوە . ئەڵێت : کە هاتینە مەدینەوە مانگێك‌ـ‌نەخۆ شیی و ـئازار بووم، تا ـئەوە بوو ـقژی سەرم ڕوو‌تـانەوە. ڕۆژێکیان ئوم ڕوومان هاتە لام و منیش ـلەگەڵ دە ستە خو شکانمدا سواری جۆلانە بوو بووم. هاواری لێکردم و، منیش هاتم بە دەمیەوە و، نە شم دەزانی منی بۆ چیە . دە ستی گرتم تا هێنامیە دەرگاکە و وەستاندمی.. منیش وتم: هە.. هە هەتا هەناسەکەم وەستایەوە و، بردمیە ماڵێکەوە کە چەند ژنێکی ئەنـ صاریی لەوێ بوون و وتیان :

---

[ﷺ] مسلم

□

لەسەر خێر و بەرەکەت و بە بەختێکی چاکەوە. ئیتر دامیيە دەستیان و، هەر ئەوەندەم زانیی ئەوانیش سەریان شۆردم و ڕێك و پێکیان کرد. بۆ چێشتەنگاو پێغەمبەری خوا ρ تەشریفی هێنا و، دامیانە دەستی ). [سمتر]

لە فەرموودەیەکی تردا خاتوو عائیشە باسی دەعوەتی بووك گواستنەوە ئەکات و ئەڵێت : نا بە خوا نە حوشتر و نە مەڕم بۆ سەر نەبڕان. بەڵکو سەعدی کوڕی عوبادە قاپێکی گەورەی خۆراکی بۆ پێغەمبەری خوا ρ ئەنارد و، ئەویش بە سەر ژنەکانیدا دابەشی ئەکرد. ئەو ڕۆژەش هەواڵم زانی کە ناردوويەتی. پێغەمبەری خواش ρ ماست و خۆراکی پێشکەش بە میوانەکانی کرد ..

پێغەمبەری خوا ρ لە ژوورێکدا عائیشەی دانا کە بە مزگەوتەوە نووسابوو و، یەکێکیش بوو لەو ژوورانەی کە لەگەڵ دروستکردنی مزگەوتدا بۆ خۆی درووستی کردن .

ئەوە بوو لەسەردەمی وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیكدا مزگەوت گەورە کراو ئەو ژوورانەش خرانە سەر مزگەوت ، بەڵام سەعیدی کوڕی موسەییەب بە ئاوات بوو کە ئەو ژوورانە کە ئەوپەڕی سادەییان پێوە دیار بوو هەر بمانایە، تا خەڵکیی ئەوەندە باوە شیان بە دنیادا نەکردایە و خەریکی بنیاتنانی کۆشك و تەلار نەبوونایە و، سەرنجێکی خانوو بەرەی پێغەمبەری نازداریان ρ بگرتایە.

ئەو ژوورەی خاتوو عائیشە بە ( مهبط الوحي ) ناسراوە ، چونکە وەحیی زۆری تێدا هاتووە بۆ پێغەمبەر ρ و، دەرگاکەشی لەسەر مزگەوت

---

[سمتر] متفق علیه واللفظ لمسلم.

بوو. داخۆ  چەند جار پێغەمبەری نازدار ρ لە کاتی ئیعتیکافدا لە نزیکی ئەو دەرگایەوە سەری درێژ کردبێ بۆ ژوورەوە تا عائیشە سەری بۆ بشوات یان بۆی شانە بکات ؟

چا وەك ژوورەکەیان  سادە بوو ، ئەوا کەل و پەلێکی یەکجار کەم و سادەشیان بووە. هەتا لە سەرەتادا یەك نوێنیان بووە و چراشیان نەبووە کە ئەو رۆژە چرایان زەیتی بۆ بەکار هاتووە . کە پرسییان : بۆچ ژوورەکەتان چرای تێدا نەبوو؟ وەلآمی دانەوە کە ئەگەر رۆنی چرایان بوایە ، لە جیاتی ئەوەی بۆ چرا بیسووتێنن ، خۆیان ئەیانخوارد..

لە بارەی ژیان و گوزەرانیشەوە خاتوو عائیشە بۆ عوروەی خوشکەزای باس ئەکات کە لە ماوەی دوو مانگدا لە ماڵەکانی پێغەمبەردا ρ ئاگر نەکراوەتەوە، کە ئەڵێت : ( إبن أختي إن كنا ننتظر إلى الهلال ثم الهلال ، ثم الهلال ثلاثة أهلة في  شهرين وما أوقدت في أبيات ر سول الله ρ نار ). عوروە ئەپرسێت : ئەی بە چیی ئەژیان؟ ئەڵێ : ( الأسودان : التمر والماء ، إلا أنه قد كان لر سول الله ρ جيران من الأنـ صار ، وكانت لهم منائح ، وكانوا يمنحون رسول الله ρ من ألبانها فيسقينا ) .[1] ئەڵێت : خورما و ئاومان ئەخواردن ، بەلآم  چەند دراو سێیەکی ئەنـ صارییمان هەبوون کە شیریان بۆ پێغەمبەری خوا ρ ئەنارد و دەرخواردی ئەداین.

کاتێکیش کە پرسیاری لێ کرا : ئایا پێغەمبەر ρ قەدەغەی لەوە ئەکردن کە لە  سێ رۆژ زیاتر گۆشتی قوربانی نەخۆن ؟  وەلآمی دایەوە: تەنها لە ساڵێکدا کە خەڵکیی بر سییان بوو ئەو کارەی کرد . وی ستی دەوڵەمەند

---

[1] رواه البخاري .

نان بە هەژار بدات ، ئەگەر چیی لوولاقمان هەڵ ئەگرت و دوای پانزە رۆژ ئەمان خوارد . وترا : چیی نا چاری ئەوەی ئەکردن؟ خاتوو عائیشە پێکەنی و وتی : لەو کاتەوە کە خاو خێزانی محمد ρ هاتنە مەدینەوە سێ شەو لەسەر یەك ، هەتا بەخوا گەیشتەوە ، لە نانی گەنم تێر نەبوون ..[1]

وا خاتوو عائیشە خوا لێی رازیی بێ با سێکی ماڵەکەیمان بۆ ئەکات : ( کە پێغەمبەری خوا ρ کۆچی دوایی کرد هیچ شتێك لە ماڵەکەمدا نەبوو کە گیانلەبەرێك بیخاتە بەر دڵی ، جگە لە کەمێك جۆ لە سەر رەفەیەك .. هەتا ماوەیەکی دوور و درێژ لێم خوارد ..ئەوەبوو پێوانەم کرد ئیتر تەواو بوو ) .[2]

ئەمە کەراماتی خاتوو عائیشەیە و ، خوای گەورە بەرەکەتی بە سەر قوتابیی قورئاندا رژاندووە..

ئەنەسی خزمەتگوزاری پێغەمبەر باسی ژیان و گوزەرانی پێغەمبەری خوا ρ ئەکات و ئەڵێت :

نانی جۆ و رۆنی تواوەی تام گۆڕاوم بۆ پێغەمبەر ρ برد. ئەوە بوو دیرعێکی ، لە بری بیست مشت خۆراك کە بۆ ماڵ و منداڵی وەرگرتبوو، بە بارمتە دانابوو و، رۆژێکیش گوێم لێی بوو کە ئەیفەرموو: ( ما أمسى عند آل محمد صاع من تمر ولا صاع من حب ).

ئەفەرموێ : ئێوارەیەك نەبووە مەنێك خورما یان مەنێك دانەوێڵە لە لای ماڵ و خێزانی موحەممەد ببێت.

---

[1] مختصر البخاري ( [illegible] ) .

[2] رواه البخاري.

□

لەو کاتەشدا نۆ هاوسەری بوون :ﭬ

دایکانی ئیمانداران خوا لە هەموویان رازیی بێ ،بەو هەموو ئیمان و پەروەردەیانەوە ، گوزەرانی تاڵ و نەبوونیی تەنگی پێ هەڵ چنین،لەبەر ئەوە ناچار بوون داوای مەسرەفی زیاتر لە پێغەمبەری خوا ρ بکەن ..
دنیا کامەیە ئەوان بیانووی بۆ بگرن؟ ئەوان یەکەم بنەماڵەن کە مەڵبەندی ئیمان و تەقوا بن..ئەوان پێویستە چاو لە قیامەت کلا نەکەن..لە لەبەر ئەوە لێیان تووڕە بوو و لە ژوورێکی بەرزیدا کەناری گرت و وازی لە هاو سەرەکانی هێنا..ئەوەبوو خوای گەورە فەرمانی بە سەردا دا تا هاوسەرانی سەرپشکی ئەوە بکات کە : یان لە یەك جیا ببنەوە و بچن بۆ لای ئەو کەسەی کە ئەتوانێ ژیان و گوزەرانی دنیایان بۆ دابین بکات ، یان لە سەر دە ست کورتیی و گوزەرانی تاڵ ئارام بگرن ، تا خوای گەورە پادا شتی زۆریان پێ بدات .. ئەوە بوو ئەوانیش خوا لێیان رازیی بێ خوا و پێغەمبەر و قیامەتیان هەڵ بژارد و ، وازیان لە دنیا هێنا. خوای گەورەش خێر و بەرەکەتی دنیا و بەختەوەریی قیامەتی پێشکەش کردن.

ئەوە بوو پێغەمبەری خوا ρ یەکەم جار لەگەڵ عائیشەدا وت و وێژی کرد و فەرمانی بە سەردا دا پەلە نەکات تا پرس بە باوك و دایکی بکات ، چونکە ئەیزانی ئەوان بڕیاری جیابوونەوە نادەن . پاشان ئایەتە پیرۆزەکەی بۆ خوێندەوە کە خوای گەورە فەرمانی بەسەر پێغەمبەرەکەیدا داوە تا بە خێزانەکانی بفەرمویێ :ئەگەر زرق و برقی دنیایان ئەوێ ، ئەوا

ﭬ رواه الترمذي وأخرجه البخاري.

□

ـبا بێن ـبه ‌ شێوه‌یه‌كی جوان و ڕێك و پێك جیا ببنه‌وه و ، گه‌ر خوا و پێغه‌مبه‌ره‌كه‌ی و قیامه‌تیشیان ئه‌وێ ئه‌وا خوای گه‌وره پادا شتی زۆری بۆ چاكه‌كارانیان ئاماده كردووه كه ئه‌فه‌رموێ :

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ قُل لِّأَزْوَٰجِكَ إِن كُنتُنَّ تُرِدْنَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا وَزِينَتَهَا فَتَعَالَيْنَ أُمَتِّعْكُنَّ وَأُسَرِّحْكُنَّ سَرَاحًا جَمِيلًا ﴿٢٨﴾ وَإِن كُنتُنَّ تُرِدْنَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَٱلدَّارَ ٱلْـَٔاخِرَةَ فَإِنَّ ٱللَّهَ أَعَدَّ لِلْمُحْسِنَـٰتِ مِنكُنَّ أَجْرًا عَظِيمًا﴾ ( الأحزاب : □□ـ□□ ) .

عائیشه‌ش خوا لێی رازیی بێ ئه‌ڵێت : وتم : له كامه‌ی‌دا پرس به دایك و ـباوكم ـبكه‌م ؟ من خوا و پێغه‌مـه‌ره‌كه‌ی و قیامـه‌تم ـئه‌وێت . ـئه‌ڵێت : پاشان هه‌موو هاوسه‌ره‌كانی تری پێغه‌مبه‌ری خوا ρ وه‌ك منیان كرد .[□]

پێغه‌مـبه‌ری خوا ρ ـله‌گه‌ڵ ـئه‌و ـهه‌موو ـئه‌ركه‌ی ‌ سه‌ر ‌ شانی‌دا مافی دڵخۆشكردنی هاوسه‌ره‌كانی له یاد نه‌ئه‌كرد..

له‌و حاڵ و گوزه‌رانه ‌ ساده‌یه‌دا به ده‌میانه‌وه پێئه‌كه‌نیی و پێی‌خۆش بوو شادمان و دڵگوشاد بن ..

رۆژێكیان عائیـ ‌ شه خواردنێك بۆ پێغه‌مبه‌ری خوا ρ لێئه‌نێت . كـه ئه‌ی‌هێنێ به سه‌وده خوا لێی رازیی بێ ، كه له‌ولای پێغه‌مبه‌ره‌وه ئه‌بێت، ئه‌ڵێت : بخۆ. ئه‌ویش ناخوات . عائیـ ‌ شه ئه‌ڵێت : یا ئه‌بێ بخۆیت، یان له ده‌م و ‌ چاوتی هه‌ڵ ئه‌ سووم. هه‌ر ناخوات . عائیـ ‌ شه به جوانیی ده ‌ست ئه‌خاته چێشته‌كه و له ده‌م و چاوی سه‌وده‌ی هه‌ڵ ئه‌سوێ و پێغه‌مبه‌ریش ρ ده‌ست به پێكه‌نین ئه‌كات و، فه‌رمانیش به‌سه‌ر سه‌وده‌دا ئه‌دا تا ده‌م و

---

[□] متفق عليه واللفظ لمسلم. وانظر تفسير ابن كثير □/□□□.

چاوی عائیشە لە چێ شتەکە هەڵ بسوێ. ئەویش وا ئەکات و، پێغەمبەریش ρ دەست بە پێکەنین ئەکات ....[1]

لە ئیش و کاری ماڵەوەشدا پێغەمبەری خوا ρ یارمەتیی هاو سەرەکانی ئەدا.. ئە سوەدی کوڕی یەزید پرسیار لە خاتوو عائیشە ئەکات : پێغەمبەر ρ لە ماڵەوە چیی ئەکرد؟ ئەڵێت: یارمەتیی هاو سەرەکەی ئەدا، جا کە گوێی لە دەنگی بانگ بوایە ئەوا تەشریفی بۆ نوێژ ئەبرد ..[2]

لەگەڵ ئەوەشدا هیچ توند و تیژییەکی بەکار نەئەهێنا ، بەڵکو نەرم و نیان و خاوەن بەزەیی و شەفەقەت بوو.. بە رادەیەك ، کە وەك خاتوو عائیشە ئەیگێڕێتەوە، بە دەستی خۆی لە هیچ کەسی نەداوە، نە ژن و نە خزمەت گوزار، مەگەر لە کاتی جیهاددا..[3]

لە هەمان کاتدا بۆ موعامەلە و هەڵس و کەوت بە یەك چاو سەیری هاو سەرەکانی ئەکرد و، هەرکاتێك سەفەری لەبەر دەمدا بوایە قورعەی بۆ ئەکردن تا بزانێ کامیان لەگەڵ خۆیدا بەرێت بۆ ئەو سەفەرە.. ئەگەر شتێکیشی بە سەریاندا دابەش بکردایە، ئەوا بە عەدالەت بەشی ئەکرد و ئەشی فەرموو: ( أللهم هذه قسمتي فيما أملك، فلا تلمني فيما تملك ولا أملك ) .[4] يعني الحب.

---

[1] رواه أبو يعلى، ورجاله رجال الصحيح خلا محمد بن عمرو حديثه حسن كما في مجمع الزوائد.

[2] رواه البخاري.

[3] رواه مسلم. و بكامله في مسند عائشة..

[4] رواه أصحاب السنن من حديث عائشة..

□

ئەفەرمویٚ : خوایە! من لە عەدالّەت ئەمەندەم لە دە ست دایە. داوا کارم لە سەر ئەوەی کە لە دە ستی تۆدایە و من دە ستەلاٌتم تێیدا نیە گلەییم لیٚ نەکەیت . واتە لەسەر سۆز و خۆشویستنی دڵ..

ئەوەبوو عائیشەی لە ناو هەموو هاوسەرەکانیدا زیاتر خۆش ئەویست. هاوەلاٌنیش هەستیان بەمە ئەکرد ، بۆیە ریٚزی تایبەتی‌یان بۆی دائەنا..

پیاویٚك لەلای عەماری کوڕی یا سیردا قـسەی بە عائیـشە وت .. خیٚرا عەمار خوا لیٚی رازیی بیٚ وەلاٌمی دایەوە : بە نا شیرینیی و رەزای تالّەوە لەبەر چاو ون بە .. ئەوە ئازاری خۆشەویستەکەی پیٚغەمبەری خوا ئەدەیت !؟

هاوەلاٌن ئەیانزانیی خۆ شەوی ستیی عائیـشە لە دلّی ئازیزدا ρ چۆن رەگی داکوتاوە ، بۆیە ئەوانیش هەرکە سیان بیـویـ ستایە دیارییەك بۆ پیٚغەمبەری خوا ρ بنیٚریٚت ، چاوەڕوانیی ئەکرد تا ئەو رۆژەی کە لە مالّی عائیـشەدا بوایە، ئەوسا ئەی‌نارد.. هەموو دایکانی ئیمانداران هە ستیان بەمە کرد کە هەرچی پیٚ شکە شییە بۆ مالّی عائیـشە ئە چیٚت . بۆیە هەموویان لەلای ئوم سەلەمە کۆبوونەوە و وتیان : ئوم سەلەمە! بەخوا خەلّکەکە هەولّ ئەدەن لە رۆژی عائیشەدا دیاریی بنیٚرن.. جا وەك عائیشە خیٚری ئەویٚ ئیٚمەش ئەمانەویٚ.. برۆ بە پیٚغەمبەری خوا ρ بلّیٚ تا فەرمان بە خەلّکەکە بدات هەر رۆژیٚك بیٚت و هەر چۆنیٚك ریٚك ئەکەویٚ دیاریی بنیٚرن.

کە ئوم سەلەمە ئەمە بۆ پیٚغەمبەر ρ باس ئەکات، رووی لیٚ وەرئەگیٚڕیٚ . کە بۆ دووهەم جار دیٚتەوە بۆی باس ئەکاتەوە دیـ سان رووی لیٚ وەردەگیٚڕیٚ و، کە بۆ سیٚهەم جار باسی ئەکاتەوە، ئەفەرمویٚ : ( یا أم

سلمة ! لا تؤذيني في عائشة ، فإنه والله ما نزل علي الوحي وأنا في لحاف امرأة منكن غيرها ) .[1] ئەفەرموێ : ئوم سەلەمە! بە باسکردنی عائیشە ئازارم مەدە.. دە بەخوا جگە لەو لە ژێر لێفەی هیچ ژنێکتاندا وەحییم بۆ نەهاتووە..

ئەمەیە هۆی زۆر خۆش ویستنی .. ئاسمان لە عائیشە زۆر رازییە، بۆیە پێغەمبەری خواش ρ زۆری خۆش ئەوێت ! ئیمانی زۆر بەهێزە، بۆیە وا بەرێزە ، چونکە ترازووی دڵی پێغەمبەر ρ ترازووی قورئانە!!

لە ترازووی خوای پەروەردگاردا عائیشە ئەوەندە پایەدار بووکە بە فەرمانی خوا ببێتە هاو سەری پێغەمبەرەکەی و، جیبریلیش سەلامی بۆ دەهێنا و پێغەمبەری خواش ρ هەواڵی ئەوەی دەدایێ و عائیشەش دەی وت: ( وعليه السلام ورحمة الله وبركاته ، ترى ما لا أرى ) .[2] هەروەها لە دوای غەزای خەندەق ، چاوی بە جیبریل سەلامی لێ بێ کەوت کە هاتە خوارەوە و فەرمانی بە سەر پێغەمبەردا ρ دا تا روو لە یەهوودی نەوەی قورەیزە بنێت.

بەڵێ، هەر چەندە ژیان و گوزەرانی عائیشە لەگەڵ پێغەمبەردا ρ سەخت بوو ، کە چیی دوای کۆ چی دوایی پێغەمبەری خوا ρ ئەگریا و هەنا سەی بۆ ئەو ژیانە لەگەڵ پێغەمبەردا ρ هەڵ ئەکێشا و بە تا سەوە بوو بۆی و، ئەیوت: هەرکەی لە دوای پێغەمبەر ρ لە خواردن تێر بووبم

---

[1] رواه البخاري.

[2] متفق عليه.

ئەوا ئەگەر وێ ستبێتم تێر گریاوم ، چونکە خاوخێزانی محمد ρ هەتا کۆچی دوایی کرد تێر نەبوون.[1]

ئەمەیە خانەوادەی نموونەیی بۆ مو سڵمانان.. ئەمەیە مەڵبەندی رۆ شنبیریی بۆ ئیمانداران .. ئەبێت بە هیممەتی مەردانەوە چاولەو قوتابخانە مەزنە بکرێت، ئەوسا دە ست بدرێتە بانگ بۆ ئیسلام .. ئەبێت کۆمەڵێك ببنە جێنـ شینی را ستەقینەی پێغەمبەر و عائیـ شە، ئەو سا ئەوانە ئالآی بانگەواز بەرز بکەنەوە!!

ئای کە زۆرمان ماوە و، ئای کە پەلەکاران بە سادەیی سەرنجی ئیسلام ئەگرن !!

---

[1] حلية الأولياء لأبي نُعيم الأصبهاني ، ٢ / ٤٦.

□

# بوختانی مونافیقان

لە پێشەوە باسی ئەوە کرا کە پێغەمبەری خوا ρ یەکەم کەسی دوای ئەبوبەکر خۆش ویستبێ عائیشە بووە ، کە ئەویش لەبەر ئیمانە کامڵ و تەقوا بێوێنەکەیان .. ئیتر لە سەرانسەری ژیانی عائیشە لەگەڵ پێغەمبەردا ρ ئەم خۆشەویستییە رەنگی دابوویەوە . تا ئەوەبوو مونافیقان ـ کە هەردەم لە پیلاندا بوون دژی ئیسلام و پێغەمبەرەکەی ـ بوختانێکی نەشیاویان بۆ عائیشە کرد و ماوەیەك دڵە پاکەکەی پێغەمبەری خوا ρ خەمبار بوو ،تا سەرەنجام خوای خاوەنی سۆز و شەفەقەتی بێ سنوور قورئانی پیرۆزی نارد و بێتاوانیی خاتوو عائیشەی خستە روو!

سوپاس بۆ خوای خاوەنی سۆز و بەزەیی ، کە رەنجی هیچ بەندەیەکی دڵسۆزی لە یاد نا چێت و ، لە کاتی پێویستیشدا فریای لێقەوماوان و هانابەران ئەکەوێت ..

عائیشە کە چاوی بە دنیا هەڵ هێنا سەیری کرد باوکی و دایکی یەکەم خێزانی ئیمانداری شوێنکەوتووی پێغەمبەریان ρ دروست کردووە. ئەویش چاوی لێ کردن و لەگەڵیانا دەستی دایە خواپەرستیی .. کەچیی مونافیقان کەوتنە چرپ و چاپ دژی ئیسلام و موسڵمانان و ئەو بوختانە نەشیاوەیان بۆ هەڵبەست ..لەو رووداوەدا عائیشە تووشی تاقیکردنەوەیەکی یەکجار سەخت بوو .. بە راستیی پەڵە هەورێکی چڵکن ئاسمانی خانەوادەی پێغەمبەری ئازیزی داپۆشیی ..

□

وا عائیـ شه خوا لێی رازیی بیٚ خۆی با ـسەکە ئەگێڕێتەوە : ( هەر کە پێغەمبەری خوا ρ بیویـستایە لە ماڵ دەربچیٚ لە نێوان هاوسەرەکانیدا قورعەی ئەکرد، جا قورعەی هەرکامیان دەر ـچوایە پێغەمبەری خوا ρ لەگەڵ خۆیدا ئەیبرد.. ئەوەبوو لە یەکێك لە غەزاکاندا[1] قورعەی بۆ کردین و، قورعەی من دەرچوو و، لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ρ دەرچووم، ئەمەش دوای ئەوەی کە فەرمان بە پۆ شتەیی ئافرەتان درابوو.. منیش لە کەژاوەکەمدا سوار ئەکرام و دائەبەزێنرام . ئەوەبوو رۆیشتین تا پێغەمبەری خوا ρ لەو غەزایەی لیٚبوویەوە و گەڕایەوە . کە لە گەڕانەوەماندا لە مەدینە نزیك کەوتینەوە ، شەوێکیان فەرمانی بە کەوتنە ریٚ دا.. کە فەرمانی کەوتنە ریٚ درا، هەستام و رۆیشتم تا لە سوپاکە تێپەرم کرد. کە کارم تەواو بوو هاتمەوە بۆ لای بارخانەکەم، ئەبینم ملوانکەیەکم، کە لە بەردی ( أظفار )[2] درو ست کرابوو ، پ چڕاوە، منیش بۆی گەڕام و ، بەو گەڕانە شم درەنگم پیٚ بوو. جا ئەوانەی کە کەژاوەکەی منیان لە و شترەکە ئەنا هاتن و کەژاوەکەمیان هەڵگرت و، نایانە سەر ئەو وشترەی کە سواری بوو بووم و، وایان ئەزانی لە ناو کەژاوەکەدام و، ئەو کاتە ژنان سووك بوون ، گۆ شت قور سی نەکردبوون، چونکە خواردنی کەمیان ئەخوارد ، لەبەر ئەوە سووکیی کەژاوەکە ،بە لای پیاوەکانەوە سەیر نەبوو کاتیٚ کە بەرزیان کردەوە ، منیش کچۆڵەیەکی منداڵ بووم، وشترەکەیان هەڵساند و کەوتنە ریٚ. دوای ئەوەی کە سوپا کەوتە ریٚ منیش ملوانکەکەم دۆزییەوە و، هاتمەوە بۆ جێی مو سڵمانەکان و، سەیرم کرد کە سی لیٚ

[1] غەزای ( بني المصطلق ) بووە.

[2] شارێکە لە یەمەن.

□

نەماوە. رووم لەو جێگەیە نا کە لێی بووم و ، وام زانی ئەزانن بەجێ ماوم و بە دواما ئەگەڕێنەوە. جا کاتێ کە لەو شوێنەمدا دانیشتبووم خەو زۆری بۆ هێنام و خەوتم..

ئەوەبوو صەفوانی کوڕی موعەططەلی سەلەمیی زەکوانیی لە دوای لە شکرەکەوە بوو لە ئاخری شەودا کەوتبووە رێ ، تا لە لای جێگەکەی مندا رۆژی لێ بوو بۆوە و، تارمایی مرۆڤێکی خەوتووی بەدیی کرد بوو..

بەرەو رووم هات ، کە بینیمی نا سیمی، چونکە پێش هاتنی ئایەتی حیجاب چاوی پێم ئەکەوت .. کە ناسیمی بە ( إنا لله و إنا إليه راجعون ) ی ئەو بەخەبەر هاتم .. خێرا بە بەرگەکەم دەم و چاومم داپۆ شیی.. دە بەخوا ، نە وشەیەك قسەی لەگەڵدا کردم و، نە منیش ، جگە لە ( إنا لله وإنا إليه راجعون ) ەکەی، وشەیەکم لێ بیست .. ئەوە بوو وشترەکەی ییخ دا و پێی نا بە سەر هەردوو دە ستی و شترەکەدا و منیش سواری بووم .. جڵەوی و شترەکەی راکێ شا و کەوتە رێ هەتا گەیـ شتینە لای سوپا دوای ئەوەی لە کاتی گەرمای نیوەڕۆدا باریان لێخستبوو . ئیتر ئەوەبوو ئەوەی کە تیا چوو تیا چوو . عەبدوڵلای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلوولیش بوو کە کاری سەرەکیی و گرنگی ئەو بوختانەی ئەنجام دا.

هاتینەوە مەدینە .. کە گەیشتم مانگێك نەخۆش کەوتم و، خەڵکییش وتەی ئەهلی ئیفکیان دووبارە ئەکردەوە و ، منیش هەستم بە هیچێ لەوە نەئەکرد و ، ئەوەش کە منی ئەخ ستە گومانەوە لە نەخۆ شییەکەما ئەوەبوو ئەو لوطفەم بە پێغەمبەری خواوە ρ نەئەدی کە جاران کاتێك نەخۆش بوومایە ئەم دی . هەر ئەوەندە پێغەمبەری خوا ρ ئەهاتە ژوورەوە لام و سەلامی ئەکرد و پاشان ئەیفـەرمـوو : ( کیف تیکم؟ ) .

□

ئەی فەرموو : نەخۆ شەکەتان چۆنە؟ پا شان ئەڕۆی شت.. ئیتر ئەوە ئەی‌خستمە گومانەوە و هەستیشم نەئەکرد .. هەتا ئەوەبوو دوای ئەوەی کەمێك چاك بوومەوە و لە ماڵ دەر چووم و، ئوم میـ سطەحیش لەگەڵما هات بۆ جێی دەست بە ئاو گەیاندنمان ، کە تەنها بە شەودا بۆی ئەچووین . ئەمەش پێش ئەوەی لە نزیك ماڵەکانماندا ئاودە ست درو ست بکەین . هەروەك عەرەبی پێشوو وا بووین و لەوە بێزاربووین کە لە لای ماڵەکانماندا ئاودەست دروست بکەین .....

من و ئوم میـ سطەح ڕوومان لە ماڵەوە ناو ، ئوم میـ سطەح پێی لەو بەرگەی کە لە بەریا بوو هەڵەنگوت و وتی : دەك ملی میـ سطەح بـ شکێ. منیش پێم وت : شتێکی خراپت وت .ئایا جنێو بە پیاوێك ئەدەی کە ئامادەی بەدر بووبێ ؟ وتی : ئەی فلانە! بۆ نەتبیستووە کە چیی وتووە؟ وتم : چیی وتووە؟ ئەوەبوو دەنگ و با سی ئەهلی ئیفکی بۆ گێڕامەوە و، ئەوەندەی تر نەخۆشییەکەم زیادی کرد.

کە گەڕامەوە ماڵەوە ، پێغەمبەری خوا ρ تە شریفی هاتە ژوورەوە لام و سەلامی کرد و پا شان فەرمووی : ( کیف تیکم؟ ) منیش وتم : ئیزنم ئەدەی سەر لە دایك و باوکم بدەم ؟ ئەڵێت : ئەو کاتە دەمویست لای ئەوان تەحقیقی هەواڵەکە بکەم . ئەڵێت : پێغەمبەری خوا ρ ئیزنی‌دام و ، هاتمە لایان و بە دایکمم وت : دایە گیان ! خەڵکیی با سی چیی دەکەن ؟ وتی : ک چی خۆم ! دان بە خۆتا بگرە . دە بەخوا ، کەم وابووە ژنێکی جوان لای پیاوێك بێت و خۆ شی بوێ و هەوێی هەبن، ق سەی زۆری لە بارەوە نەکەن . وتم : سبحان الله ! ئایا خەڵکیی ئەم با سەیان بی ستووە؟ ئەڵێت : ئەو شەوە هەتا بەیانیی هەر گریام بێ‌ئەوەی فرمێ سکی چاوم

عائشەی دێ دەبەدر

وشك ببنەوە و ، بێ ئەوەش خەو بچێتە چاوم ، هەتا ڕۆژم لێبوویەوە هەر ئەگریام..

ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ρ كاتێك كە وەحی وە ستابوو ، بانگی كردە عەلیی كوڕی ئەبوطالیب و زەیدی كوڕی حاریثە خوا لێیان رازیی بێ تا لە بارەی جیابوونەوە لەگەڵ هاو سەرەكەیدا راوێژیان پێ بكات. جا ئوسامەی كوڕی زەید چیی لە بارەی پاكیی هاوسەریەوە ئەزانی و چیی ڕێز و خۆ شەوی ستیی لە دڵیا بەرامبەری هەی بوو بۆ پێغەمبەری خوای ρ روون كردەوە و ، وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ! هاوسەرتە، جگە لە چاكە هیچ پێ نازانین .. بەڵام عەلیی كوڕی ئەبوطالیب فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا! خوا ژنی لێ قات نەكردووی . غەیری ئەو ژن زۆرن و ، گەر لە جاریەكە شی پر سیار بكەیت را ستییت پێ ئەڵێ.. پێغەمبەری خواش ρ بەریرەی بانگ كرد و فەرمووی : ( أي بريرة! هل رأيت من شيء يريبك؟ ) فەرمووی : ئەی بەریرە! ئایا تۆ هیچت بە عائیشەوە دیوە كە بكەویتە گومانەوە لێی ؟بەریرە وتی: بەو خوایەی كە تۆی بە حەق ناردووە ، جگە لەوەی كە كچێكی منداڵە و خەوی پیا ئەكەوێ و بزنی ناو ماڵیش دێن و هەویرەكەی ئەخۆن ، هیچ شتێكم پێوە نەدیوە كە بە عەیب لێی بگرم . ئیتر پێغەمبەری خوا ρ هە ستا و سەركەوتە چووە سەر مینبەر و داوای عوزری لە خەڵكەكە كرد بۆ سزادانی عەبدوڵڵای كوڕی ئوبەی كوڕی سەلوول . ئەڵێت : پێغەمبەری خوا ρ بە سەر مینبەرەكەوە بوو و فەرمووی: ( يا معشر المسلمين ! من يعذرني من رجل قد بلغني أذاه في أهل بيتي؟ والله ما علمت على أهلي إلا خيراً، و لقد ذكروا رجلاً ما علمت عليه إلا خيراً ، وما كان يدخل على أهلي إلا معي ) . فەرمووی :

مو   سڵمانان ! دەرحەق بە پیاوێ کە ئازاریم بەرامبەر بە ئەهلی بەیتم پێ گەییوەتەوە کێ عوزرم بۆ دێنێتەوە؟ دەبەخوا     چاکەنەبێ هیە   چم بە هاو  سەرمەوە نەدیوە و، پیاوێکیە  شیان ناو بردووە   چاکە نەبێ هیە  چم بەویشەوە نەدیوە و، لەگەڵ خۆیشمدا نەبێ نەهاتۆتە ماڵمەوە.

سەعدی کوڕی موعاذی ئەنـ صاریی هە ستا و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا! من لە   سەری عوزرت بۆ دێنمەوە . جا ئەگەر لە ئەوس بوو ئەوا لە ملی ئەدەم و، گەرلە برایانی خەزرەجیە   شمان بوو ئەوا فەرمانمان پێ ئەکەیت و فەرمانەکەت جێبەجێ ئەکەین . خێرا   سەعدی کوڕی عوبادە، کە   سەرداری خەزرەج بوو و، پێش ئەوە پیاوێکی   صالح بوو ، بەڵام لەو کاتەدا دڵی گەرم بوو بوو هەستا و بە سەعدی وت : سوێند بە خوا، درۆت کرد.. نایکوژی و ناشتوانی بیکوژی..

ئەوەبوو ئوسەیدی کوڕی حوضەیر، کە ئامۆزای سەعدی کوڕی موعاذ بوو، هە ستا و بە  سەعدی کوڕی عوبادەی وت :  سوێند بەخوا ، درۆت کرد، تۆ موونافیقی و بەرگریی لە موونافیقانیش ئەکەی .ئەوس و خەزرەج هەردووکیان پەلاماری یەکیان دا و هەتا نیازی ئەوەشیان کرد کە کوشتاری یەك بکەن و، پێغەمبەری خواش ρ لە   سەر مینبەر وە   ستا بوو، هەر خەریکی هێمن کردنەوەیان بوو ، هەتا بێدەنگ بوون ، ئەویش بێدەنگ بوو..

ئەو رۆژە هەروا مامەوە ، نە فرمێسکم و شك ئەبوونەوە و نە خەویش ئەچووە چاوم، دایك و باوکیشم لە لام بوون.. دوو شەو و رۆژێك هەر گریام بێ ئەوەی خەو بچێتە چاوم و فرمێسکم وشك ببنەوە.. دایك و باوکیشم وایانئەزانی کە گریان جەرگم لەت ئەکات .. جا لە کاتێکدا کە لە لام

دانیشتبوون و منیش ئەگریام ، ئافرەتێکی ئەنصاریی ماوەی خواست بێتە ژوورەوە لام ، منیش ماوەم دا.. دانیشت و لەگەڵما دەستی بە گریان کرد.. جا کە ئێمە لەم حاڵەدا بووین پێغەمبەری خوا ρ تەشریفی هاتە ژوورەوە لامان و سەلامی کرد و پاشان دانیشت و، لەو کاتەشەوە کە ئەو قسە هەڵبەستراوە لە بارەمەوە وترابوو لەلام دانەنیشتبوو.. ئەوەبوو مانگێکی بەسەردا چوو و لە بارەی منەوە وەحیی بۆ نەئەهات . کە پێغەمبەری خوا ρ دانیشت شایەتمانی هێنا و پاشان فەرمووی: ( أمّا بعدُ یا عائشة ! فإنَّهُ قَد بَلَغَني عَنكِ كذا و كذا، فـإن كُنتِ بَريئَةً فَسَيُبرِئُكِ اللهُ ، وَإِنَ كُنتِ أَلَمَمَتِ ذَنباً فَا ستغفِري اللهَ وَتوبي إِليهِ ، فإنَّ العَبدَ إِذا اعتَرَفَ بِذَنبِهِ ثُمَّ تابَ إلى اللهِ تابَ اللهُ عَليهِ ) . فەرمووی : عائیشە! ئەوە و ئەوەم لە بارەی تۆوە پێگەیشتۆتەوە .. جا ئەگەر تۆ پاك و بەریی بیت ئەوا خوا بە پاکت دەر ئەکات. خۆ ئەگەر گوناهێکیشت لە دەست دەرچووە ئەوا داوای لێخۆش بوون لە خوا بکە و تەوبە بکە . چونکە ئەگەر بەندە دانی بە گوناهی خۆیدا نا و پاشان تەوبەی کرد، ئەوا خوا تەوبەی لێ وەرئەگرێت..

کە پێغەمبەری خوا ρ فەرمایشتەکەی تەواو کرد فرمێسکم نیشتنەوە، بە رادەیەك هەستم بە دڵۆپێکیش نەئەکرد. جا بە باوکمم وت: لە بارەی ئەوەوە کە فەرمووی لە جیاتی من وەڵامی پێغەمبەری خوا ρ بدەرەوە.. وتی: دە بە خوا نازانم چیی بە پێغەمبەری خوا ρ بڵێم. بە دایکیشمم وت : وەڵامی پێغەمبەری خوا ρ بدرەوە.. وتی: نازانم چیی بە پێغەمبەری خوا ρ بڵێم . منیش ئەو کاتە کچێکی منداڵ بووم و قورئانی زۆرم لەبەر نەبوو ، وتم : بەخوا من زانیومە کە ئەو باسەتان وەها

□

بیـ ستووە چۆتە ناو دڵتانەوە و بڕواتان پێ کردووە ، جا ئەگەر پێتان بڵێم کە من بێتاوانم ـ کە خوا چاك ئەزانێ بێتاوانم ـ ئەوا بەوە بڕوام پێ ناکەن .. بەڵام ئەگەر دان بە کارێکدا بنێم ـ کە خوا چاك ئەزانێ من لێی بەرییم ـ ئەوا بڕوام پێ ئەکەن .. دە بە خوا بۆ ئەمە هیچتان بۆ شك نابەم جگە لە فەرمایشتەکەی باوکی یووسف کە فەرموویی: ﴿ فَصَبۡرٞ جَمِيلٞۖ وَٱللَّهُ ٱلۡمُسۡتَعَانُ عَلَىٰ مَا تَصِفُونَ ﴾ ( یوسف: □□ ).

پاشان وەرگەڕام و لە سەر نوێنەکەم راکشام و ، چاکیش ئەمزانیی کە من بێتاوانم و ، خوای گەورەش بە بۆنەی بێتاوانییمەوە بێتاوانم دەر ئەکات ... بەڵام بەخوا ئەوەم بە دڵدا نەهاتووە کە خوای گەورە لە بارەی منەوە وەحیی بنێرێت و بخوێنرێتەوە.. بە لای خۆمەوە خۆم زۆر لەوە بە بێنرخ ئەزانی کە لە بارەی منەوە خوای گەورە باسی کارێك بکات و بخوێنرێتەوە . بەڵام هیوای ئەوەم هەبوو کە پێغەمبەری خوا ρ خەوێك ببینێ و بەوە خوای گەورە بێتاوانم دەربکات..

ئەڵێت : دە بەخوا، پێغەمبەری خوا ρ ئەو شوێنەی بەجێ نەهێشت و کەسێکیش لە ئەهلی ماڵەکە نەچوونە دەرەوە ، هەتا ئەوەبوو وەحیی بۆ هات و، ئەو توندییەی تووش هات کە لە کاتی هاتنی وەحییدا تووشی ئەهات ، کە ئەوەبوو لەبەر سەنگینیی ئەو فەرمایشتەی کە دائەبەزییە سەری ، لە رۆژی ساردی زستاندا بە وێنەی دوڕ عەرەقی لێ دائەچۆڕیی .. جا کە ئەو حاڵەتەی لەسەر لاچوو پێ ئەکەنی .. یەکەم وشەیەکیش کە فەرمووی ئەمە بوو: ( یا عائشة ! أما الله عزوجل فقد برأك ).

فەرمووی: خوای گەورە بێتاوانیی تۆی خستە روو..

□

دایکم وتی : هەستە بچۆرە خزمەتی . وتم : بەخوا ناچمە خزمەتی و، جگە
لە خوای گەورەش سوپاسی هیچ کەس ناکەم ! ئەوەبوو خوای گەورە ﴿إِنَّ
ٱلَّذِينَ جَآءُو بِٱلۡإِفۡكِ عُصۡبَةٞ مِّنكُمۡۚ لَا تَحۡسَبُوهُ شَرّٗا لَّكُمۖ بَلۡ هُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۚ
لِكُلِّ ٱمۡرِيٕٖ مِّنۡهُم مَّا ٱكۡتَسَبَ مِنَ ٱلۡإِثۡمِۚ وَٱلَّذِي تَوَلَّىٰ كِبۡرَهُۥ مِنۡهُمۡ لَهُۥ
عَذَابٌ عَظِيمٞ ﴿١١﴾ لَّوۡلَآ إِذۡ سَمِعۡتُمُوهُ ظَنَّ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ بِأَنفُسِهِمۡ
خَيۡرٗا وَقَالُواْ هَٰذَآ إِفۡكٞ مُّبِينٞ ﴿١٢﴾ لَّوۡلَا جَآءُو عَلَيۡهِ بِأَرۡبَعَةِ شُهَدَآءَۚ فَإِذۡ لَمۡ
يَأۡتُواْ بِٱلشُّهَدَآءِ فَأُوْلَٰٓئِكَ عِندَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلۡكَٰذِبُونَ ﴿١٣﴾ وَلَوۡلَا فَضۡلُ ٱللَّهِ
عَلَيۡكُمۡ وَرَحۡمَتُهُۥ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ لَمَسَّكُمۡ فِي مَآ أَفَضۡتُمۡ فِيهِ عَذَابٌ عَظِيمٌ
﴿١٤﴾ إِذۡ تَلَقَّوۡنَهُۥ بِأَلۡسِنَتِكُمۡ وَتَقُولُونَ بِأَفۡوَاهِكُم مَّا لَيۡسَ لَكُم بِهِۦ عِلۡمٞ
وَتَحۡسَبُونَهُۥ هَيِّنٗا وَهُوَ عِندَ ٱللَّهِ عَظِيمٞ ﴿١٥﴾ وَلَوۡلَآ إِذۡ سَمِعۡتُمُوهُ قُلۡتُم مَّا يَكُونُ
لَنَآ أَن نَّتَكَلَّمَ بِهَٰذَا سُبۡحَٰنَكَ هَٰذَا بُهۡتَٰنٌ عَظِيمٞ ﴿١٦﴾ يَعِظُكُمُ ٱللَّهُ أَن
تَعُودُواْ لِمِثۡلِهِۦٓ أَبَدًا إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ﴿١٧﴾ وَيُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلۡأٓيَٰتِۚ وَٱللَّهُ
عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿١٨﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُحِبُّونَ أَن تَشِيعَ ٱلۡفَٰحِشَةُ فِي ٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ لَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ وَأَنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ
﴿١٩﴾ وَلَوۡلَا فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَرَحۡمَتُهُۥ وَأَنَّ ٱللَّهَ رَءُوفٞ رَّحِيمٞ﴾ ( النور : □□
- □□ ).

□

هەر دە ئایەتەکەی ناردنە خوارەوە .. کاتێکیش کە خوا ئەمەی بۆ بێتاوانیی من ناردە خوارەوە ئەبوبەکری صددیق خوا لێی رازیی بێ ، کە پارەی بۆ میسطەحی کوڕی ئوثاثە ، بە بۆنەی خزمایەتیی و هەژارییەوە، خەرج ئەکرد ، وتی : دە بەخوا ، هەرگیز هیچ شتێك بۆ میسطەح، لەسەر ئەو قسەیەی کە بە عائیشەی وتووە ، خەرج ناکەم. ئەوەبوو خوای گەورەش ئایەتی ژمارە (□□) ی سوورەتی ( النور ) ی ناردە خوارەوە : ﴿ وَلَا يَأْتَلِ أُوْلُوا۟ ٱلْفَضْلِ مِنكُمْ وَٱلسَّعَةِ أَن يُؤْتُوٓا۟ أُو۟لِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينَ وَٱلْمُهَٰجِرِينَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ۖ وَلْيَعْفُوا۟ وَلْيَصْفَحُوٓا۟ ۗ أَلَا تُحِبُّونَ أَن يَغْفِرَ ٱللَّهُ لَكُمْ ۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٢٢﴾ ﴾ .[تێبینی]

خێرا ئەبوبەکریش وەڵامی پر سیارەکەی قورئانی دایەوە و فەرمووی : بەڵێ ، بەخوا پێم خۆ شە خوای گەورە لێم خۆش ببێ . ئیتر وەك جاران پارەی بۆ میـ سطەح خەرج ئەکردەوە و فەرمووی : بەخوا هەرگیز لێی ناگرمەوە..

عائیشە ئەڵێت : ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ρ لە بارەی منەوە پرسیاری لە زەینەبی ک چی جەحش کردبوو : (یا زینب ! ماذا علمتِ أو رأیت ؟ ) فەرموویبووی : چیی ئەزانیت ، یان چیت دیوە؟

---

[تێبینی] ئایەتەکە روو لە دە ست رۆیشتووە دڵ فراوان و سەخیی تەبیعەتەکان ئەکات ، تا چاویان لە هەژاران و دە ست کورتانی کۆمەڵی مو سڵمان بێت ، بە تایبەت ئەوانەی کە لە پێناوی خوادا کۆچیان کردووە و هەژار کەوتوون، با ئەگەر ئەوانە هەڵەیەکیشیان ئەنجام دا چاوپۆشییان لێ بکەن و لێیان ببوورن.. ئەی گوایە ئیمانداران پێیان خۆش نیە خوا چاوپۆ شییان لێ بکات؟ وەك بڵێی چاوپۆشیی لە نەزانەکانتان بکەن تا خواش چاوپۆشیی لە ئێوە بکات ..

□

زەینەبیش وتبووی: ئەی پێغەمبەری خوا ! چاو و گوێی خۆم ئەپارێزم، جگە لە چاکە هیچ نازانم . عائیشە ئەڵێت : لەناو هاوسەرانی پێغەمبەری خوادا ρ تەنها ئەو لەبەر جوانیی و رێزی بەرابەرکێی لەگەڵ ئەکردم، ئەوەبوو بە بۆنەی وەرەع و تەقوایەوە خوای گەورە پارا   ستی و، ئەوەبوو حەمنەی خو   شکی جەنگی بۆ ئەکرد، ئەویش لەگەڵ ئەهلی ئیفکدا تیا چوو ) ..[1]

بە راستیی تاقییکردنەوەیەکی سەخت بوو کە هاتە رێی عائیشەیەکی کەم‌تەمەنی دڵنا   سك .. هەروەها بۆ ئەبوبەکری خاوەن رێز و پایە ، کە پ شتا و پ شتیان بە پاکیی و شەرەف داریی تەمەنیان دابووە   سەر .. هەروەها بۆ پێغەمبەری ئازیز ρ کە ئەرکی بانگی پیرۆز و ، کەم دە ستیی و گوزەران تاڵیی هاوەڵانی و ، کەم دە   ستیی و ژیان تاڵی خاو خێزانی و، پیلان و پا   شقول دانی مونافیقان و، بەرابەرکێی کافران و بت پەر   ستان، سەنگیان دابووە   سەر شانی پیرۆزی و، لە ناکاویشدا ئەم بوختانە جەرگ بڕەی مونافیقان روو بکاتە زاناترین قوتابیی قورئان و، خۆ شەوی ست ترین هاو سەری بەتەقوا و شەرم و حەیای پێغەمبەری خوا... بە را ستیی هەر ئەوانی ئیماندار بوون بەرگەیان گرت .. خوای  خاوەن بەزەیی بە حیکمەتی خۆی وای بە   چاك زانیی عائی شەی تەقوا بە ئایەتی قورئان بە پاك و بێگەرد دەر بکات .. تا ئەو ئایەتانە تا ئاخر زەمان مو   سڵمانان

[1] صحيح البخاري ( □ / □□□ ) وما بعدها ، وأ   سباب النزول للواحدي ص □□□ وما بعدها ، و الدر المنثور للسيوطي ( □ / □□□ ) وما بعدها .

بیانخوێنن و هەر هەموویان ببنە شاهێد کە خوا خۆی عائیشەی لە تاوان تەبرییە کردووە..

مونافیقان خۆیشیان چاك ئەیانزانی ئەوە بوختانێکی نەشیاوە و، هەر مونافیقێکیش لە مێژووی دوور و درێژدا ئەو بوختانەی بڵاو کردبێتەوە لە دڵەوە بڕوای نەکردووە، چونکە ئەوانە هەر هەمویان ئەگەر بە کەس و کاری خۆ شیان ئەو رەفتارەیان لێك دابێتەوە بڕوا بە شتی وەها ناکەن..

هەروەها هەموو ئیمانداریێك ـ چ پیاو و چ ئافرەت ـ کە سەرنجی خۆی ئەگرێت : پیاوەکە ئیمانی خۆی لە ئیمانی صەفوان بە کەمتر ئەزانێت و، ئافرەتەکەش ئیمانی لە ئیمانی عائیشە بە کەمتر ئەزانێت و، لەگەڵ ئەوەشدا ئیمانەکەیان ڕێگەیان نادات کاری نەشیاویان لێ داکەوێ..

بەڵێ قورئانی پیرۆز بە دە ئایەت ئەو مەسەلەیەی بڕیوەتەوە و هەرکەسیش بڕوای بە یەك پیتی قورئان نەبێت کافر ئەبێت .. کەواتە هەرکەس گومانی لە پاکیی عائیشە هەبێ ، کافرێکە ئاو لێڵ نەکات..

ئەگینا هەرکەس خاوەنی یەك زەڕڕە ویژدان بێت بەو یا سایە لێکی ئەداتەوە کە ئەبوئەییووبی ئەنصاریی و ژنەکەی لێکیان دایەوە . ئەوە بوو ژنەکەی پێی وت : ئەبوئەییووب! نابیستی خەڵکی لە بارەی عائیشەوە خوا لێی رازیی بێ چیی ئەڵێن ؟ وتی: بەڵێ . ئەوە درۆیە. ئایا، ئوم ئەییووب! تۆ شتی وەها ئەکەیت؟ وتی : نە بەخوا شتی وەها ناکەم . ئەبو ئەییووب وتی : دەی بەخوا عائیشە لە تۆ چاکترە..[*]

نەك هەر ژنەکەی ئەبوئەییووب و ژنی هەموو هاوەڵێکی تر کاری ناشەرعیی ئەنجام نادەن، بەڵکو لەو رۆژەوە کە ئیسلام هاتووە تا ئێستە بە

---

[*] تفسیر ابن کثیر ، سورة النور .

□

پەروەردەی قورئان و سوننەت بە ملیار پیاو و ئافرەتی داوێن پاك پێ گەیشتوون ، کە ئەمانە هەر هەموویان .. هەر هەموویان خۆیان بە قوتابیی عائیشە ئەزانن و ، عائیشە خوا لێی رازیی بێ لە پێغەمبەری خواوە ρ فەرموودەیان بۆ ئەگێڕێتەوە و ئەحکامی شەریعەتیان بۆ روون ئەکاتەوە.. جا هەرکەس گومان بە عائیشە ببات ، ئەوا گومان بە قورئان ئەبات .. گومان بە پێغەمبەر ئەبات.. گومان بە هاوەڵان ئەبات.. گومان بە هەموو ئیمام و پێشەوایانی ئوممەتی ئیسلام ئەبات.. گومان بە شەریعەتی پاك و بێگەرد ئەبات.. ئەو کاتەش ئەو جۆرانە نەك لە سنووری ئیسلام دەکرێنە دەرەوە و مۆری بێ دینیی بەناو چاویانا ئەنرێت ، ئەوا لە سنووری مرۆڤایەتییش ئەکرێنە دەرەوە ، چونکە لەناو وڵاتانی ناموسڵمانیشدا بە ملیۆن مرۆڤی پاك داوێن ـ چ پیاو و چ ئافرەت ـ هەن .. ئیتر چۆن گومان بە خانەوادەی پێغەمبەری ئیسلام ρ ئەبرێت ؟ گومان بردن یانێ کافر بوون .. یانێ دژایەتیی قورئان!!

جا کە سێك بڕوای بە قورئان نەبێت ، چ پێویست ئەکات بڕوای بە پاك داوێنیی ئافرەتێك هەبێ یا نەی بێ .. تا زووە با قوڕ بپێوێ!!

خاتوو عائیشە خوا لێی رازیی بێ لە ژیانی پێغەمبەری ئازیزدا ρ خەریکی خزمەتی ئیسلام بوو .. خەریکی وەرگرتنی زانستی شەریعەت بوو، بۆیە پێغەمبەری خوا ρ زۆری خۆش ئەویست .. ئەوەتا ئیمامی ذەهەبیی رەحمەتیخوای لێ بێ ئەگاتە ئەو بڕیارە کە خاتوو عائیشە بە یەکەم ئافرەتی زانای ئوممەتی موحەممەد ρ ، بگرە بە یەکەم زانای تێکڕای

□

ئافرەتان لە قەڵەم بدات .. دواى ئەوەش شاهێدیی ئەوە ئەدات کە هاوسەری پێغەمبەرەکەمانە ρ چ لە دنیا و چ لە قیامەتدا ..[1]

ئەوەبوو فەڕ و بەرەکەتی پێغەمبەری ئازیز ρ رژابووە بە سەر خۆی و ژوورەکەیدا لەبەر ئەوەی کە بووبووە هێلانەی وەحیی هاتنە خوار بۆ سەر پێغەمبەری خوا ρ ، ئەمەش ئەوەندەی تر عائیشەی بەلای ئازیزەوە خۆشەویست کرد ، بە رادەیەك کە غیرەتی دایکانی ئیماندار جۆشا و کەوتنە هەوڵی ئەوەی کە لەگەڵ عائیشەدا جیاوازییان نەبێت.. ئەوە بوو ژنەکانی تری فاطیمەیان نارده خزمەتی پێغەمبەری خوا ρ ماوەی چوونە ژوورەوەی خواست و ماوەی درا و وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ! ژنەکانت منیان ناردۆتە خزمەتت و داوای ئەوە ئەکەن لێت کە بۆ عائیشە عەداڵەت بەکار بهێنی .. عائیشەش بێ دەنگ بوو.. پێغەمبەری خوا ρ وەڵامی دایەوە : ( أي بنية ! ألست تحبين ما أحب ؟ ) فەرمووی : کچەکەم ! ئایا هەرکەس من خۆشم بوێ تۆش خۆشت ناوێ ؟ وتی : بەڵێ . فەرمووی : ( فأحبي هذه ) . فەرمووی : دەی عائیشەت خۆش بوێ .. چونکە لەو کاتەدا لەگەڵ عائیشەدا لە ژێر مەوجەکەیدا راکشابوو. کە فاطیمە ئەمەی لە پێغەمبەری خوا ρ بیست هەستا و چوو هەواڵی دانێ کە خۆی چی وتووە و پێغەمبەری خواش ρ چی وەڵام داوەتەوە .. وتیان : رۆیشتنەکەت هیچی تیا بە ستە نەبووە، بگەڕێرەوە خزمەتی پێغەمبەری خوا ρ و پێی بڵێ : ژنەکانت داوات لێ ئەکەن لەبەر خوا بۆ کچی

عائشەی پێغەمبەر

[1] سير أعلام النبلاء : □/□□□ .

□

ئەبوقوحافە عەدالّەت بەكار بهێنە. ئەويش وتی : بەخوا هەرگیز لەو بارەوە نایدوێنم!

دوای ئەوە زەینەبی ک   چی جەحش خوا لێی رازیی بێ كە ئەویش هاو  سەری پێغەمبەری خوا ρ بووە ئەنێرن .. جا خاتوو عائیـ  شە دەری بڕیوە كە لەناو هاو  سەرەكانی پێغەمبەردا ρ زەینەب لە هەموویان زیاتر پێش بڕكێی ئەوەی كردووە كە لەلای پێغەمبەر ρ خۆی بەرێتە پێشەوە .. لەگەڵ ئەوەشدا عائیشە زۆر بەڕێزەوە ستایشی ئەكات و دەری ئەبڕێ كە هەرگیز هیچ ژنێكی نەدیوە لە دینداریدا لە زەینەب چاكتر و، بەتەقواتر و، راستگۆتر و، سیلەی رەحم گەیەنرتر و، صەدەقە زۆرتر و ، خۆبەختكەر بێت بۆ ئەو كارەی كە بڕوای پێی هەیە و لە خوا نزیكی ئەخاتەوە . جگە لەوەی كە دەمارێكی تووڕەیی هەبوو و خێرا لێی پەشیمان ئەبۆوە ..

زەینەب هات و ماوەی لە پێغەمبەری خوا ρ خوا   ست و پێغەمبەری خوا ρ لەگەڵ عائیشەدا ، وەك ئەو كاتەی كە فاطیمە هاتە لایان ، لە ژێر مەوجەكەی عائیـ  شەدا بوو .. كە پێغەمبەر ρ ماوەی دا وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ! ژنەكانت منیان ناردووە و داوای  ئەوە ئەكەن بۆ ك  چی ئەبوقوحافە عەدالّەت بەكار بهێنی .. لە كۆتاییدا وەڵامی دانەوە و فەرمووی: ( إنها إبنة أبي بكر ) .[*]

تا كۆتایی تەمەنی پیرۆزی پێغەمبەری خوا ρ عائیشە لە سەر خزمەتی ئیسلام بەردەوام بوو..

---

[*] متفق عليه واللفظ لمسلم .

ئەوەبوو لە سەرەتای ژیانی مەدینەدا ئافرەتان شان بە شانی پیاوان بەرگرییان لە ئیسلام ئەکرد و، بە غیرەتێکی کەم وێنەوە بەشداریی جیهادی ئیسلامییان ئەکرد ، بەڵام زیاتر بۆ ئامادەکردنی خۆراك و ئاوهێنان و تیمارکردنی زامداران و کۆکردنەوەی لاشەی کوژراوان ، جگە لەو کاتانەی کە پیاوان توانای بەرهەڵستیی دوژمنیان نەئەبوو، یان زۆریان لێ شەهید ئەبوون ، ئەوا ئافرەت دەستی ئەدایە شمشێر و تیر و کەوان و بە گژ کافری خوانەناسدا ئەچوون.

خاتوو عائیشەش لەم بوارەدا دەستێکی باڵای هەبوو.. ئەوە بوو لە جەنگی ئوحوددا ـ کە تەمەنی یانزە ساڵان بوو ـ لەگەڵ ژناندا بەشداریی کرد و بە کۆڵ کوندە ئاوی هەڵ ئەگرت و موجاهیدانی ئیسلامی تێر ئاو ئەکردن ..

ئەنەسی کوڕی مالیك ئەڵێت : چاوم لە عائیشەی کچی ئەبوبەکر و ئوم سولەیم بوو کە خۆیان هەڵ کردبوو و پاوانەکانی پێیانم ئەدی و بە شان کوندەیان ئەگواستەوە و هەڵیان ئەرێژانە ناو دەمی خەڵکەکەوە، پاشان ئەگەڕانەوە و پڕیان ئەکردنەوە و هەڵیان ئەرێژانە ناو دەمیانەوە..[1]

خاتوو عائیشە خوا لێی رازیی بێ زۆر حەزی لە جیهاد بوو و، خەڵکییشی لەسەر هان ئەدا.

ئیمام ئەحمەد لە عائیشەوە تەخریجی کردووە کە بەندەیەکی ئەو پارەیەی بۆ دێنێ کە بڕیار بووە لە بریی ئازادکردنی بیداتێ . پێی ئەڵێت : لەم چارە بە دواوە نەیەیت بۆ لام . بڕۆ لە پێناوی خوادا جیهاد بکە.. چونکە گوێم لە پێغەمبەری خوا ρ بووە کە فەرموویە : ( ما خلَطَ قَلبَ

---

[1] متفق عليه .

امِرِيٍء رَهَجٌ فِي سبيل اللهِ إلا حَرَّمَ اللهُ عَلَيهِ النارَ ) . [1] ئەفەرموێ :

هەرکە سێ تۆز و خۆڵی جیهاد هەڵ بمژێ و بچێتە ناو لا شەیەوە خوای گەورە ئاگری دۆزەخی لێ حەرام ئەکات ..

هەر کە دینی ئیسلام بەرنامە شیرینەکەی خۆی پێشکەش بە ئادەمیزاد کرد ، ئافرەتانیش بەش بە حاڵی خۆیان سەرنجیان دا و لێی کۆڵینەوە کە بەرنا مەی رزگاریی تێکڕای ئادەمیزادە و ، بۆ ئافرەتانیش مایەی سەرفرازییە لە بەزم و باوی نەفامیی . بۆیە مەردانە باوەشیان بۆی کردەوە و سەرو ماڵیان کردە قوربانی ..

خاتوو عائیشەش ئیمان تێکەڵی هەموو ئەندامانی بوو و، لەوە تێگەیشت کە ئافرەتان تەنها بە ئیسلام رزگار ئەبن .. بۆیە بە هەموو توانایەوە کەوتە بەرگریی لە ئافرەتان..

ئەوە بوو هێشتا ئایەتی ﴿ الطلاق مرتان... ﴾ نەهاتبووە خوارەوە، بۆیە پیاو چەند جار بیویستایە ژنەکەی تەلاق ئەدا و نە شی ئەهێشت عیددەی بەسەر بچێ بە رجووع ئەیهێنایەوە ژێر نیکاحی خۆی . تا ئەوەبوو پیاوێك بە ژنەکەی وت : بەخوا نە تەلاقت ئەدەم بە شێوەیەك کە بائن ببێ و بکەوێ ، نە وەکو ژنیش راگیرت ئەکەم . وتی : چۆن ؟ وتی : تەلاقت ئەدەم و هەرکەی خەریك بوو عیددەکەت تەواو بێ رجووعت ئەکەمەوە .. ئافرەتەکە هەستا و چوو بۆ لای عائیشە و هەواڵەکەی پێگەیاند .. عائیشە بێدەنگ بوو هەتا پێغەمبەری خوا ρ تەشریفی هێنایەوە و هەواڵەکەی دایێ .. پێغەمبەری خواش ρ بێدەنگ بوو هەتا

---

[1] أخرجه الإمام أحمد ورجاله ثقات..

□

قورئان هاتە خوارەوە و بۆ پیاوانی دیاری کرد کە تا دوو جار بۆیان هەیە ژنی تەڵاق دراویان رجووع بکەنەوە، ئیتر لە سێهەم جاردا بە یەکجاریی تەڵاقیان ئەکەوێ و ناتوانن ژنەکانیان رجووع بکەنەوە.

ئیتر دوای دوو جارە یان بە چاکیی راگیریان کەن یان موسڵمانانە تەڵاقیان بدەن، کە ئەفەرموێ : ﴿ ٱلطَّلَٰقُ مَرَّتَانِۖ فَإِمۡسَاكُۢ بِمَعۡرُوفٍ أَوۡ تَسۡرِيحُۢ بِإِحۡسَٰنٖۗ ﴾ ( البقرة : □□□).

هەروەها عائیشە ئەگێڕێتەوە : پاك و بێگەردیی بۆ ئەو خوایەی کە هەموو شتێك ئەبیستێ .. کاتێ کە خەولەی کچی ثەعلەبە لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا ρ شکاتی لە مێردەکەی ئەکرد ، من گوێم لە هەندێکی بوو و هەندێکیشم نەئەبیست . دەیوت : ئەی پێغەمبەری خوا! گەنجیمی خوارد و سکمم بۆ هەڵ رێژا، ئێستاش کە چووم بە ساڵدا و لە سك و زا کەوتووم پێی وتووم : تۆ وەك پشتی دایکم وایت ، یان وەك دایکم وایت .□

خوایە ! شکاتی خۆم بۆ لای تۆ دێنم ..

ئافرەتەکە لە شوێنی خۆی نەجوولا و جیبریل بەم ئایەتانەوە هاتە خوارەوە : ﴿ قَدۡ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوۡلَ ٱلَّتِي تُجَٰدِلُكَ فِي زَوۡجِهَا وَتَشۡتَكِيٓ إِلَى ٱللَّهِ ﴾ .□

ئافرەتێکی تریش کە هاوسەری ثابیتی کوڕی قەیس بوو، ثابیتی مێردی لێی دابوو و هەندێ شوێنیشی شکاندبوو ... دوای نوێژی بەیانیی

---

□ لە نەفامییدا ئەو وتەیان بۆ تەڵاق دان بەکار دەهێنا.

□ رواه إبن ماجه ، وأخرجه البخاري أيضاً..

دێته خزمەتی پێغەمبەری خوا ρ کە لەو کاتەدا لە ژوورەکەی عائیشەدا ئەبێت و ، شکات لە مێردەکەی ئەکات .. ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ρ ثابیتی بانگ کرد و فەرمانی دا هەندێ پارە لە ژنەکەی وەربگرێت و تەلاقی بدا کە فەرمووی : ( خذ بعض مالها وفارقها ) [1]

کچێکیش ئەچێتە خزمەتی عائیشە و شکات لە باوکی ئەکات کە ئەیەوێ بیدا بە برازاکەی کە هیچ کەس شووی پێ ناکا و ئەمیش پێی رازیی نیە. عائیشەش پێی ئەڵێت : دانیشە هەتا پێغەمبەر ρ تەشریف بێنێتەوە. پێغەمبەری خوا ρ تەشریفی هاتەوە و ، هەواڵەکەی دایێ .. ناردی بە دوای باوکیدا و ، کاری دایەوە دەست کچەکە، واتە ئەگەر ویستی با شووی پێ بکات ، ئەگینا باوکی زۆری لێ نەکات .

کە کچەکە ئەمەی دیی وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ! رەزامەندییم لە سەر کارەکەی باوکم هەیە، بەڵام ویستم بزانم ئایا لەم کارەدا ئافرەتان هیچیان بە دەستە ؟! [2]

کە پێغەمبەری خوا ρ کۆچی دوایی کرد ، عائیشە سەرداری ئەوانە بوو کە بەرگرییان لە ئافرەت ئەکرد . لە هەمان کاتدا بەرگرییەکی زۆری لەوە ئەکرد تا ئافرەتان لە رێ و رەوشتی شەریعەت لا نەدەن.

ئەوەبوو جارێکیان کۆمەڵێك لە ئافرەتانی شاری حیمص هاتنە لای ، ئەویش پێی وتن : رەنگە ئێوە لەوانە بن ئەچنە حەمام ، واتە بە رووتیی تێکەڵ بە ئافرەتان ئەبن ، لە پێغەمبەری خوام ρ بیستووە کە فەرموویە

---

[1] رواه أبوداود..

[2] رواه النسائي (□□□□) ، وهو في مختصر البخاري ايضاً (□□□□) من حديث خنساء بنت خذام صاحبة القضية.

□

: ( أيما امرأةٍ و ضعت ثيابَها في غير بيت زوجها ، فقد هتكت ستر ما بينها وبين الله )[١] .

ئەفەرموێ : هەر ئافرەتێك ، جگە لە ماڵی مێردەكەیدا ، لە هەر شوێنێكی تردا خۆی رووت بكاتەوە، ئەوا پەردەی شەرم و حەیای نێوان خۆی و خوای دڕاندووە و فڕێ داوە ..

كە دوای پێغەمبەری خواش ρ هە ستی بە ئاڵ و گۆڕێ جل و بەرگی هەندێ لە ئافرەتان كرد، نارەزایی لەوە دەربڕیی و وتی : ئەگەر پێغەمبەری خوا ρ ئەمەی بدیایە كە ئافرەتان دلیان هێناوە ، ئەوا وەك ئافرەتانی بەنی ئیـ سرائیل بۆ مزگەوت چوونیان لێ قەدەغە كرا، مزگەوتی لێ قەدەغە ئەكردن ..[٢] ئیتر ماوەی نەئەدا جل و بەرگی هیچ ئافرەتێك تەنك بێت ، بەڵكو هەر بیدیایە ئەیدڕاند و پۆ شاكێكی ئە ستووری لە بریی تەنكەكە ئەدایێ .. لە سەردەمی پێغەمبەریشدا ρ ستایـ شێكی زۆری ئافرەتە موهاجیر و ئەن صارەكانی ئەكرد لە سەر ئەوەی كە بە خێرایی فەرمانەكانی خوای مەزنیان جێبەجێ ئەكرد، كە ئەیوت: ( يرحم الله النـ ساء المهاجرات الأُوَل، لما أنزل الله : ﴿ وليـ ضربن بخمرهن على جيوبهن ﴾ شققن أكثف مروطهن فاختمرن بها ) .[٣]

خاتوو عائیـ شە رای وەهایە كە واجبە ژن لە بەرامبەر پیاوی بێگانەدا دەم و چاوی داپۆ شێ، هەتا ئەگەر ئیحرامیـ شی بۆ حەج پۆ شیبێ بوو..

---

[١] رواه ابن ماجه و ابوداود و أحمد.

[٢] متفق عليه..

[٣] رواه البخاري و ابوداود. ریوایەتێكی تریش هەیە كە بەهەمان شێوە ستایـ شی ئافرەتە ئەنصارییەكان ئەكات..

□

بەڵگەشی بۆ ئەمە ئەم روون کردنەوەیەی خۆیەتی : ئێمە لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا ρ ئیحرامان پۆشیی بوو و رێبواریش ئەیان دا بە لاماندا. جا کە ئەگەیشتنە لامان هەر یەکە لە ئێمە سەرپۆشەکەی ئەهێنا بەسەر دەم و چاویا و، کە تێپەڕ ئەبووین هەڵمان ئەدایەوە.[1]

پێغەمبەری خوا ρ لە کۆتایی تەمەنیدا نەخۆش کەوت و لە دوا رۆژانی ژیانیدا شەرەفمەندیی خزمەتکردنی و سەروکاریی نەخۆشیەکەی بەر عائیشە کەوت .. ئەوە بوو خێزانەکانی تری هەستیان کرد کە حەز ئەکات لە ژوورەکەی عائیشەدا بکەوێت ، بۆیە ماوەیان دا با کوێی پێ خۆشە لەوێ بێت . ئەوەبوو لەو رۆژەدا کۆچی دوایی کرد کە سەرەی مانەوەی لە ماڵی عائیشەدا بوو و سەری لە کۆشی ئەودا بوو تفی دەمیشی تێکەڵ بە تفی دەمی عائیشە بوو. وەك بوخاریی لە عائیشەوە ریوایەتی ئەکات..

جا لە فەرموودەیەکی تردا خاتوو عائیشە ئەوە روون دەکاتەوە کە چۆن تفی دەمی لەگەڵ تفی پێغەمبەردا ρ تێکەڵ بووە، کە ئەڵێت :یەکێك لە نیعمەتەکانی خوای گەورە لە سەرم ئەوەبوو کە پێغەمبەری خوا ρ لە ماڵی مندا و، لە رۆژی خۆمدا و، لەبەر دەستمدا کۆچی دوایی کرد و ، لە کاتی مردنیشیدا خوای گەورە تفی هەردووکمانی تێکەڵ کرد .. ئەوەبوو عەبدوڕڕەحمان هاتە ژوورەوە و سیواکی بە دەستەوە بوو و، منیش خۆم کردبووە پاڵپشت بۆ پێغەمبەری خوا ρ ئەبینم سەیری سیواکەکە ئەکات و، زانیم سیواككردنی پێ خۆشە. وتم : وەری بگرم بۆت ؟ بە سەری

---

[1] سنن أبي داود : □ / □□□.

ئاماژەی كرد كە بەڵێ . سیواكەكەم وەرگرت و بەلایەوە رەق بوو ، وتم : نەرمی بكەم بۆت ؟ بە سەری ئاماژەی كرد كە بەڵێ . منیش بۆم نەرم كرد و ، دەفرێك لەبەر دەستیا بوو و ئاوی تێدا بوو .. جا هەردوو دەستی ئەخستە ناو ئاوەكەوە و دەم و چاوی پێ تەڕ ئەكرد و ئەی فەرموو: ( لا إله إلا الله ، إن للموت سكرات ). ئەیفەرموو : ( لا إله إلا الله ) . بە راستیی گیانكێشان سەختە.. پا شان دە ستی هەڵ دا و فەرمووی : ( في الرفيق الأعلى ) هەتا ئەوە بوو گیانی دەرچوو و دەستی خوار بوویەوە..[سم]

جا هەر چەندە گیانكێشانی پێغەمبەری خوا ρ زۆر سەخت بوو، كە چیی خاتوو عائیشە زۆر دامەزراو بوو ، بە رادەیەك كە كاتێك نەخۆشیەكەی پێغەمبەر ρ توند بوو ( معوذات ) ی ئەخوێند و فووی بەسەر پێغەمبەردا ρ ئەكرد و دەستیشی بەسەر لاشەیا ئەهێنا ، چونكە لە یادی بوو كە كاتێك نەخۆش ئەكەوت بەو شێوەی بە خۆی ئەكرد..[شش]

كە كۆچی دواییشی كرد لە ژوورەكەی عائیشەدا و ، لەو شوێنەدا كە كۆچی دوایی كرد ، نێژرا و ، مانگی یەكەم كەوتە ژوورەكەیەوە ، چونكە عائیشە لە خەویا دیی بووی سێ مانگ كەوتنە ژوورەكەیەوە. ئەبوبەكر فەرمووی : ئەگەر ئەم خەوەت راست بێت ، ئەوا سێ كە سی چاكترینی ئەهلی سەر زەویی لە ماڵەكەتدا ئەنێژرێن.

---

[سم] متفق عليه . ئەمە ریوایەتەكەی بوخارییە.

[شش] سەیری صەحیحی بوخاریی بكە..

جا كە پێغەمبەر ρ كۆچی دوایی كرد، ئەبوبەكر خوا لێی رازیی بێ بە عائیشەی فەرموو : چاكترینی مانگەكانتە عائیشە . ئیتر ئەوەبوو ئەبوبەكریش و عومەریش لە ماڵەكەی ئەودا نێژران.[1]

عائشەی كچی ئەبوبەكر

---

[1] رواه الطبراني ورجاله رجال الصحيح كما في مجمع الزوائد.

# عائیشه له سه‌رده‌می خه‌لیفه‌كاندا

خوای گه‌وره ڕێز و حورمه‌ت و پایه‌یه‌كی بێوێنه‌ی به هاو سه‌ره‌كانی پێغه‌مبه‌ری خوا ρ و خوا له‌وانیش ڕازیی بێ به‌خ شیوه ، كه هه‌موو مو سڵمانێ ، بۆ به‌ده ست هێنانی ڕه‌زامه‌ندیی خوا، پارێزگاریی له‌و ڕێز و حورمه‌ته‌یان ئه‌كات و، به چاوی پیرۆزیی و پایه‌دارییه‌وه سه‌یریان ئه‌كات .. پێش پانزه صه‌ده له‌مه‌وبه‌ر قورئانی پیرۆز هاته خواره‌وه و بڕیاری دا هاو سه‌رانی پێغه‌مبه‌ری خوا ρ دایكی هه‌موو ئیمانداریك بن..ئه‌وه‌ی ئیمانداره به خوا و به پێغه‌مبه‌ر پێویسته ئه‌وان به دایكی خۆی بزانێت.. چونكه ئه‌و به‌ڕێزانه هاوبه شی ژیانی ناڕه‌حه‌تیی و بر سێتیی و چه‌رمه‌سه‌ریی پێغه‌مبه‌ری ئازیز بوون .. له كاتی خۆشیی و ناخۆشییدا ئه‌ندامی كۆمه‌ڵی موسڵمان بوون ، به‌ڵام چۆن ئه‌ندامێك ! له سه‌نگه‌رێكدا دانیان به خۆیاندا گرتبوو كه له هه‌موو سه‌نگه‌ره‌كانی تر سه‌خت و پڕ مه‌تر سیی‌تر بوو.. ئه‌ویش ماڵی پێغه‌مبه‌ری خوا ρ بوو. كه سێ جار مانگ نوێ ئه‌بوویه‌وه و له هیچ ماڵێكیدا ئاگر نه‌ئه‌كرایه‌وه.. كه ئه‌وه‌بوو غه‌ریبێك ئه‌هاته مه‌دینه‌وه و پێغه‌مبه‌ری خوا ρ ئه‌یویـ ست بزانی‌ لای كام له هاوسه‌رانی به‌شی تێركردنی ئه‌و میوانه خۆراك هه‌یه؟ كه ئه‌ی‌نارد بۆ لای هه‌ر نۆ هاو سه‌ره‌كه‌ی، هه‌ر هه‌موویان یه‌ك به یه‌ك وه‌ڵامیان ئه‌نارده‌وه كه به‌و خوایه‌ی ئه‌وی به پێغه‌مبه‌ر كردووه ، جگه له ئاو هیچی ترمان به‌لاوه نیه!!

دایكانی ئیمانداران له ژیان و گوزه‌رانێكی زۆر تاڵدا ئارامیان گرت، تا خوای گه‌وره پێغه‌مبه‌ره‌كه‌ی سه‌ر خ ست و ئی سلام به هه‌موو لایه‌كدا

عائشەی تێی ئەبو بەر

□

بلاَوەی کرد و مو سڵمانان بوونە خاوەنی دە سەڵات تا مەردانە قورئان بە هەموو ولاَتێك بگەیەنن ..

لە هە مان کاتدا ئەبوونە مایەی ئارام و دان بەخۆدا گرتن بۆ پێغەمبەری خوا ρ ..

بەڵێ ، قورئانی پیرۆز بڕیاری دا هاو سەرانی پێغەمبەر دایکی هەموو ئیمانداریێك بن تا ڕۆژی قیامەت .. ئەوەبوو ئەم بڕیارە لە دڵ و مێ شکی ئیمانداراندا جێی خۆی کردەوە و، ئیماندارانیش بایەخێکی زۆریان بەم فەرمانە قورئانیەیە دا ، بۆیە ڕێزی تایبەتیان بۆیان دائەنا، چ لە ژیانی پێغەمبەری ئازیزدا ρ و چ لە دوای کۆچکردنی .. ئیتر ئەوەبوو هەر یەکە لەو ماڵە پایەدارانە بوونە قوتابخانەی شەریعەت و، مەڵبەندی نووری قورئان ، تا هەموو ئیمانداریێك بۆ فێربوون و وەرگرتنی فەتوا ڕوویان لیَ بنیَ و، بە ملی کەچ و گوێڕایەڵیی ڕۆڵەی بەوەفاوە فەرمانە شەرعییەکان وەربگرێت..

لە پێش هەموویانەوە عائیشە.. چونکە ئەو خاوەنی خۆشەویستیی و پلە و پایەی تایبەتیی بوو لە دڵی پێغەمبەری خوادا ρ و ، لە لایەکی ترەوە خاوەنی زانستێکی یەکجار فراوان بوو، بە رادەیەك کە گەورە و بچووکی ئیمانداران موحتاجی ئەو زانستەی بوون . بۆیە لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی مو سڵمانەوە.. لە هەموو کون و قوژبنێکی دەوڵەتی بەرفراوانی ئیسلامەوە .. دەستە بە دەستە موسڵمانان ڕوویان لە مەدینە ئەنا تا سەردانی پێغەمبەری نازدار ρ بکەن و چی زانست و حوکمی شەرعییشیان پێویست بوایە وەریان بگرتایە..

ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ρ لە دوا نەخۆشییدا فەرمانی دا ئەبو بەکر خوا لێی رازیی بێ پێشنوێژیی بە خەڵکەکە بکات ، کە ئەمەش دەست نیشانکردنی ئەبوبەکر بوو بۆ خەلیفایەتیی ، کەچیی عائیشە ترسی ئەوەی هەبوو خەڵکەکە بە ئەبوبەکر رازیی نەبن یەکەم کەس بچێتە جێگەی پێغەمبەر ρ ، بۆیە هەوڵی دا یەکێکی تر پێشنوێژیی بکات ، کەچیی پێغەمبەر ρ کۆڵی نەدا..

لە سەردەمی ئەبوبەکردا زانست فراوانیی عائیشە بۆ خەڵك دەرنەئەکەوت ، ئەمەش بە بۆنەی ئەوەوە موسڵمانان سەرگەرمی جەنگی پاشگەزبووەکان بوون و عائیشەش هێشتا تەمەنی کەم بوو .. تا ئەوەبوو هاوسەرانی پێغەمبەر ρ ویستیان بنێرنە لای ئەبوبەکر و داوای میراتی پێغەمبەری ρ لێ بکەن . خێرا عائیشە وەڵامی بۆ ناردن کە پێغەمبەری خوا ρ بڕیاری داوە کە پێغەمبەران میراتیان نیە و ئەوەی جێیان دەهێڵن صەدەقەیە، کە فەرمووی :

( لا نورث ، ما ترکناه فهو صدقة ).[1]

ئەبوبەکری صدیق خوا لێی رازیی بێ لەناو هەموو منداڵەکانیدا متمانەی زیاتر بە عائیشە بوو.. بۆیە بۆ ئەنجامدانی وەسیەتەکەی لە سەرەمەرگدا ئەوی هەڵبژارد.. پێش هەموو شتێك بڕیاری دا ئەو باخەی کە بە تەنیا بە عائیشەی بەخشیی بوو ، عائیشە دەستی لێ هەڵ بگرێ و بیگێڕێتەوە بۆ سەر میرات ، ئەویش بە چاوان فەرمانەکەی باوکی بەجێ هێنا . دوای ئەوەش فەرمانی دا ئەو بەندە حەبەشییە و، وشترە شیردەرە

---

[1] رواه أحمد : 6 / 262.



عائشة بنت أبي بكر

و ، قەدیفە سواوە، کە هی ( بیت المال ) ی مو سڵمانانە بگێڕێتەوە بۆ ( بیت المال ) تا هیـچی مو سڵمانان نەیەت بە لایانا. ئەویش وە سیەتەکەی ئەنجام دا و ناردنیەوە بۆ خەلیفە عومەر خوا لە هەموویان رازیی بێت [یی].

هەروەها وەسیەتیشی بۆ عائیشەی کچی کرد کە لە ژوورەکەی ئەودا، لە تەنیشت پێغەمبەری خوادا ρ بنێژرێت .. کە کۆچی دوایی کرد لە ژوورەکەدا قەبری بۆ هەڵ کەنرا و سەری خرایە ئاستی هەردوو شانی پێغەمبەری خوا ρ و قەبرەکەی بە قەبری پێغەمبەرەوە نوو سێنرا و، وەك ئەویش تەختی زەوی یەکە کرا و ئاو پرژێن کرا و، بە مە مانگی دووهەمیش کەوتە ژوورەکەیەوە..

لە سەردەمی خەلیفە عومەردا خوا لێی رازیی بێ پایەو پلەی زانستییانەی خاتوو عائیشە دەرکەوت.. بەرە بەرە بۆ مو سڵمانان دەرکەوت کە خاوەنی زانستێکی یەکجار زۆرە ، ئیتر خەلیفەش و گەورە هاوەڵانیش هەر پر سیارێکی شەرعییان بوایە لەویان ئەپر سیی ، بە تایبەتیی لە کاروباری خاوخێزاندا .. بەمە عائیشە لە سەردەمی عومەر بە دواوە تا کۆچی دوایی کرد بووە خاوەنی فەتوا.[تي]

خەلیفە عومەریش خوا لێی رازیی بێ بایەخێکی چاکی بە دایکانی ئیمانداران ئەدا و ئاگاداریان بوو و، هەر شتێك بهاتایە بە شی ئەوانەی لە

---

[يي] حياة الصحابة لمحمد يوسف الكاندهلوي : 2 / 460 .

[تي] سەیری ( الطبقات الكبرى ) ی ئیبن سەعد : 2 / 375 بکە..

یاد نەئەچوو .. هەتا نۆ قاپی دانا بوو و هەر میوەیەك یا شتێكی دەگمەن بهاتایە خێرا بەشی هەر نۆیانی ئەكردە قاپەكانەوە و بۆی ئەناردن.[1]

ئەوەبوو كە خەیبەر بەش كرا رای دایە دە ست دایكانی ئیمانداران تا بە ویستی خۆیان بێت، یان پارچەیەك زەویی و زاریان بۆ جیا بكاتەوە، یان هەموو سالێك صەد وی سق خواردن و دانەوێڵەیان بۆ بنێرێت. ئەوە بوو عائیشە و حەفصە صەد ویسقەكەیان هەڵبژارد..[2]

خەلیفە عومەر خوا لێی رازیی بێ ئەوەندە بە تەنگ رێز و حورمەتی دایكانی ئیمانداراانەوە بوو، كە داوای مۆڵەتی حەج كردنیان لە خەلیفە خواست ، خەلیفە فەرمانی دا با عوثمانی كوڕی عەففان و عەبدورڕەحمانی كوڕی عەوف خوا لێیان رازیی بێ بچن لە گەڵیانا بۆ حەج و ، فەرمانی دا یەكێكیان لە پێشیانەوە بڕوا و یەكێكیشیان لە دوایانەوە و كەسیش نەبێت لە گەڵیانا و ، كاتێكیش وی ستیان بۆ حە سانەوە دابەزن بە تەنیا لە شیوێكدا بن و هەردووكیشیان لە دەمی شیوەكەدا پا سەوان بن و كەس نەچێتە لایان و، كە طەوافی ماڵی خواشیان كرد، با جگە لە ئافرەتان هیچ كەس لەگەڵیانا طەواف نەكات..[3]

بە بۆنەی ئەوەوە كە پێغەمبەری خوا ρ رێز و سەنگی تایبەتیی بۆ عومەر دائەنا ، ئەوا خاتوو عائیشەش سام و هەیبەتی عومەر لە دڵیدا بوو.. لە هەمان كاتدا كۆمەڵ فەرموودەیەكی شەریفی دەربارەی پایەداریی عومەر ریوایەت كردووە ، یەكێ لەوانە : فەرموودەی

---

[1] حياة الصحابة : 2 / 369 .

[2] أخبار عمر لعلي الطنطاوي وأخيه ناجي الطنطاوي .

[3] أخبار عمر .

پێغەمبەری خوایە ρ کە فەرموویە : (قد كانَ في الأمم قبلكم مُحدِّثونَ ـ أي مُلهَمونَ ـ ، فإن يكن في أمتي منهم أَحَدٌ ، فإنَّ عمرَ بن الخطاب منهم ) .[1] ئەفەرموێ : لە ئوممەتە پێ شیینەکاندا کە سانێك هەبوون کە خاوەن ئیلهام بوون . جا ئەگەر لە ئوممەتی مندا یەکێك لەوانە هەبێت ، ئەوا عومەری کوڕی خەططاب یەکێکە لەوانە.

هەروەها یەکێك لەوانە فەرموودەی شەریفی : ( إني لأنظر إلى شياطين الجن والإنس قد فروّا من عمر )[2]. ئەفەرموێ : چاوم لێیە شەیتانەکانی جینن و ئینس لەبەر ئیمانداریی عومەر لێی هەڵ دێن..

کاتێکیش خەلیفە عومەر خوا لێی رازیی بێ زا مدار کرا و بۆی دەرکەوت مەرگی نزیك بۆتەوە ، عەبدوڵڵای کوڕی ناردە خزمەتی عائیشە تا بزانێ ماوەی ئەدات لە حوجرە پیرۆزەکەی ئەودا لە تەنیا شتی هەردوو هاوەڵەکەیدا بنێژرێت..

ئەوەبوو بەوپەڕی ئەدەبەوە ـ هەرچەندە لەسەر مەرگدا بوو کوڕەکەی ناردە خزمەتی و پێی وت : بچۆرە خزمەتی عائیشەی دایکی ئیمانداران و پێی بڵێ : عومەر سەلامت لێ ئەکات ..نەکەی بڵێی : ئەمیری ئیمانداران ، چونکە من ئەمڕۆ ئەمیری ئیمانداران نیم . پێی بڵێ : عومەری کوڕی خەططاب داوای مۆڵەت ئەکات تا لەگەڵ هەردوو هاوەڵەکەیدا بنێژرێت.

عەبدوڵڵا هاتە خزمەتی دایکی ئیمانداران سەیری کرد وا دانیشتووە و ئەگری . سەلامی کرد وئەوەی باوکی پێی وت پێی راگەیاند .ئەویش

[1] رواه مسلم.

[2] رواه الترمذي و حسنه.

□

وەڵامی دایەوە :ئەو شوێنەم بۆ خۆم دانا بوو ،بەڵام ئەمڕۆ فەزڵی ئەو بەسەر خۆمدا ئەدەم .. بەمە ڕەزامەندیی نواند.

کە عەبدوڵڵا گەڕایەوە ، وترا : ئەوە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرە و گەڕایەوە ، عومەر فەرمووی : هەڵم بستێننەوە . پیاوێك شانی دایە ژێر و هەڵی ستاندەوە . پرسیی : چیت پێیە؟ وتی: ئەوەی تۆ پێت خۆشە ئەی ئەمیری ئیمانداران ، ماوەی دا .. خەلیفە وتی : سوپاس بۆ خوا .. هیچ شتێکم ئەوەندەی ئەو شوێنا شتنە بە لاوە گرنگ نەبوو ..ئەی عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ! سەرنج بگرە، کە گیانم دەر چوو بە قەرەوێڵەکەمەوە هەڵم بگرن و لە دەرگادا بوە ستە و بڵێ : عومەری کوڕی خەططاب داوای مۆڵەت ئەکات جا ئەگەر مۆڵەتی دا ئەوا بمبەرە ژوورەوە ، ئەگەر گێڕاشمیەوە ئەوا بم گێڕەرەوە بۆ قەبر ستانی مو سڵمانان. چونکە ئەتر سم مۆڵەتدانی ئێ ستای لە شەرمی دە سەڵاتی خەلیفەدا بێت.. کە هەڵیان گرت ،ئەت وت مو سڵمانەکان ئەو ڕۆژە نەبێت هیچ کات لێیان نەقەوماوە . ئەوەبوو دێ سان مۆڵەتی دایەوە و لە خزمەتی هەردوو هاوەڵەکەیدا نێژرا و ، ئەو شوێنە پیرۆزەی پێ بەخشرا ..[1] بەمە مانگی سێهەمیش کەوتە حوجرەکەی عائیشەوە..

ڕۆژ بە ڕۆژ پلە و پایەی زانستییانەی عائیشە لە زیاد کردنا بوو ، تا کە لە سەردەمی خەلیفە عوثمانەدا خوا لێی ڕازیی بێ دەوڵەتی ئیسلام فراوان بوو و ، گەلە جۆربەجۆرەکان هاتنە سەر دینی ئیسلام ، خەڵکیی

[1] أخبار عمر وهو في البخاري.

پێویستییان بەو زانستییە شەرعییە فراوانەی خاتوو عائیشە هەبوو، بۆیە لە هەموو لایەکەوە روویان لە مەدینە نا بۆ وەرگرتنی زانست..

وە نەبێ عوثمانیش لە عومەر خوا لێیان رازیی بێ بایەخی کەمتری بە دایکانی ئیمانداران دا بێت . بەڵکو ئەوپەڕی چاودێریی ئەکردن.. کاتێ کە ناردنی بۆ حەج عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەوف و سەعیدی کوڕی زەیدی ـ کە هەردووکیان لە دە کەسە مژدە پێدراوەکەن ـ کردنە پاسەوانیان ، یەکێکیان لە پێشەوە و یەکێکیان لە دواوە..

عائیشە چەند فەرموودەیەکی شەریفی لە بارەی پایەداریی خەلیفە عوثمانەوە خوا لێیان رازیی بێ گێڕاوەتەوە ، کە لەوانە ئەو فەرموودەیە کە پێغەمبەری خوا ρ ڕێزی زۆری بۆ عوثمان دانابوو و کە هاتۆتە ژوورەوە خۆی ڕێك و پێك کردووە ، کە چیی بۆ ئەبوبەکر و عومەر گوێی نەداوەتێ . کە عائیشەش لە هۆی ئەوە پرسیاری لێ ئەکا، ئەفەرموێ : ( ألا أستحيي من رجل تستحي منه الملائكة ). لە ڕیوایەتێکی تریشدا ئەفەرموێ : ( .... إن عثمان رجل حيي .... ) .[1]

هەروەها عائیشە ئەگێڕێتەوە و ئەڵێت : پێغەمبەری خوا ρ هاتە ژوورەوە لام و بڕێ گۆشتی بینی و ، فەرمووی : ( من بعث هذا ؟) فەرمووی : ئەمە کێ ناردوویە ؟ وتم : عوثمان . ئەبینم پێغەمبەری خوا ρ هەردوو دەستی بۆ ئاسمان بەرز کردوونەتەوە و بۆ عوثمان ئەپاڕێتەوە..[2]

---

[1] صحيح مسلم.

[2] رواه البزار وإسناده حسن..

□

کە عائیشە بەرگوێی کەوت وا هەندێك قسە بە عوثـمان ئەڵێن، تووڕە بوو و وتی:لەعنەتی خوا لەو کەسەی لەعنەتی لێ ئەکات..لەعنەتی خوا لەو کەسەی لەعنەتی لێ ئەکات .. چاوم لە پێغەمبەری خوا ρ بووە پاڵی بە عوثـ ـمانەوە داوە و منیش عەرەقی ناوچەوانی پێغەمبەری خوام ρ دە سڕیی و وەحییش ئەهاتە خوارەوە سەری و، یەك لە دوای یەك دوو کچی خۆیشی لێ مارە بڕیی بوو و ، ئـەیفـەرمـوو : ( أكتب عثيم ) . ئەیفەرموو : عوثـ ـمان بنووسە.. جا عائیشە ئەڵێت : جا هەر بەندەیەك خوای گەورە بە لای پێغەمبەرەکەیەوە ئەوەندە پایەداری بکات ، دیارە بەندەیەکی بەڕێزە بە لایەوە..[1]

هەروەها عائیـشە ئەو فەرموودەیە شی گێڕاوەتەوە کە پێغەمبەر ρ تیایدا سێجار وەسیەت بۆ عوثـ ـمان ئەکات کە ئەگەر ڕۆژێك هات و کاروباری موسـلمانانی گرتە دە ست و مونافیقان ویـ ـستیان ئەو کارەی لەبەردا دامالن، با بە گوێیان نەکات کە ئەیفەرموێ : (يا عثمان ! إن ولاّك الله هذا الأمر يوماً ، فأرادك المنافقون على أن تخلع قميـ ـصك الذي قمّصك الله ، فلا تخلعه ) ، يقول ذلك ثلاث مرات ..[2]

دیـ ـسان خاتوو عائیـ ـشە ئەو فەرموودە شەریفەی گێڕاوەتەوە کە پێغەمبەری خوا ρ لە نەخۆ شیی سەرەمەرگیدا ئاواتی خوا ستووە هاوەڵێکی لە لای بوایە کە ئەفەرموێ : ( ودِدْتُ أَنَّ عِندي بَعضَ أَ صحابي ). عائیـ ـشە ئەڵێت : وتمان : ئەی پێغەمبەری خوا ! ئایا بانگی ئەبوبەکرت بۆ نەکەین ؟ بێدەنگ بوو . وتمان : ئەی عومەرت بۆ بانگ

---

[1] رواه أحمد والطبراني . ورجاله ثقات عدا بنت ثمامة غير معروفة..

[2] رواه الترمذي وأحمد وابن ماجه ، واللفظ له.

نەكەین؟ دیسان بێدەنگ بوو . وتمان : ئەی عوثـمانت بۆ بانگ نەكەین؟
فەرمووی : ( نعم ) .. كە هات بەتەنیا لە لای مایەوە و هەر پێغەمبەر
ρ قسەی بۆ ئەكرد و ، رەنگی عوثـمانیش دەگۆڕا.. ئەوە بوو خەلیفە
عوثـمان ئەو رۆژەی كە گەمارۆی ماڵەكەی درابوو ئەیوت : پێغەمبەری
خوا ρ پەیمانی لێ وەرگرتووم و منیش بۆ خزمەتی ئەچم ..[*]
خەلیفە عوثـمان تا كۆتایی تەمەنی رێز و حورمەتی لە دایكانی
ئیمانداران ئەگرت و ئەوانیش بە هەمان شێوە ..
كاتێكیش كە مونافیقان هاتنە سەر خەلیفە عوثـمان عائیشە زۆر پێی
ناڕازیی بوو ، بۆیە مەدینەی بەجێ هێشت وبەرەو مەككە ، بە نیازی
حەجەوە ، كەوتە رێ . ئەوەبوو هەندێ لە موسلمانان داوایان لێ كرد لە
مەدینەدا بمێنێتەوە بەڵكو شەرمێكی لێ بكرێت و قسەیەكی خێری لێ
وەربگیرێ ، ئەمیش وەڵامی دانەوە كە ترسی ئەوەی هەیە ئەگەر رایەك
دەر ببڕێت وەك ئوم حەبیبەی بە سەر بێت كە ویستی ئاو بۆ خەلیفە ببات
، كەچیی خەریك بوو بە دەستی مونافیقان تیا بچێت!!
كە لە حەج گەڕایەوە بۆ مەدینە ، لە رێگادا هەواڵی شەهیدكرانی
خەلیفەی بیست .. زۆری پێ ناخۆش بوو و، دەریشی بڕیی كە
موسلمانەكان لەبەردەم عەوامی تازە موسلماندا رەخنەیان لە خەلیفە
گرت و وا ئەوانیش جورئەتیان كرد و شەهیدیان كرد.. ئەوەبوو بەرەو
مەككە گەڕایەوە و لەوێ وتارێكی كاریگەری بۆ موسلمانان دا ..لەو
وتارەیدا رێزێكی زۆری بۆ خەلیفە دانا و، ئاواتیشی ئەوەبوو كە خوێنی

---

[*] رواه ابن ماجه . وإسناده صحيح و رجاله ثقات..

□

شەهیدی ستەم لێ کراو نەفەوتێت ! هەتا کە زانیی موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکر ، کە برای بوو، یەکێکە لە ناودارانی ئاژاوەچییان و دژی خەلیفە وەستاوە ، لە براکەی تووڕە بوو و لە بریی موحەممەد ناوی نا موذەممەم و ، هەمیشە و بە کوڵ لە قووڵایی دڵیەوە دوعای لەویش و لەوانەش ئەکرد کە لە شەهیدکردنی عوثماندا بەشدار بوون ، تا ئەوە بوو دوعاکەی خاتوو عائیشە گیرابوو و کوژرا و لە لاشەی گوێدرێژێکدا سووتێنرا..

پەیوەندیی نێوان عائیشە و ئیمامی عەلیی خوا لێیان رازیی بێ

پەیوەندیی نێوان خوشك و برایەکی ئیمانیی بوو کە هەردووکیان بەرزترین پلەی ئیمان و چاکترین شێوەی تێگەیشتنی قورئان و سوننەتیان دەست کەوتبێ .. هەتا ئەو کاتەش کە ئیمام کرا بە خەلیفە هیچ ناجۆرییەك لە نێوانیاندا رووی نەداوە ..

بێگومان ئیمام پێغەمبەری خوای ρ زۆر خۆش ئەویست و، ئەشی زانیی کە عائیشە چەندە بەڕێز و پایەدارە لە دڵی پێغەمبەری خوادا ρ، بۆیە ئەمیش بە هەمان ترازوو رێز و حورمەتی بۆ عائیشە دائەنا..

عائیشەش ئەیزانیی ئیمام چ پایەیەکی بەرزی لە دڵی پێغەمبەری خوادا ρ هەیە، ئیتر با خزمایەتیی و زاوایەتیی و جیهاد و ئازایەتیی و زوو موسڵمان بوونی هەر هەموو لەولاوە بوەستن .

بەڵگەشمان بۆ ئەمە ئەوەیە کە کاتێ پرسیار لە عائیشە کرا : کێ خۆشەویست ترین کەسە بە لای پێغەمبەری خواوە ρ ؟ وتی : فاطیمە..

وترا : له پیاواندا ؟ وتی : مێرده كه‌ی ، كه من بزانم ڕۆژووگر و شه‌ونوێژكه‌ره .[1]

هه‌روه‌ها به‌ڵگه‌یه‌كی ترمان ئه‌وه‌یه كه ئه‌و فه‌رمووده شه‌ریفه‌ی كه با سی فه ضل و گه‌وره‌یی ئه‌هلی به‌یت ئه‌كات و ، به گه‌وره‌ترین سیفه‌تی به‌رزی ئیمامی عه‌لیی خوا لێی ڕازیی بێ له قه‌ڵه‌م ئه‌درێ ، عائیشه ڕیوایه‌تی كردووه.

عائیشه ئه‌ڵێت : به‌یانییه‌كیان پێغه‌مبه‌ر ρ له ماڵ ده‌ر چوو و عه‌بایه‌كی له‌به‌ردا بوو كه نه‌خش و نیگاری له سه‌ر بوو و له مووی ڕه‌ش چنرابوو .. حه سه‌نی كوڕی عه‌لیی هات و خ ستیه ژێر عه‌باكه‌یه‌وه و، پاشان حوسه‌ینیش هات و ئه‌ویشی خسته ژێریه‌وه و، پاشان فاطیمه‌یش هات ئه‌ویشی خسته ژێریه‌وه و، پاشان عه‌لییش هات و ئه‌ویشی خسته ژێریه‌وه و، پاشان فه‌رمووی : ﴿ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُذۡهِبَ عَنكُمُ ٱلرِّجۡسَ أَهۡلَ ٱلۡبَيۡتِ وَيُطَهِّرَكُمۡ تَطۡهِيرًا ﴾.[2] ( الأحزاب : 33 ) .

به كۆبوونه‌وه‌ی هه‌ر پێنجیان له ژێر عه‌باكه‌ی پێغه‌مبه‌ردا ρ ناونران به ( أهل العباء ).. ئیتر ئه‌م چواره به نزیك ترین كه‌سی پێغه‌مبه‌ر ρ له قه‌ڵه‌م ئه‌درێن . موسڵمانان هه‌رپرسیارێكیان له عائیشه بكردایه و نه‌یزانیی بایه، ئه‌وا خاوه‌ن پرسیاره‌كه‌ی ڕه‌وانه‌ی لای ئیمام ئه‌كرد :

كاتێك كه شوره‌یحی كوڕی هانیء له باره‌ی مه سحی خوففه‌وه پرسیاری له عائیشه كرد ، وتی : بچۆ بۆ لای عه‌لیی كوڕی ئه‌بوطالیب و

---

[1] رواه الترمذي و حسنه.
[2] رواه مسلم.

پر  سیاری لیٚ بکە ،   چونکە ئەو لەگەڵ پیٚغەمبەری خوادا ρ   سەفەری ئەکرد .... [1]

چاری وەهاش ئەبوو وەڵامی پر   سیاریٚکی ئەزانی، لەگەڵ ئەوەشدا پر   سیارکەرەکەی رەوانەی لای ئیمام ئەکرد : یەکیٚ لەو پر   سیارانە کە پرسیاری لیٚ کرا : لە چ جل و بەرگیٚكدا ژن نویٚژ بکات؟ بە پرسیارکەرەکەی وت : لە عەلیی بپر  سە و پا  شان بگەڕیٚرەوە لام و پیٚم بلٚیٚ کە   چیی پیٚ وتووی . کە ئەچیٚت و پر سیار ئەکات و وەڵامەکە بۆ عائیشە دیٚنیٚتەوە ، ئەلٚیٚت : راست ئەکات . [2]

کاتیٚکیش کە ئیمام کرایە خەلیفەی مو سلٚمانان هەلٚویٚ ستی عائیشە بەرامبەری نەگۆڕرا ، بەلٚکو ئامۆژگاریی خەلٚکیی ئەکرد تا بەیعەتی پیٚ بدەن..

طەبەریی بە سەنەدیٚکی صەحیح لە ئەحنەفی کوڕی قەیسەوە تەخریجی کردووە ، کە وتوویە: هاتین بۆ حەج و ئەبینم وا لە ناوەڕا  ستی مزگەوتدا ـ واتە مزگەوتی پیٚغەمبەر ـ خەلٚك کۆبۆتەوە و، منیش تووشی  طەلحە و زوبەیر بووم و وتم : وا ئەبینم کە ئەم پیاوە ـ واتە عوثمان ـ ئەکوژریٚت، چا ئیٚوە بۆ کیٚ فەرمانم پیٚ ئەدەن هەلٚی ببژیٚرم؟ وتیان : عەلیی .ئەوەبوو هاتینە مەککەوە و تووشی عائیشە بووم و شەهیدبوونی عوثـمانیشمان پیٚ گەیشتبوو ، لیٚم پر سیی :  تۆ بۆ کیٚ فەرمانم پیٚ ئەدەی هەلٚی ببژیٚرم ؟ وتی : عەلیی..

[1] رواه مسلم وأخرجه أيضاً النسائي و إبن ماجه..
[2] المصنف لعبد الرزاق الصنعاني : 2 / 128.

ئەڵێت : جا گەڕاینەوە بۆ مەدینە و بەیعەتم بە عەلیی دا و، گەڕامەوە بۆ بەصرە..[1]

[1] فتح الباري 13 / 29.

عائشەی کچی ئەبوبەکر

# جەنگی جەمەل

که عائیشه له مەککەوه بۆ مەدینه ئەگەڕایەوه ، له ڕێدا هەواڵی زانیی که خەلیفه عوثمان خوا لێیان ڕازیی بێ شەهید کراوه ، ئیتر وای به چاك زانیی بگەڕێتەوه مەککە ، چونکه مەدینه به کەڵکی دانیشتنی ئەو نایەت.

که گەیشتەوه مەککە، عەبدوڵڵای کوڕی عامیری حەضرەمیی ، که خەلیفه عوثمان ئەمیریی مەککەی پێ سپاردبوو، هاته خزمەتی و پرسیی : چیی گێڕایتیەوه ئەی دایکی ئیمانداران؟ وتی : به زوڵم شەهید بوونی عوثمان گێڕامیەوه، چونکه کاروبار دانامەزرێ و ئەم غەوغایەش شتێکی تێدایه . کەواته داوای سەندنی خوێنی عوثمان بکەن، ئیسلام پێی دەسەڵاتدار ئەبێت.[1]

پاشان یەکەم وتاری لەم بارەیەوه دا..

ئەوەبوو ئاژاوەچییەکان دەستیان به سەر مەدینەدا گرت و، بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ غافیقیی کوڕی حەرب ئەمیریی شار بوو.. پاشان که دییان وا کاروباریان بۆ بەڕێوه ناچێ و ، لەوانەیه موسڵمانان له هەموو قوژێکەوه بێنه سەریان، به پەله و هەڕەشەوه خەلافەتیان بەسەر هاوەڵه ناودارەکاندا ئەسەپاند ، به شکوم یەکێکیان ببێته خەلیفه و ئەوان لەو بارودۆخه ناهەمواره سەرفراز بن .. که داوایان له هەر هاوەڵێك ئەکرد تا خەلافەت وەربگرێت ، هاوەڵەکەله ترسی تاوانبار بوون بەبه شداریی ڕژاندنی

---

[1] تأريخ الطبري 3 / 07

□

خوێنی خەلیفە عوثـمان خەلافەتی ئەدایە دواوە. هەرواش بوو نەوەی ئومەییە ئیمامی عەلیـیان بەوە تاوانبار کرد و لێیشی هەڵ گەڕانەوە..

که پێنج ڕۆژ بە سەر شەهیدبوونی خەلیفەدا رابورد، بارودۆخی شار یەکجار خراپ بوو، بۆیە هاوەڵە ناوداره خەمخۆرەکان لە ئیمام پاڕانەوە تا خیلافەت وەربگرێ و فریای ئیسلام و موسلمانان بکەوێ، چونکە بێخەلیفەیی ئەوپەڕی مەترسیی تێدایە و، پێویستە بەرژەوەندیی ئوممەتی ئیسلام پێش هەموو شتێك بخرێت. ئیتر ئەوەبوو ئەو هەموو ناهەقییە دەربارەی ئیمام وترا، بێئەوەی هیچ بەرژەوەندییەکی کەسیی بۆ ئەو تێدا بێت..

که بەیعەتی خەلیفـایەتیی بە ئیمـام درا، ئیمـــام خوا لێی ڕازیی بێ سەرنـجی دا ئاژاوە چییەکان بە خۆیان و ئەعرابی شوێن کەوتوویانەوە بە سەر مەدینەدا زاڵ بوون و تەنگیان بە دانیشتوان هەڵ چنیوە.. بۆ ئەمە فەرمانی دا هەرکەسێك بگەڕێتەوە بۆ ناوچە و مەنزڵی خۆی. دەستەی عەبدوڵلای کوڕی سەبەئی سەرۆکی ئاژاوە گوێیان بەم فەرمانەی خەلیفە نەدا و عەرەبە دەشتەکییەکانیش چاویان لەوان کرد و نەگەڕانەوە..

که طەلحە و زوبەیر سەرنجی بارودۆخەکەیان دا، داوایان لە ئیمام کرد تا ماوەیان بدات سەردانێکی بە صرە و کووفە بکەن و سوپایەك بێننە سەر مەدینە بۆ سزادانی ئەوانەی کە لە فەرمان یاخیی بوون و، موسلمانانیش لە ئاژاوەیان ڕزگار بکەن، چونکە دانیشتوانی ئەو دوو ناوچەیە لایەنگری طەلحە و زوبەیر بوون و، چەکی زۆریشیان بەلاوە بوو.. بەڵام ئیمام ماوەی نەدان ئەو سەردانە بکەن، چونکە ئەوەی بە چاك نەئەزانی..

عائشەی بێ ئەوەی

پاشان طەلحە و زوبەیر کە نارەحەت بوون و بارودۆخی مەدینەیان بە دڵ نەبوو ، ماوەیان لە خەلیفە خواست تا سەفەری عومرە بکەن ، [1] ئەویش ماوەی دان . کە هاتنە مەککە رایان لەگەڵ رای عائیشەی دایکی ئیمانداران یەکی گرت و بڕیاریان دا داوای خوێنی عوثمان و تۆڵەسەندن لە تاوانباران بکەن .. ئیتر ئەوەبوو رایان هاتە سەر ئەوە بەرەو بە صرە و کووفە بڕۆن ، تا لەوێ سوپا جەم بکەن و مەدینە لەو ناپاکانە رزگار بکەن و تۆڵەی عوثمانیش لە خوێنڕێژەکانی بستێنن.. بەمە عائیشەش لە مەککەوە بەرەو بەصرە کەوتە رێ..

لە هەمان کاتدا موعاویەش لە شام داوای تۆڵەسەندنی خوێنی عوثمانی ئەکرد و، بەیعەتی بە ئیمام نەدابوو ، لە سەر ئەوەی کە کوشتاری ئاژاوەچییان ناکات .. کاتێکیش کە ئیمام سەهلی کوڕی حونەیفی کردە ئەمیری شام و رەوانەی ئەوێی کرد، لە تەبووک چەند سوارێك رێیان پێ گرت و، وتیان : ئەگەر عوثمان ناردووتی ئەوا بە چاوان ، ئەگەر نا هەرکەس ناردووتی بگەڕێرەوە ... ئەویش گەڕایەوە..

بۆ ئەمە ئیمام خەریك بوو سوپا بەرەو شام بخاتە رێ، لەو کاتەدا دەنگ و باسی سەفەری طەلحە و زوبەیر و عائیشەی بۆ بە صرە بیست ، بۆیە بە پەلە لە مەدینە دەرچوو بەو هیوایەی لە رێگا بیان گرێت و لەو نیازەیان پەشیمانیان بکاتەوە.. چونکە ئیمام نە جەنگی ئەوی ئەویست و نە نیازی جەنگیشی هەبوو .. بەڵگەش بۆ ئەمە کاتێك کە ئیمام گەیشتبووە رەبەذە کوڕێکی ریفاعەی کوڕی رافیع لەبەر دەمیا هەستا و وتی : ئەی ئەمیری

---

[1] الطبري 3 / 4

ئیمانداران ! ئەتەویٚ چیی بکەیت؟ و بۆ کویٚمان ئەبەیت؟ ئیمام فەرمووی :ئەوەی ئیٚمە ئەمانەویٚ و نیازمانە بیکەین ئیـ صلاحە ئەگەر لیٚمانی وەربگرن و بیٚن بە هاوارمانەوە. پر سیی : ئەی ئەگەر نەهاتن بەدەم ئەم کارەوە؟ فەرمووی : وازیان لیٚ دیٚنین و عوزریان بۆ دیٚنینەوە و حەقیان ئەدەینیٚ و ئارام ئەگرین . پرسیی : ئەی ئەگەر رازیی نەبوون؟ فەرمووی : تا وازمان لیٚ بیٚنن لیٚیان ئەگەریٚین.. پر سیی :ئەی ئەگەر وازیان لیٚمان نەهیٚنا ؟ فەرمووی : خۆمان لیٚیان ئەپاریٚزین:

خاتوو عائیـ شەش کە لە مەککە دەر چوو ،ئەوەی بڕیار دا کە بۆ ئیـ صلاحی ئوممەت کار بکات و ئەو کەلیٚنەش بگریٚت کە بە شەهیدبوونی عوثـ ـمان لە ریزی موسلٚماناندا دروست بوو بوو . بۆ ئەم نیازە پیرۆزە دایکانی ئیمانداران کەوتنە گەلی هەتا گەیشتنە ( ذات عرق ) و لەویٚ بە خوایان سپارد، بەلاٚم بە گریان و فرمیٚسک رەوانەیان کرد، بە رادەیەك کە هیچ رۆژیٚك ئەوەندە فرمیٚسکی تیٚدا بۆ ئیـ سلام نەریٚژراوە.. ئیتر ئەوە بوو ئەو رۆژە ناو نرا رۆژی شین..

کە گەیـ شتنە ئاوی نەوەی عامیر شەو بوو و سەگەکان لیٚیان وەڕین. پرسیی : ئەمە چ ئاویٚکە؟ وتیان : ئاوی حەوئەبە. وتی : ئەبیٚت بگەریٚمەوە . هەندیٚ لەوانەی کە لە گەلیٚدا بوون وتیان : بەلٚکو وا چاکە بـ چیت تا موسلٚمانان بتبینن ، بەلٚکو خوای گەورە ئیصلاحی نیٚوانیان بکات. وتی :

---

الطبري 3 / 33

الطبري 013/3

پێغەمبەری خوا ρ ڕۆژێك پێی فەرمووە : ( كيفَ بإِحداكُنَّ تَنبَحُ عَلَيها كلابُ الحوأب)...[1]

بەم ڕووداوە یەكێك لە موعجیزەكانی پێغەمبەری خوا ρ هاتە دیی و، ئەوەبوو لە پێناوی ئیصلاحدا بەرەو بەصرە ڕۆیشت .

بەر لەوەی عائیشە بگاتە بە صرە ، والیی بە صرە لە لایەن ئیمامەوە، عوثـمانی كوڕی حونەیف دوو پیاوی ناردنە ڕێگای ، كە هاوەڵی پایەدار عیمرانی كوڕی حو صەین خوا لێی ڕازایی بێ و تابیعیی ئەبولئە سوەدی دوئلیی بوون هەردووكیان بە ڕێزەوە داوای مۆڵەتیان كرد تا بچنە خزمەتی ، عائیشە مۆڵەتی دان ، كە چوون سەلامیان كرد و وتیان : ئەمیرەكەمان ئێمەی ناردۆتە خزمەتت تا پر سیاری ئەم سەفەرەت لێ بكەین، جا ئایا هەواڵمان ئەدەیتێ؟ وەڵامی دایەوە : بەخوا كەسێكی وەك من بە كاری شاراوەوە سەفەر ناكات و ، هەواڵیش لە كوڕەكانی نا شارێتەوە . غەوغای دانیشتوانی ناو چەكان و هەر چیی و پەر چیی هۆزەكان حەرەمی پێغەمبەری خوایان ρ داگیر كرد و ،ئەو ڕووداوانەیان تێدا بەرپا كرد و ، جێی بیدعەچییانیان تێدا كردەوە و، بوونە شیاوی نەفرینی خوا و نەفرینی پێغەمبەرەكەی ، زیادلەوەش بەبێ هیچ بەڵگە و بیانوویەك ئیمامی مو سڵمانانیان كو شت ، بەمە خوێنی حەرامیان حەڵاڵ كرد و ر شتیان و، ماڵ و سامانی حەرامیان تاڵان كرد و ، حورمەتی ( البلد الحرام ) و ( الشهر الحرام )یان شكاند و، ..... منیش بە مو سڵمانانەوە هاتووم تا تێیان بگەیەنم كە ئەوانە چ كارێكیان ئەنجام

---

[1] رواه الإمام أحمد عن يحيى بن سعيد و صححه الذهبي، و الطبري 011/3

داوه و، مو  سڵمانانیش له چ بارودۆخێكدان و، بۆ ئیـ  صلاحی ئەم كاره پێویسته چیی ئەنجام بدەن ، پاشان ئەم ئایەته پیرۆزەی خوێند: ﴿ لَّا خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِّن نَّجْوَىٰهُمْ إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلَٰحٍ بَيْنَ ٱلنَّاسِ ۚ ﴾ ( النساء : 114) .

به گەوره و بـ چووك و نێر و مێوه كه خوای گەوره و پێغەمبەری خوا ρ فەرمانیان داوه هەوڵی ئیـ  صلاح ئەدەین . ئا ئەمە كاری ئێمەیه فەرمانتان پیا ئەدەین بۆ چاكه و هانتان ئەدەین لەسەری و، قەدەغەشتان ئەكەین له خراپه و هانتان ئەدەین كه بیگۆڕن.[بيبي]

كه عائیشه گەیشته بەصره دانیشتوان بوون به سێ دەستەوه:

دەستەیەك زۆریان پێ خۆش بوو ئەو كارەی ئەنجام داوه و پاڵیان پێوەی دا و، دەستەیەكیش پـ شتگیریی عوثـ  ـمانی كوڕی حونەیفیان كرد و، دەستەیەكیش له هەردوو لا كەناریان گرت .

عائیشه له هەموو هەڵس و كەوتێكیدا ئیـصلاحی له یاد نەئەچوو و نه شیئەویست لەو رێبازه لا بدات.. كه هەندێ لایەنگیری عوثـ  ـمانی كوڕی حونەیفیش بوون ویستیان جەنگ و كوشتار بكەن، عائیشه فەرمانی دا هیچ  سەربازێكی جەنگ نەكات، مەگەر بەرگریی له خۆ كردن..له هەمان كاتدا فەرمانی دا جاڕ چیەك داوایان لێ بكات تا واز له جەنگ بهێنن ..[تيبي]

---

بيبي الطبري 14/3

تيبي الطبري 3 / 17

□

کاتێکیش کە لایەنگرانی عائیشە دەسەڵاتیان پەیدا کرد و عوثـمانی والیەیان بە دیل گرت ، فەرمانی دا بەندی نەکەن بەڵکو ئازادی بکەن تا بۆ کوێی پێ خۆشە بڕوات.ﷺ

هەر کە عائیشە بە تەواویی دە ستی بە سەر ناوچەی بە صرەدا گرت، یەکەم کاری ئەوە بوو تۆڵە لەو ئاژاوە چیانە بـ ستێنێ کە دژی خەلیفە عوثـمان هەستان و شەهیدیان کرد. ئەوەبوو فەرمانی دا موسڵمانان یەك بە یەك ئەیانگرتن و ئەیانکو شتن ، جگە لە تاقە پیاوێکیان کە ئەویش حرقووصی کوڕی زوهەیر بوو، چووە پەنای عەشیرەتە بەدەسەلاتەکەیەوە، نەوەی سەعد و ، خۆی حەشار دا..

ئەمە نییەت و هەڵوێستی طەلحە و زوبەیر و عائیشە و شوێنکەوتوانیان بوو .. نیازیان خزمەتی مو سڵمانان و بەهێزکردنی ئیـ سلام و تۆڵە سەندن بوو لەو ستەمکارانەی کە عوثـمانیان بە ناڕەوا شەهید کرد..

لە دە ستەی ئەویەری شەوە.. دە ستەی خیلافەت ، کە ئیمامی عەلیی خوا لێی رازیی بێ کاروباری هەڵ ئەسووڕاند، وە نەبێ بەرژەوەندیی ئیسلام و موسڵمانان بەرچاو نەگیرا بێ.. وە نەبێ ئیمام خوێنی عوثـمانی لە یاد چوو بێت .نەگونجاوە ئیمام خاوەنی پایەی وەها بەرز بێت لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ، کە چیی ئەوەندەی ئەوان بگرە زیاتریش لەوە خەمخۆری خەلیفەی شەهید نەبێت .. ئەوەندە هەبوو ئیمام بە قووڵتر بیری ئەکردەوە و دووربینیی زیاتری ئەکرد ..بۆیە کە نزیکی بە صرە کەوتەوە خێرا قەعقاعی کوڕی عەمری خوا لێی رازیی بێ نارد و ئامۆژگاریی کرد

---

ﷺ الطبري 3 / 17

كە طەلحە و زوبەیر ببینیٚ و بۆیەكبوون و جەماعەت بانگیان بكات و ، نالەباریی جیاوازیی و دووبەرەكییشیان بخاتە پێش چاو..

قەعقاع گەیشتە بەصرە و، لە پێشەوە چووە خزمەتی عائیشە و پێی وت : دایە گیان! چیی پاڵی پێوە نایت تا جیا بیتەوە و بێیتە ئەم شارە؟ وتی : كوڕەكەم ! ئیصلاحی نێوان خەڵكیی . وتی : دەی بنێرە بە دوای طەلحە و زوبەیردا تا قسەی منیش و ئەوانیش ببیستی.. كە عائیشە ناردی بە دوایانا ، هەردووكیان هاتن.

قەعقاع پێی وتن : پرسیارم لە دایكی ئیمانداران كرد كە چیی پاڵی پێوە نایت تا جیا بیتەوە و بێیتە ئەم شارە؟ وتی: ئیصلاحی نێوان خەڵكیی . جا ئێوە چیی ئەڵێن ؟ ئایا شوێنكەوتووی ئەم بیرەن یان لێی جیان؟ وتیان : شوێنكەوتووین..

قەعقاع وتی : دەی هەواڵم بدەنیٚ ئەم ئیصلاحە چۆنە؟ بەخوا ئەگەر بە چاكمان زانیی ئێمەش صوڵح ئەكەین و، گەر بە خراپیشمان زانیی صوڵح ناكەین.

وتیان : بكوژانی عوثمان خوا لێی رازیی بیٚ . ئەگەر وازلەمە بهێنرێت ئەوە وازهێنانە لە قورئان و، گەر جیٚبەجێش بكریٚ ئەوە گوێڕایەڵیی قورئانە.

قەعقاع وەك ئەوان تۆڵەسەندنی خوێنی عوثمانی بە حەق ئەزانیی ، بەڵام چۆنیەتیی كاركردن بۆ ئەو باسە جیاوازیی دروست ئەكرد، چونكە ئەولە روانگەی بۆ چوونەكەی ئیمامەوە پێی خۆش بوو حیكمەت بەكار بهێنریٚ.. هەركارێك بكرێت ئەبێت قازانج و زیانی ئەوكارە پێش چاو بگیرێت ، بۆیە پێی وتن : ئێوە لە دانیشتوانی بەصرە بكوژانی عوثمانتان

کوشتۆتەوە. جا ئێوە پێش کوشتنەوەیان زیاتر لە سەر رێی را ست بوون تا ئەمڕۆتان . شەش صەد پیاوتان لیٚ کوشتوون جگە لە یەك پیاویان، بەمە شەش هەزار کەس لە سەریان لیٚتان زویر بوون و لیٚتان جیا بوونەوە و، لە نیٚوانتان دەرچوون و، کەوتنە شویٚن ئەوەش کە لە دە ستتان دەرچوو، واتە حرقوو صی کوڕی زوهەیر و، شەش هەزار کەس بەرگرییان لیٚ کرد و هەمووشیان لە سەر پیٚن . جا ئەگەر وازیان لیٚ دیٚنن ئەوا وازتان لەو کارە هیٚناوە کە بانگی بۆ ئەکەن و ، گەر ئەش چن بە گژی ئەوانیش و ئەوانەش‌دا کە کەناریان لیٚتان گرتووە و، هیٚر شیان هیٚنایە سەرتان ، ئەوا ئەوەی کە ئیٚوە ئەنجامتان دا و، دووبەرەکییتان پیٚی خ ستە ئەم کارەوە ، لەوە گەورەترە کە ئیٚوە بە دلٚتان نیە.. ئیٚوەش لەم ولاٚتەدا ( حمیّة ) ی مو ضەر و رەبیعەتان جوولاٚند و، لە سەر بەگژدا هاتنتان یەکیان گرت و پ شتی ئیٚوەیان بۆ ئەوانە بەر دا ، هەروەك ئەوانە بۆ ئەم رووداو و تاوانە گەورەیە کۆبوونەوە.

دایکی ئیمان‌داران وتی : ئەی تۆ چیی ئەلٚیٚیت؟

وتی : ئەلٚیٚم : دەرمانی ئەم کارە بیٚدەنگ بوونە. چونکە بە بیٚدەنگ بوون بلاٚوەی لیٚ ئەکەن . جا ئەگەر ئیٚوەش بەیعەتتان پیٚمان دا ئەوە نیـ شانەی چاکە و ، مژدەی رەحمەت و ، تۆلٚە سەندنی ئەو پیاوە و، سەلامەتیی و بیٚوەیی ئەم ئوممەتەیە .. خۆ ئەگەر واتان نەکرد و دژایەتیی ئەم کارەتان کرد ، ئەوە نیـ شانەی خراپە و ، فەوتانی ئەو تۆلٚەیە و ، سەرهەلٚدانی بەلاٚو جەنگ و ئاژەوەی ئەم ئوممەتەیە . جا ئیٚوەش بیٚوەیی هەلٚ ببژیٚرن خوا پیٚتان ئەبەخ شیٚت و، وەك جارانتان کلیلی چاکە بن ، نە ئیٚمەش و نە خۆشتان تووشی بەلاٚ مەکەن، تا ئیٚمەش و ئیٚوەش بە زەوییدا

□

نەدات.. سوێندیش بەخوا ئەخۆم کە من ئەمە ئەڵێم و ئێوە شی بۆ بانگ ئەکەم ،لە هەمان کاتدا ئەشتر سم ئەمە نەیەتە دیی و خوا بەڵا و مەینەتیی بەسەر ئەم ئوممەتەدا ببارێنێ ، کە خۆیشی و رابواردنی کەم بوو و ئەو هەمووەی بە سەردا هات..... وتیان : بەڵێ ، چاکت وت و پێکات ، دەی بگەڕێرەوە ، ئەگەر عەلییش هاتە پێشەوە و رای وەك ئەم رایەی تۆ وەها بوو ئەم کارە چاك ئەبێت...

ئەویش گەڕایەوە بۆ لای ئیمام و هەواڵەکەی دایێ و ، ئیمامیش ئەوەی زۆر پێ خۆش بوو.بەمە مو سڵمانەکان لە رێككەوتن نزیك بوونەوە و، ئەوەی پێی ناخۆش بوو پێی ناخۆش بوو و ، ئەوە شی پێی رازیی بوو پێی رازیی بوو .. سیی

ئەم هەوڵ و کۆششە پڕ لە ئیخلاصەی قەعقاعی کوڕی عەمر خوا لێی رازیی بێ بەرهەمی چاکی دا..ئەوەبوو نێراوانی هەردوو لا کەوتنە هاتو چۆ و ، ئیمامیش خوا لێی رازیی بێ وتاری بۆ هاوەڵانی دا .. ئەوە بوو سەرەتا سوپاس و ستایـ شی خوای تاك و تەنیای کرد و پا شان صەڵەواتی لە سەر پێغەمبەر p دا و، با سی سەردەمی نەفامیی و بەدبەختییەکانی و، سەردەمی ئیـ سلام و بەختەوەریی و نیعمەتەکانی خوای کرد کە بە ئوممەتی ئیسلامی بەخشیون ، ئەویش بە یەكگرتنیان بە بۆنەی ئەبوبەکری خەلیفەی پێغەمبەری خواوە p ، پا شان بە بۆنەی عومەرەوە ، پاشان ئەو رووداوەی کە رووی دا چەند کۆمەڵێکی دنیاویست هێنایان بە سەر ئوممەتی ئیـ سلامدا ، بەوەی کە حە سوودییان برد بەوانەی

---

سیی تأريخ الطبري 3 / 29 .

□

که خوا پایەداری کردبوون و، وی ستیان کارەکان بەرەو دوا بگێڕنەوە. بەڵام خوای گەورە کاری خۆی بە ئەنجام ئەگەیەنێ و، هەر چیی شی بوێ جێ بە جێی ئەکات.

جا ئیمام بڕیاری دا کە سبەینێ ئەکەوێتە ڕێ و، داواشی لە موسڵمانان کرد تا ئەوانیش بکەونە ڕێ .[ﺸﻲ] بەڵام بڕیاری ئەوەی دا کە هەر کەسێك بە هەر شێوەیەك کۆمەکیی دوژمنانی خەلیفە عوثـمانی کردبێ با نەکەوێتە گەلی و لە گەڵیا بار نەکات و، با سەفیهەکان لێی دوور بکەونەوە .[ﻟﻲ]

ئەوە ماوە سەرنجێکی جەنگی جەمەل بگرین تا بە جوانیی لە هەڵوێ ستی پاکی هاوەڵانی پێغەمبەر ρ خوا لێیان ڕازیی بێ تێ بگەین، بە تایبەتیی ئیمام عەلیی و طەلحە و زوبەیر و عائیشە کە هەر هەموویان مژدەی بەهە شتیان وەرگرتووە .. هەر سێ پیاوەکە لە دە مژدە پێ دراوەکەن و عائیشەش بە پێی ڕیوایەتەکەی ئیمامی تیرمیذیی هاوسەری دنیا و قیامەتی پێغەمبەری خوایە ρ.

پێوی ستە لە هەڵوێ ستی پاکیان ئاگادار بین و بزانین ئەو کو شتارە ناهەموارانەی نێوانیان دە ست کی سەی دوژمنانی ئی سلام بووە و ئەوان حەزیان پێ نەکردووە . چونکە ئەمڕۆ زۆریك لە ڕۆڵەی مو سڵمانان سەرگەردان کراون و کە ئەو باسە ئەبیستن ، ئەیانەوێ بزانن ئەو خوێنە لە گەردنی کام لایاندایە !!

---

[ﻟﻲ] کاتێك کە قەعقاع هەوڵی ڕێككەوتنی ئەدا ئیمام لە ناوچەی ( ذي قار ) ی ناصریەی ئەمڕۆی باشووری عیراق باری خستبوو. جا کە قەعقاع بە سەرکەوتوویی گەڕایەوە ، ئیمام سوپاکەی بەرەو بەصرە خستە ڕێ و لە نزیك بەصرەدا باری خست.

[ﻫﻲ] الطبري 3 / 32 .

□

بە را ستیی زۆر سەیرە ! مو سڵمانێك بە وردیی سیرەتی پێغەمبەر و هاوەڵانی خوێندبێتەوە و ، ئاگاداری جیهاد و غیرەت و ئیخلاص و خۆ نەویستنیان بێت ، بە تایبەت ئەوانەی کە مژدەی بەهەشتیان وەرگرتبێت، چۆن بەرامبەر بەو بەرێزانە گومان لە دڵیدا دروست ئەبێت؟

دوای ئەوەی کە ئیمام لە نزیکی بەصرەدا سوپای دابەزاند ، عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسی نارد بۆ لای طەلحە و زوبەیر خوا لە هەموویان رازیی بێ و ، ئەوانیش موحەممەدی کوڕی طەلحەیان نارد بۆ لای ئیمام ، تا هەر یەکەیان لەگەڵ هاوەڵانیدا وت و وێژ بکات . هەردووبەمە رازیی بوون و زۆریان پێ خۆش بوو صوڵحێکی رێك و پێك بکەن و بە جوانیی لە یەك تێ بگەن : ئەوان بە راستیی و بە پاکیی داوای خوێنی عوثمان ئەکەن و ئیمامیش لەوان زیاتر لە سەر ئەو مافە شەرعیی‌یەی ئیسلام سوورە . چونکە کە ئەوان لەسەر سەندنی خوێنی خزمیان سوور بن ، ئەبێت ئیمام کە ئێستە ئەمیری ئیماندارانە، بە ناوی خیلافەتەوە داوای خوێنی عوثمان بکات..

ئەمە لە مانگی جومادی دووهەمی ساڵی سیی و شەشەمدا بوو.. ئەو ئێوارەیە طەلحە و زوبەیر فەرمانیان دا بە سەرۆك و فەرماندەکانی سوپاکەی خۆیان و ئیمامیش فەرمانی دا بە سەرۆك و فەرماندەکانی سوپاکەی خۆی و ، جگە لەوانەی کە خەلیفە عوثمانیان شەهید کرد، ئاگاداریان کردن کە هەردوو لا رێك کەوتوون. ئەو شەوە کە نیازی صوڵح و

عائشەی پێی ئەوێ تەحەمەڕ

ڕێك كەوتنی تێدا كرابوو خۆشترین شەو بوو بە لای موسڵمانەكانەوە، وەك بڵێی ئەو شەوە هەموو ئاواتێكیان دەست گیر بوو بێت..[لي]

لەولاوە ئاژاوەچییەكانیش بۆ بەرژەوەندیی خۆیان لە مەسەلەكە گەیشتن.. بۆیان دەركەوت صوڵحی نێوان هەر دوو سوپاكە واتە سەركەوتنی موسڵمانان و پووچەڵبوونەوەی هەموو نەخشە و پیلانێكیان و، سەرەنجامیش ئەوان ئاشكرا ئەبن و ئەبنە نێچیری هەر دوو لا و بە ئاسانیی ڕاویان ئەكەن و تۆڵەی خوێنی شەهیدی خاوەن شەرم و حەیایان لێ ئەستێنن .. بۆیە هیچ شەوێك بە لایانەوە ئەوەندەی ئەو شەوە ناخۆش نەبوو، چونكە مەرگ لێیان نزیك بووبوویەوە.. ئەوەبوو ئەو شەوە هەتا بەیانیی خەریكی وت و وێژ و ڕاوێژ بوون و ، دوا بڕیاریان هاتە سەر ئەوە بەهەر شێوە و نرخێك بووە ئەبێت ئاگری جەنگ خۆش بكەن و نەهێڵن صوڵح و ئاشتی بكەوێتە نێوان ئەو دوو لەشكرەوە..

ئەم بڕیارەیان بە نهێنیی هێشتەوە و هەوڵیان دا بە وردیی ئەنجامی بدەن.[بحی]

---

[لي] الطبري 3 / 39 .

[بحی] ئەو جوولەكە دەم موسڵمانانەی ئەو ڕۆژە خاوەنی نهێنیی و بڕیار و نەخشەكێشانێكی زۆر ورد بوون، بە ڕادەیەك كە دەست و پەلی نەخشەی ئیسلامیيان بەست ، تا بیر و بۆچوونەكانی ئەوان كاری بۆ بكرێ و هێزی بازووی موسڵمانان ـ لەو سەردەمە پاكەشدا ـ بۆ ئەوان و بۆ بەرژەوەندیی ئەوان كار بكات.. هەر چەندە بیر لەو دەستە چەپەڵەی كوڕی سەبەئی جوولەكە ئەكەمەوە ، وا ئەبینم ئەوانە یەكەم بناغە و تۆو و بنەڕەتی بیر و نەخشەی صەهیۆنیەتن كە لەوە و دوا بە شێوەیەكی نهێنیی ( پڕۆتۆكۆلات حكماء صهیون ) یان نووسیی بۆ ژێربارخستنی هەموو مرۆڤایەتیی تا بە خۆیان نەزانن و هەموو ڕەنج و تەقالایەكیان بۆ قازانجی جوولەكە بێت و، جوولەكە هەموو بەرهەمێكیان بچنێتەوە..

ئەوەبوو بەیانیی زوو لەگەڵ تاریك و لیڵییدا ، ئاژاوە چییەكان بیّ
ئەوەی ئەم لاو ئەو لایان پێیان بزانن ، بەو تاریكییە ، خۆیان دزییەوە و
، ئەوانەی مو ضەریی بوون خۆیان گەیاندە لای مو ضەرییەكان و،
رەبعییەكان لای رەبعییەكان و یەمانییەكانیش لای یەمانییەكان، خۆیان
كرد بە ناو هۆزەكاندا و شم شێریان خ ستە گەردنیانەوە... دانیشتوانی
بە صرە بە جاریّ را چڵەكین و دژیان هە ستان و ، هەموو هۆزێكیش دژی
ئەوانە هەستان كە لەو ناخڵۆفییەدا هێرشیان هێنایە سەریان..
جەنگ گەرم بوو.. بیّ پر سی هیچ لایەك ئاگری ئاژاوە كلپەی سەند..
هەر لایەك وایئەزانی لاكەی تر دە ستدرێژیی ئەكات و جەنگی بەرپا
كردووە .. هەولێكی زۆر درا تا جەنگ بوە ستێت.. سەبەئییەكانیش
ئاواتیان ئەوە بوو جەنگ نەوە ستێت .. هانی خەڵكیان ئەدا جەنگ
بكەن.. ئیمام عەلییش بانگی ئەكرد : خەڵكینە! دە ست بگرنەوە ، هیچ
نیە.. قا ضیی شاری بە صرەش ، كەعبی كوڕی سوور خۆی گەیاندە لای
عائیشە و هاواری كرد : فریا كەوە ، خەڵكەكە تەنها بە جەنگ رازیی
ئەبن، بەڵكو خوا بە تۆ صوڵحیان بكات. دایكی ئیمانداران سواری
و شترەكەی بوو و كەژاوەیان بە دەوردا گێڕا و كەژاوەكە شیان بە قەڵغان
داپۆ شیی و، كەعبی قا ضیی بە صرەش جڵەوی و شترەكەی بە دە ست
گرتبوو..
عائیشە فەرمانی بە كەعب دا كە جڵەوی و شترەكە بەر بدات و، بە
قورئانی پیرۆزەوە پێش بكەویّ و بانگیان بۆ گویّڕایەڵیی قورئان بكات..
قورئانێكی دایە دە ستی كەعب و، لەولا شەوە سەبەئییەكان پێش
خەڵكەكە كەوتبوون و لە تر سی صوڵح و رێككەوتن خەڵكیان بۆ كو شتار

□

هەڵ ئەنا ، ئیمام عەلییش خوا لێی رازیی بێ لە دواوە هەوڵی دەدا بیانگێڕێتەوە و کوشتار نەکەن ، کەچیی ئەوان هەر بۆ پێشەوە هەڵمەتیان ئەدا و جەنگیان گەرم ئەکرد. کە کەعب بە قورئانەکەوە بەرەو رووویان رۆیشت و بۆ ملکە چیی قورئان بانگی کردن ، بە هەموویانەوە، بە یەك دەست بە تیر دایان گرتەوە و شەهیدیان کرد..

ئەگەر بڵێین : طەلحە و زوبەیر و عائیشە داوای خوێنی عوثمان ئەکەن، ئەبوا سوپای ئەو بەر بێدەنگ بوایە تا ئەمان هێرش بکەن کە چیی وا ئەمان قورئان بەرز ئەکەنەوە!

ئەگەر بڵێین: ئیمام عەلیی ئەمیری ئیمانداراڵنە و ئەیەوێ هەر ئاژاوەیەك لە دژی بەرپا ببێ ئاوی بە سەردا بکا و نەیهێڵێ ، هەتا ئەگەر ناچار ببێ سوپا بەکار بهێنێ ، وا ئەویش داوای وەستانی جەنگ و صوڵح کردن ئەکات . کەواتە ئەوە ماوەتەوە کە سەبەئییەکان خاوەنی بەرژەوەندیین و هەر ئەوانیش ئاگری جەنگ خۆش ئەکەن تا مو سڵمانان ماوەیان نەبێت تۆڵەی خوێنی عوثمانیان لێ بسەنن.. کەواتە ئەم جەنگە ئەوان بەرپایان کرد بۆ پارێزگاریی خۆیان .. بەمەش دەرئەکەوێ کە خوێنی عوثمانی پێ نەسەنرا، بەڵکو ئەو خوێنڕێژانە خۆیان دەرباز کرد..

کە کەعبیان شەهید کرد ، کاژاوەکەی عائیشەیان داگرتەوە..

عائیشەش هاواری لێ ئەکردن و بە ( ألله ) ( ألله ) خوای بیر ئەخستنەوە و، داوای لێ ئەکردن یادی خوا و یادی قیامەت بکەن، کە چیی هەر بۆ پێشەوە هەڵمەتیان ئەدا ..

عائیشە خوا لێی رازیی بێ تێ گەیشت کە جڵەوی مەیدان لە دەستی ئەو سەنراوە ، هەرووەك لە دەستی ئیمامیش سەنراوە و ، بۆی دەرکەوت

عەلییش ، وەك خۆی ، جەنگ‌کەر نیەو ئەمە جەنگی بکوژانی خەلیفە عوثـمانە . کە سەرنجی ئەم لاو ئەو لای دا وا خوێنی موسڵمانان ئەڕژێ، قرچە لە جەرگی هەڵسا و بە دڵێکی پڕ لە سۆزەوە هاواری کردە موسڵمانان تا نەفرین لە بکوژانی عوثـمان و کۆمەك و پـشتیوانیان بکەن.. بەرەو پێـشەوە ئەچوو و دەستی پاڕانەوەشی بۆ لای خوا بەرز کردبوویەوە و هەموو ئەهلی بەصرەش بە جارێك خەریکی نزا و پاڕانەوە بوون..

کە ئیمام عەلیی خوا لێی رازیی بێ لەو بەرەوە گوێی لە دوعاکەیان بوو، پرسیی : ئەو دەنگە دەنگە چییە؟ وتیان : عائیشەیە لە خوا ئەپاڕێتەوە و خەڵکەکەش لە گەڵیا ئەپاڕێنەوە تا خوا تۆڵە لە بکوژانی خەلیفە عوثـمان و کۆمەك و پشتیوانیان بسێنێت.

کە ئیمام ئەمەی بیست ، خێرا ئەویش دەستی بە دوعا و پاڕانەوە کرد و ئەی فەرموو : خوایە ! نەفرین لە بکوژانی عوثـمان و کۆمەك و پشتیوانیان بکە..

ئەوەبوو لە سەرەتای جەنگەوە طەلحە بە تیرێك پێکرا و مەیدانی جەنگی بەجێ هێشت و گەڕایەوە بەصرە و بەو زامەی کۆچی دوایی کرد..

زوبەیریش کە فەرموودەکەی پێغەمبەری ρ هاتەوە یاد کە پێی فەرموو بوو: ( لتقاتلنه وأنت له ظالم ) . فەرمووی : کو شتاری عەلیی ئەکەیت و، بەم کارە شتـستەمی لێ ئەکەیت . ئەمەشی کاتێك فەرموو کە عەلیی و زوبەیری بینیی یەکیان زۆر خۆش ئەویست .. کاتێك ئەم فەرموودەیەی هاتەوە یاد دەستی لە جەنگ هەڵ گرت و مەیدانی بەجێ

---

أورده ابن كثير في البداية والنهاية ( 6 / 213 ) ، الطبري : 3 / 37 ...

هێـ شت و گەڕایەوە بۆ دۆڵی ( سیباع ) و عەمری کوڕی جورموزی نامەردیش شوێنی کەوت و لە ناخلۆفا شەهیدی کرد.

دەستەی ئیبن سەبەء هەڵمەتیان ئەدا و خوێنی موسڵمانانیان ئەڕێژا و هەولیان ئەدا نەهێڵن جەنگ بوەستێت.

لەولاوە ئەزدی بە صره و نەوەی ( ضبّە ) ش دەوری و شترەکەی عائیـشەیان گرت و پاڵەوانانە ، بە شیعر و سروودێکی دڵگەرمەوە بەرگرییان لێ کرد..

کە جەنگ گەرم بوو ، عائیـشە بۆ ئەوەی جەنگ بووەستێنێ هاتە مەیدانی جەنگ .. بە پێـ چەوانەوە لە جیاتی وەستانی جەنگ ، جەنگ ئەوەندەی تر بلێسەی سەند .. سەبەئیەکان هەولیان دا بیکوژن ، بۆیە بە تیر دایان گرتەوە و پاسەوانەکانیشی پاڵەوانانە بەرگرییان لێ ئەکرد و گیانی خۆیان خستبووە سەر لەپی دەست ، تا ئەوەبوو چل کەس ـ لە ریوایەتێکی تردا حەفتا کەس ـ بەسەر جڵەوی وشترەکەدا کوژران..

عەبدوڵلای کوڕی زوبەیر ئەڵێت : هەرگیز وەك رۆژی جەمەل نەدیوە.. تاقە کە سێکمان نەئە شکا و هەڵ نەئەهات .. وەك شاخی رەش دامەزرا بووین .. هەرکەسیش دەستی بە جڵەوی وشترەکە (ی عائیشە)وە بگرتایە ئەکوژرا..[*]

سەبەئیەکان ئەو هەموو هێرشەیان ئەکردە سەر عائیـشە تاوەکو خوێنی ئەویش وەك خوێنی عوثمان و طەلحە و زوبەیر بڕێژێت..

---

[*] الطبري 3 / 41 .

□

ئیمام عەلیی خوا لێی رازیی بیّ هەوڵی زۆری دا بۆ ـئەوەی جەنگ بوە ستێت ، بەڵام بێهوودە بوو .. لە ئەنجامدا رای هاتە سەر ئەوە تا ئەو و شترەی عائیـ شە نەکوژریّ جەنگ ناوە ستێت.. بۆیە بانگی کرد : ئەو و شترە بکوژن .. ئەگەر کوژرا بڵاوەی لیّ ئەکەن! ئەوەبوو پیاوێك دای لە و شترەکە و کەوت .. خێرا ئیمام فەرمانی دا بە سەر موحەممەدی کوڕی ـئەبوبەکردا خوا لیّیان رازیی بیّ کە برای عائیـ شە بووـتا خێوەتێك بۆ عائیشە هەڵ بدات و خۆی پاسەوانیی بکات و بیپارێزێت.

بەم شێوەیە عائیـ شە خوا لێی رازیی بیّ ئەو هاو سەرەی پێغەمبەری خوا ρ دەرچوو کە صەگەکانی ئاوی حەوئەب لێی وەڕین و، لە لای راست و لەلای چەپیـ شیـدا مو سڵمانێکی زۆر کوژران ، وەك پێغەمبەری خوا ρ هەواڵی دا کە فەرمووی : ( يقتلُ عن يـمينها و عن يسارها قتلى كثيرة ) ﷺ.

وێ ستی خوای گەورە وەها بوو ئەم موعجیزانەی ئازیز ρ بێنە دیی و، لە هەمان کاتیشدا با بە شدارانی ئەو جەنگە ناهەموارە هەر یەکەیان بە پێی نییەتی خۆی سزا و پاداشتی دەستگیر ببیّ .. ئەوانەی کە بە پاکیی بۆ رەزامەندیی خوا هەولّیان ئەدا پادا شت وەرئەگرن و، ئەوانەش حەزیان لە ئاژاوە و خراپکاری بوو سزای شیاویان دە ستگیر ئەبێت.. هەروەها تا ئاخر زەمان ئەوەی بە نییەتی پاك لە هەلّوێ ستی بەرزی چاكوێ ستان تیّ ئەگات با رێگای رەزامەندیی خوا بگرێتە بەر و ، ئەوانەش دلّی رە شیان هەمیشە گومان و نیاز پیسیی تێدایە ، با سەرشۆڕی دنیا و قیامەت بن

---

ﷺ صحيح ، قال الهيثمي ( 7 / 234 ) : رواه البزار ، رجاله ثقات.

. ئەو شەوە موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکر کەوتە گەڵ عائیشەی خوشکی و گەیاندییە بەصرە و، بردییە ماڵی عەبدوڵڵای کوڕی خەلەفی خوزاعیی و بووە میوانی ئافرەتی پایەدار صەفیەی کچی حاریث ..

ئەم ڕووداوە لە ڕۆژی پێنج شەممەی دەی جومادی دووهەمی ساڵی سیی و شەشەمی کۆچییدا ڕووی داوە.[1]

ئیمامی ئوممەتی ئیسلام .. جێنشینی ڕاستەقینەی پێغەمبەری ئیسلام ρ .. ئیمام عەلیی خوا لێی ڕازیی بێ سەرکەوت و سوپای موسڵمانان یەکی گرتەوە.. چونکە ئیمام خاوەنی ڕەوشتێکی یەکجار بەرز بوو.. ئیمام پیاوی قیامەت بوو.. پیاوی دنیا و بەرژەوەندیی نەبوو.. بۆیە نەیهێشت دڵی هیچ کەس گەرد بگرێت.. کە جەنگ وەستا بە دڵە پاکەکەیەوە فەرمانی چاوپۆشیی و لێ بووردنی دا :

ئەوەی هەڵات نەکوژرێت..

ئەوەی زامدارە دەستی بۆ نەبرێت..

پەردەی هیچ کەس هەڵ نەدرێتەوە..

دەست بەسەر سامانی هیچ کەسدا نەگیرێت..

بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە سەربازگەکەیدا مایەوە و نە چووە ناو شاری بەصرەوە..

ماوەی دا هەموو کەسێک بچێت بە دەم کوژراوی خۆیەوە.. خەڵکەکە دەستیان دایەنا شتنی کەس و کاریان.. ئیمام خۆی نوێژی لە سەر کوژراوانی هەردوو لا کرد .. پاشان فەرمووی : هیوادارم خوای گەورە

---

[1] الطبري : 3 / 55 .

هەموو دڵ و نییەت پاکێکیان بخاتە بەهە شتەوە .[1] هەر چی دە ست و پەلێکیش لە مەیداندا کەوتبوو کۆیان کردنەوە و لە قەبرێکی گەورەدا نا شتنیان و هەر چی کەلوپەلێکیش لەو ناوەدا کەوتبوو کۆیان کردەوە و هێنایانەوە مزگەوتی بە صرە و جارِ چیی جارِی دا با خەڵکیی بێن و کەلوپەلی خۆیان بناسنەوە .[2]

ئەوەبوو رۆژی دووشەممەی چواردەی مانگ چووە ناو بەصرەوە و، یەکەم جار سەری لە مزگەوت دا و نوێژی تیا کرد و، پاشان بە سواری ئێسترەکەی چوو بۆ خزمەتی عائیشەی دایکی ئیمانداران و سەلامی لیٚ کرد..[3]

دوای ئەوە ئیمام ئەوەی کە بۆ سەفەر پێویست بوو، لە وڵاغ و کەلوپەل و نان و بەرگ ، بۆ عائیشەی ئامادە کرد و ، هەموو ئەوانەش کە لەگەڵیا هاتبوون و نیازی مانەوەیان لە بە صرەدا نەبوو ، فەرمانی دا لەگەڵیدا بگەڕێنەوە و، لە ناو ئافرەتە ناودارە پایەدارەکانی بەصرەشدا چل ئافرەتی هەڵ بژارد و ، خ ستنیە گەلی دایکی ئیمانداران و ، فەرمانی دا موحەممەدی براشی لەگەڵیا بڕوا و بیگەیەنێتە مەنزڵ..

کە رۆژی سەفەر هاتە بەرەوە ، ئیمام هاتەوە خزمەتی دایکی و خەڵکێکی زۆر ئامادە بوون و ، عائی شەش بە رێز و ئیحتیرامەوە لە ماڵ هاتە دەر و خەڵکەکەی بە خوا سپاردن و ئەوانیش ئەویان بە خوا سپارد..

داوای تەبایی و چاوپۆ شیی کرد و ، بۆ خەڵکەکە شی روون کردەوە کە هەرگیز لەگەڵ ئیمامدا هیچ ناجۆرییەکیان نەبووە و، ئیمامیش را ستیی

---

[1] الطبري : 3 / 57 .
[2] الطبري : 3 / 57 .
[3] الطبري : 3 / 58 .

وتەكانی ئەوی دەرخست و روونیشی كردەوە كە عائیشە هاوسەری دنیا و قیامەتی پێغەمبەری ئازیزە ρ .

رۆژی شەممەی یەكەم رۆژی مانگی رەجەبی ساڵی سیی و شە شەم كەوتنە رێ و ، ئیمام خۆی چەند میلێك لە خزمەتی عائیشەدا رۆیشت و فەرمانیشی بە كورەكانیدا دا كە رۆژە رێیەك لە خزمەتیا برۆن ئەو سا بگەرێنەوە..[1]

لە پێشەوە رووی لە مەككە ناو لەوێ مایەوە تا حەجی بەجێ هێنا و، پاشان گەرایەوە مەدینە و بە خزمەتی پێغەمبەری خوا ρ و ئەبوبەكر و عومەر خوا لێیان رازیی بێ گەیشت و بە دیداری دانیشتوانی شاری ئەنصار شاد بوویەوە..

بەم شێوەیە ئیمام عەلیی خوا لێی رازیی بێ ئامۆژگارییەكەی پێغەمبەری خوای ρ ئەنجام دا كە فەرمانی بەسەردا دا تا لەگەڵ عائیشەدا نەرمیی بەكار بهێنێ و چاودێریی بكات و بیگەیەنێتەوە شوێنی ئەمین و ئەمانی خۆی كە فەرمووی : ( فارفق بها وبلغها مأمنها ).[2]

ئەمە كورتەیەك بوو لە رووداوەكانی جەنگی جەمەل ، كە دەریئەكەوێ عائیشە هیچ ناجۆرییەكی لەگەڵ ئیمامدا نەبووە و بۆ خیلافەتی ئەویش هیچ نارەزاییەكی دەرنەبریوە ،بەڵكو جیاوازیی لە رایاندا هەبووە لە چۆنێتیی سزادانی بكوژانی خەلیفە عوثماندا و بەس . ئەوەبوو عائیشە وای ئەبینی كە تا ئەو خوێنرێژانە سزا نەدرێن كاری موسڵمانان بە چاكیی

---

[1] الطبري : 3 / 60 ـ 61.

[2] المكتوبات لبديع الزمان سعيد النورسي : 123.

□

بەڕێوە نا چێت.. خۆ وەنەبێ ئەمە رای ئەم بووبێ بە تەنیا ، بەڵکو زۆرێك لە هاوەڵان و گەورە تابعیی‌یان ئەم رایەیان لەلا پەسەند بوو.. خۆ ئیمامیش هەمان رای هەبوو ، تەنها ئەی‌ویست پەلە نەکرێت تا دەسەڵاتی ئاژاوەچییەکان کەم بێتەوە و موسڵمانان بتوانن دەستیان لێ بوەشێنن..

خۆ ئەگەر موسڵمانان بیانتوانیایە زووبەزوو تۆڵەیان لەو ستەمکارانە بستێنن ئەوا ئەو هەمووە خوێنە لە جەنگی جەمەلدا نەئەڕژا، چونکە ئەوان بوون کە نەیانئەهێشت جەنگ بووەستێت و موسڵمانەکان ئاشتیی بەرپا بکەن.

کە کۆمەڵێك لە هاوەڵانیش چوونە خزمەتی ئیمام ، کە طەلحە و زوبەیریشیان لە نێودا بوو - خوا لە هەموویان رازیی بێ - لەناودا بوون و ، داوای سەندنی خوێنی عوثمانیان ئەکرد ئیمام پێی وتن:

براکانم : ئەوەی ئێوە ئەیزانن وە نەبێ منیش نەیزانم، بەڵام چیی بکەم لە کۆمەڵێك کە ئەوان دەستیان بە سەر ئێمەدا ئەڕوا و، ئێمە دەستمان بە سەر ئەواندا ناڕوات ؟ ئەوەتا بەندەکانیشیان لەگەڵیاندا هەڵساون و ، عەرەبە دەشتەکییەکانیشتان پاڵیان پێوە داون و، وان لەناوتاندا و چییان بوێ دەربارەتان ئەیکەن . ئایا ئەوەی ئێوە ئەتانەوێ دەسەڵاتی ئەنجامدانی هەیە ؟[1]

لە لایەکی ترەوە ئەوەی کە لە جەنگی جەمەلدا رووی دا ، بە هیچ شێوەیەك نە بە بیری ئیمامدا و نە بە بیری عائیشەدا نەهاتووە، کە ئەو هەمووە خوێنە بڕژێت.بەڵێ رژانی ئەو خوێنە لە سەر شەهیدکردنی

---

[1] الطبري : 2 / 702 .

خەلیفەی بێتاوان و خاوەن شەرم و حەیا بوو، بەڵام ئەوە بوو ئاژاوەچییەکان موسڵمانانیان خستە هەڵوێستێکەوە کە لەوە زیاتر چاریان نەبێت..

ئەوەتا هەتا ئێستاش مەسەلەی شەهیدکردنی خەلیفە عوثمان یەکلایی نەکراوەتەوە و رای جۆر بە جۆری لە سەرە، ئەوەش شتێکی ئاساییش بوو کە هاوەڵان رای جیاوازیان لە مەسەلەکەدا هەبێت، لێرەشدا ئەوە گرنگە کە هەموو کەسێك بە پێی نیازی دڵی پادا شتی دەستگیر ئەبێت.

خاتوو عائیشەش بە پێی پلەی زانستیی و کۆمەڵایەتیی خۆی شیاوی ئەوەبوو کە را دەربڕێ و خەڵکییش لێی چاوەڕوان بوون کە لە مەسەلەیەکی ئاوەهادا خاوەنی هەڵوێست بێت.. چونکە پلە و پایەی ئەو لەناو هەموو ئافرەتانی ئیسلامدا ناوازە بوو، ئەوەندە هەبوو ئەوەی کە ئیمام ئەیزانی وەك نوێخوازی سەردەمی خۆی و یەکەم لێ پرساوی دەوڵەتی ئیسلام، ئەوان نەیانئەزانی.. خۆ ئەگەر عەبدوڵڵای کوڕی عومەر بێهێشتایە حەفصەی دایکی ئیمانداارانی خوشکیشی لەگەڵ عائیشەدا ئەکەوتە رێ و داوای خوێنی عوثمانی ئەکرد..

هەروەها لە بارەی پەیوەندیی نێوان عائیشە و فاطیمەوە خوا لێیان رازیی بێ ریوایەتە صەحیحەکان ئەوەمان ئەخەنە پێش چاو کە پەیوەندیی نێوانیان پەیوەندیی دوو ئافرەتی موسڵمان بووە کە هەردووکیان لە چڵەپۆپەی ئیمان و تەقوا و تێگەیشتندا بوون.. بەڵگەشمان بۆ ئەمە ئەو ستایش و رێزلێنانەیە کە عائیشە بۆ فاطیمەی دائەنێ کە ئەڵێت: ژنەکانی پێغەمبەر ρ هەر هەموویان لە خزمەتیدا کۆبوونەوە، ئەوە

بوو فاطیمەش ئەهات بە ڕێوە و، ڕەوتەکە   شی لە ڕەوتی پێغەمبەری خوا
ρ ئە  چوو .. فەرمووی : ( مرحباً بابنتي ) . لە لای ڕا  ستی یان لە لای
چەپی دایئنیـ  شاند  .. پا  شان بە نهێنیی با  سێکی بۆ کرد و فاطیمەش
دەستی بە گریان کرد ، پاشان بە نهێنیی باسێکی تری بۆ کرد و فاطیمەش
پێکەنیی .. وتم پێی : چیی گریانتی ؟ وتی : نهێنیی پێغەمبەری خوا ρ
ئاشکرا ناکەم.

وتم : تا ئەمڕۆ نەمدیوە خۆشیی و خەفەت ئەوەندە لە یەکەوە نزیك بن.
کاتێك کە گریا پێم وت : لەناو هەمووماندا پێغەمبەری خوا ρ بە
تایبەتیی تۆی هەڵبژارد و فەرمایشتی لەگەڵدا کردی ، پاشـان ئەشگریی
؟ جا پرسیارم لێ کرد کە چیی فەرمووە؟ وتی : نهێنیی پێغەمبەری خوا ρ
ئاشکرا ناکەم .. هەتا کە کۆچی دوایی کرد لێم پرسیی ، وتی : ئەوەی بۆ
باس کردم کە جیبریل هەموو   ساڵێك جارێك پێیا  چوونەوەی قورئانی پێ
ئەکرد ؟ کە چیی ئەم ساڵ دوو جار پێیا چوونەوەی  پێ کردووە.. ( ولا أُراني
إلا قَد حَضَرَ أَجَلي ، وَإِنَّكِ أَوَّلُ أَهلِي لُحوقاً بي، وَنِعم السَّلَفُ أنا لَك )  .
پێغەمبەری خوا ρ فاطیمە ئاگادار ئەکات کە وای بۆ ئە   چێت کە
ئەجەلی نزیك کەوتبێتەوە و فاطیمەش یەکەم کە   سیەتی کە دوای خۆی
دنیا بە جێ ئەهێڵێ و لە قیامەتدا پێی ئەگاتەوە و، ئەمیش   چاکترین
کەسێکە کە بۆ قیامەت پێشی بکەوێت..

عائشەی پێ بەخشە

فاطیمە ئەڵێت : منیش بۆ ئەوە گریام . پا شان فەرمای شتی تری بە نهێنیی بە گوێمدا دا و فەرمووی : ( ألا تر ضَيْنَ أَن تَكوني سيدةَ نساءِ المؤمنينَ ـ أو ـ سيدةَ نساءِ هذِهِ الأُمَّة ؟ ) .[1]

فەرمووی : ئایا رازیی نیت خانمی هەموو ئافرەتانی ئیمانداران بیت، یان خانمی هەموو ئافرەتانی ئوممەتی ئیسلام بیت؟

لەبەر ئەوە دەستم بە پێکەنین کرد..

ئەم فەرموودە شیرینە کە گەورەیی و پایەداریی فاطیمە دەرئەخات، عائیشە گێڕاویەتەوە.. بەم فەرموودەیە فاطیمە ئەبێتە یەکەم خانمی ناو ئافرەتانی ئیماندار . چونکە بە پێی فەرموودەیەکی تر فاطیمە یەکێکە لە ئافرەتە پایەدارە خوانە سەکان ، بەڵام مەرج نیە یەکەم بێت کە ئەفەرموێ : ( حسبُكِ من نساءِ المؤمنين : مريم بنت عمران ، و خديجة بنت خويلد ، و فاطمة بنت محمد ، و آسية امراة فرعون ، وفضل عائشة على النساء كفضل الثريد على سائر الطعام ) .[2]

هەروەها خاتوو عائیشە پەیوەندییەکی دایك و فرزەندیی رێك و پێکی لەگەڵ حەسەن و حوسەیندا هەبووە ، خوا لە هەموویان رازیی بێت.. ئەوەبوو لە سەردەمی خەلیفە موعاویەدا خوا لێی رازیی بێ ئیمام حەسەن لە مەدینەدا کۆچی دوایی کرد و ئیمام حوسەینیش داوای لە عائیشە کرد کە مۆڵەت بدات تا ئیمام حەسەن لە حوجرەکەی ئەودا لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا ρ بنێژرێت.

---

[1] متفق عليه واللفظ لمسلم..

[2] متفق عليه من حديث أنس..

□

ئەوەبوو خاتوو عائیـ    شه ماوەی دا و رەزامەندیی نواند . ئەمەش رێزێکی تەواوە بۆ ئیمام حە  سەن کە عائیـ  شه ئەو بە تەواوکەری زنجیرەی خەلیفەکانی راشیدین بزانێت..

بەڵام ئەوەبوو مەروانی کوڕی حەکەمی والیی مەدینە رەزامەندیی لەسەر نەبوو و لە بەقیع لە نزیك قەبری فاطیمەوە نێژرا..

لەمەو پێش بۆمان دەرکەوت کە عائیـ    شه خوا لێی رازیی بێ لەبەر رەزامەندیی خوا و فەرمانی شەریعەت داوای خوێنی  عوثـ  ـمانی کرد، تا ئەوەبوو بە فەرمانی خوا ، جەنگی جەمەل هاتە کایەوە و، ئەو هەمووە خوێنە گەشەی موسڵمانان بە دەست کیسەی سەبەئیـیە جوولەکەکان رژا..

هەروەها بۆمان دەرکەوت کە بۆچوونەکەی ئیمام بە را ست و بۆچوونی بەرامبەرەکانی بە هەڵە دەر   چوو .. جا لەبەر ئەوەی کە ئیجتیهادیان کردووە ئەوا ئیمام دوو پاداشتی هەیە و بەرامبەرەکانیشی یەك پاداشت..

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا عائیـ    شه زۆر نارەحەت بوو.. بۆ ئەو، وەك ئافرەتێکی ئیمانداری بەویژدان ، لێقەومانێکی یەکجار گەورە بوو.. سەرزەنشتێکی زۆری خۆی کرد.. ئەو لە کوێ و ئـەم کـارە لە کوێ ؟! ( لا حول ولا قوة إلا باللە ) .. ئەو لەسەر خوێنی خەلیفە، کە تاقە نەفسێك بوو ئەم کارەی کرد تا بە شکوم درز و کەلێنی جیاوازیی و ناکۆکیی نێوان ئیمانداران بگیرێت و زامەکانیان   ساڕێژ بکرێن، کە   چیی وا کەلێنەکە فراوانتر و ، زامەکانیش زیاتر بە    سوێ بوون!! بە   چاوی خۆی غیرەتی مو سڵمانانی بینی .. دوو   سوپا هەردوو لا مو سڵمان و هەردوو لاش بۆ رەزامەندیی خوا گیانیان خستۆتە سەر لەپی دە ست .. بە پیلانی ناحەزان

□

خوێنی یەکتریان ڕێژا و تەنها ئیمام عەلیی بوو کە توانیی ئەو جەنگە ناهەموارە بوەستێنێت !!

بە چاوی خۆی خوێنی ئیمانداڕانی بینی کە لە پێناوی خوادا ئەڕژا..

ئای کە لێقەومانێکی گەورە بوو!!

داخۆ دایکی ئیماداران چەندێ پەشیمان بوو بێتەوە؟!

داخۆ چۆن تەوبە و پەشیمانیەکی لە دەرگانەی خوادا دەربڕیی بێ؟!

من خەریکە دڵم دەر دێت بۆ ئەو خەفەت و مەراقەی کە چووە دڵی دایکی یەکەمی ئیماندارانەوە دوای خەدیجە.. جا چ ئیمانداریێك بە کوڵ فرمێسك نارژێت بۆ ئەو تەوبە و پەشیمانیەی کە خاتوو عائیشە هەستی پێ ئەکرد ؟!

خۆ ئێمە ئەزانین ئەو پادا شتی موجتەهیدانی بۆ ئەنووسرێ ، بەڵام ئەو خۆی بە تەمای ئەوە نەبوو و، بۆ ئەوەشی نەکرد !!

ئەو هەمووپە شیمانیەیە، دیارە تەوبەیەکی زۆر خالیصی پڕ لە ئیخلاصی بە دوادا هاتووە..

خەریك بوو پەشیمانیی ئەیکوشت!!

داخۆ چەند جار ئاواتی خواستبێ هەر لە دایك نەبوایە ؟!

داخۆ چەند جار ئاواتی خواستبێ بەردێك یان دارێك بوایە؟!

زۆر جار لە پەشیمانیدا ئەیوت : ئەگەر لە ماڵەکەی خۆم دا دابنیشتمایە و نەچوومایە بۆ بەصرە، بە لامەوە خۆشتر بوو لەوەی کە دە

عائشة بنت أبي بكر

کوڕم ببووونایە و هەر هەموویان وەك عەبدوڕڕەحمانی کوڕی حاریثی کوڕی هیشام ﷺ بوونایە..

هەروەها ئەیوت : خۆزگە دەرختێك بوومایە و تە سبیحاتم بکردایە و ئەرکی سەرشانم ئەنجام بدایە . خۆزگە بیست ساڵ پێش ڕۆژی (جەمەل) بمردمایە.. هەرچییش ئەگەیشتە ئایەتی پیرۆز : ( وَقَرْنَ في بيوتكن ) ، کە فەرمان بە سەر ئافرەتاندا ئەدات لە ماڵەکانیاندا ئۆقرە بگرن ، ئەوەندە ئەگریا تا سەرپۆشەکەی ئەخووساند.. هەرچیش ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژەی ئەهاتنەوە یاد دەستی بە گریان ئەکرد..

بەڵام پەیوەندیی عائیشە لەگەڵ خەلیفە موعاویەدا وەك پەیوەندیی لەگەڵ خەلیفەکانی را شیدیندا نەبوو .. ئەویش بە بۆنەی هەندێ کارە ساتەوە، کە یەکێ لەوانە کوژرانی موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکری برای بوو بە دەستی موعاویەی کوڕی حودەیج کە فەرماندەی سوپای موعاویە بوو.. ئەوەبوو عائیشە منداڵەکانی موحەممەدی برای بردە لای خۆی ، کە یەکێ لە منالەکانی قاسم بوو..

شایانی باسە لێرەدا ئەوە بگێڕینەوە کە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ρ خوا لە هەموویان ڕازیی بێ چەندە حەقویست بوون .. لە کاتێکدا کە

---

ﷺ عەبدوڕڕەحمانی کوڕی حاریثی کوڕی هیشامی کوڕی موغیرە بووە. باوکی ئامۆزای خالیدی کوڕی وەلیدە و دایکیشی فاطیمەی خوشکی خالیدە. دوای شەهیدبوونی باوکی بە تاعوونی عەمەواس لە ساڵی هەژدەی کۆچییدا، دایکی شووی بە خەلیفە عومەر کردووە و عەبدوڕڕەحمان فەرموودەی لە عومەر وەرگرتووە و ، دواییش کچی خەلیفە عوثمانی مارە کردووە. یەکێك بووە لەو گەنجانەی کە عوثمان دایناون بۆ نووسینەوەی قورئانی پیرۆز.. فەرموودەی لە باوکی و لە عومەر و عوثمان و عەلیی و ئەبوهورەیرە و عائیشە و ئومسەلەمە و لە غەیری ئەوانیشەوە گێڕاوەتەوە.. خەڵکێکی زۆریش فەرموودەیان لێوە گێڕاوەتەوە . ئیبن حیببان ئەڵێت : ساڵی چل و سێ کۆچی دوایی کردووە.



عائشەی ئەبوبەکر

□

موعاویەی کوڕی حودەیج براکەی ئەکوژێ ، کە ئەبینێ موعاویە شیاوی ستایشە ، ستایشی ئەکات . ئەوەبوو عەبدوڕڕەحمانی کوڕی شوماسە چووە خزمەتی عائیشە و پرسیاری لێ کرد: خەڵکی کوێیت؟ وتی: لە دانیشتوانی میصرم.

پرسیی : فەرماندەکەتان لەم غەزایەدا چۆن بوو لەگەڵتاندا ؟

وتی : هیچ گلەیییەکمان لێی نەبوو .. کە پیاوێکمان و شترەکەی ئەمرد و شترێکی ئەدایە ، یان بەندەکەی ، بەندەیەکی ئەدایە ، یان پێویستیی بە خەرجیی بوایە خەرجیی ئەدایە..

عائیشە وتی : ئەوەی ئەوبە موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکری برامی کردووە ، لەوە قەدەغەم ناکات کە ئەوەت بۆ باس بکەم کە لەم ژوورەی خۆمدا لە پێغەمبەری خوام ρ بیستووە کە ئەیفەرموو :

( اَللهُمَّ! مَن وَلِيَ مِن أَمرِ أُمَّتي شَيئاً فَشَقَّ عَلَيهم فاَشْقُقْ عَلَيه ، وَمَن ولي من أمر أمتي شيئاً فَرَفَقَ بِهم فارفَقْ بِهِ )..[1]

ئەیفەرموو : خوایە ! هەرکەسێك کارێکی ئوممەتەکەمی کەوتە دەست وبە توندیی لەگەڵیانا جوولایەوە ، تۆش بە توندیی لەگەڵیا بجوولێرەوە و، هەرکەسێکیش کارێکی ئوممەتەکەمی کەوتە دەست و بە نەرمیی لەگەڵیانا جوولایەوە ، تۆش بە نەرمیی لەگەڵیا بجوولێرەوە.

---

[1] رواه مسلم..



عائشەی کچی ئەبوبەکر

# پایەبەرزیی عائیشە

عائیـشە خوا لێی رازیی بێ خوای گەورە زۆری خۆش ویـست و رێزی تایبەتیی لێنا،بەوەی کە کاتێك چاوی بە دنیا هەڵهێنا چاوی لە ئەبوبەکری باوکی بوو خوا لێی رازیی بێ ، کە یەکەم قوتابیی پێغەمبەرە ρ ، خوای ئەپەرست و ئالای تەوحیدی بەرز ئەکردەوە و لەو پێناوەدا هەموو ئازارێکی ئەهاتە رێ .پاشان هەر بە منداڵیی ، کە قوتابخانەی ئەبوبەکری تەواو کرد ، گوازرایەوە بۆ قوتابخانەی پێگەیاندن لە خزمەت پێغەمبەری نازداردا ρ . بۆیە بە ماوەیەکی کەم بووە هەڵگرێکی زۆر بە سەلیقە و لێهاتووی قورئان و بە شێکی زۆری زانستی وەرگرت و خزمەتێکی بێوێنەی پێشکەش بە موسڵمانان کرد و هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە .. بەمە بووە خاوەنی پایە و پلەیەکی وەها بەرز کە موسڵمانان بە چاوێکی پڕ لە رێزەوە تەماشای بکەن.

ئەوەتا پیاوی ناوداری ناو تابیعییان ، مەسرووقی کوڕی ئەجدەع ، بۆ نموونە بەم شێوەیە ناوی ئەبات : ( الصدیقة بنت الصدیق ، حبیبة رسول الله ρ ، المبرأة في السماء ).

جا با ـ بە پشتیوانیی خوای پاك و بێگەرد ـ هەندێ لە لایەنەکانی پایەبەرزیی خاتوو عائیشە خوا لێی رازیی بێ بخەینە بەردەستی ئازیزانمان :

هەموو لایەك شارەزای ژیان و گوزەرانی تاڵی پێغەمبەری خوان ρ ، کە لە مەدینەدا بر سێتیی و موحتاجیی چۆن خۆی و ماڵ و منداڵیان بە گیر هێنا بوو .. بە تایبەتیی عائیشە .. بە رۆژانێکی سەخت و

تا هەمواردا تێپەڕیی ، کە بە مانگ و دوو مانگ ئاگر لە ماڵیا نەئەکرایەوە .. هەموو خۆراکێکیان بریتیی بوو لە خورما وئاو !! جا کە بارودۆخی گوزەران و ئابووریی موسڵمانان چاك بوو ، عائیشە لەو زوهد و دونیا نەویستییە دەستی هەڵ نەگرت .. بەڵێ عائیشە ئەم ژیانەی خۆش ئەویست ، چونکە ماوەیەکی لە خزمەتی ئازیزدا ρ بەسەر بردبوو و ، بە تەماش بوو هەر بە بۆنەی ئەم ژیانەوە لە بەهەشتدا بە خزمەتی ئازیز شاد بێتەوە ، چونکە ئامۆژگاریی کردبوو، کە ئەگەر ئەیەوێ لە بەهەشتدا یەك بگرنەوە با ئەوەندە پەشت بە ژیانی ئەم دنیایە نەبەستێت و خۆی بە رێبوارێك بزانێت تیایدا و ، تێکەڵیی دەوڵەمەندان نەکات و ، کراسێکیش تا پینەی نەکات نەیخاتە ئەو لاوە، کە فەرمووبووی : ( إذا أَرَدتِ اللحوق بي فليكفك من الدنيا كزاد الراكب ، وإيّاك ومجالسة الأغنياء ، ولا تستخلقي ثوباً حتى ترقعيه ).[1]

عوروە ئەڵێت : ئیتر ئەوەبوو عائیشە هەتا کراسەکەی پینە نەکردایە کراسێکی تری تازەی لەبەر نەئەکرد.[2]

بەم شێوەیە پشتی لە دنیا هەڵ کرد و رووی کردە پەروەردگاری و خەریکی خواپەرستییەکی سەرەمڕ و سەخاوەتێکی بێوێنە بوو.. چونکە نزیکترین کەس بوو لە پێغەمبەری خواوە ρ و لە هەموو کەسیش زیاتر ئاگاداری خواپەرستیی ئەو بوو و، فەرموودەیەکی زۆریشی لە بارەی خواپەرستییە تایبەتییەکانیەوە گێڕاوەتەوە..

---

[1] أخرجه الترمذي .

[2] تحفة الأحوذي .

□

جا ئەگەر لە بارەی خواپەر ستیی پێغەمبەرەوە پر سیاری لێ بکرایە ئەی‌وت : کاری ئەو کارێکی بەردەوام ئەبوو، جا کێتان ئەوەی لە تواناداً ئەبێت کە پێغەمبەری خوا ρ لە توانایا ئەبوو؟ ئال و بەیتی موحەممەد ρ هەرکارێکیان بکردایە لە سەری بەردەوام دەبوون .[1] بۆیە عائیـ شەش لەسەر خواپەرستییە سوننەتەکان ، بە تایبەت شەونوێژ ، بەردەوام ئەبوو و، هەرگیز دەستبەرداری شەونوێژ نەئەبوو و، ئامۆژگاریی موسڵمانانیشی ئەکرد تا لەسەری بەردەوام بن.

ئیمام ئەحمەد لە عەبدوڵڵای کوڕی قەیسەوە تەخریجی کردووە کە وتوویە : عائیـ شە پێی وتم : دە ستبەرداری شەونوێژ نەبیت، چونکە پێغەمبەری خوا ρ دەست بەرداری نەئەبوو.. خۆ ئەگەر نەخۆش بوایە یان تەمبەڵیی بیگرتایە ، ئەوا بە دانیشتنانەوە شەونوێژی ئەکرد.[2]

بە پێی ئەم فەرموودەیەش وا دەرئەکەوێ کە درێژەی زۆر بە نوێژ داوە. ئیمام ئەحمەد لە عەبدوڵڵای کوڕی ئەبو مو ساوە تەخریجی کردووە کە وتوویە : مودریك یان ئیبن مودریك ناردمی بۆ لای عائیـ شە تا پر سیاری چەند شتێکی لێ بکەم . ئەڵێت : هاتمە خزمەتی ئەبینم خەریکە نوێژی چێشتەنگاو ئەکات . وتم : دائەنیشم تا لێ بێتەوە . وتیان : هەی هات.[3]

قا سم ئەڵێت : کە بەیانیان لە ماڵ دەرئە چووم لە پێ شەوە سەرم لە ماڵی عائیشە ئەدا تا سەلامی لێ بکەم. ڕۆژێکیان ڕۆیشتم خەریکی نوێژ بوو و بە پێوە وە ستا بوو و ئایەتی : ﴿ فَمَنَّ ٱللَّهُ عَلَيۡنَا وَوَقَىٰنَا عَذَابَ

---

[1] متفق عليه .

[2] مسند الإمام أحمد بن حنبل : 6 / 249 .

[3] المسند : 6 / 125.



عائشەی کچی ئەبوبەکر

□

ٱلسَّمُومِ ﴾ ( الطور : 27 ) ی ئەخوێند . ئەپاڕایەوە و ئەگریا و دووبارەی ئەکردەوە ...

ئەوەندە وەستام هەتا بێزار بووم و، چووم بۆ بازاڕ بەلای کاری خۆمەوە و پاشان کە گەڕاوە ئەو وەك خۆی هەر بە پێوە وەستا بوو نوێژی ئەکرد و ئەگریا .

هەروەها لە نوێژی سوننەتدا دوعا و پاڕانەوەی زۆر بووە و، حەزیشی کردووە نوێژە فەرزەکانی بە جەماعەت لە پشت سەری ئیمامەوە ئەنجام بدات ، چونکە ژوورەکەی نووسا بوو بە مزگەوتەوە . جاری واش ئەبوو کۆمەڵە ئافرەتێکی لەلا ئامادە ئەبوون ، دواى بانگ و قامەت، ئیمامەتی بۆ ئەکردن.

دەربارەی رۆژوویشی ، ئەگێڕنەوە کە زۆر سەرگەرمی رۆژوو بووە.. ئیبن سەعد لە قاسمی (برازای عائیشەوە) تەخریجی کردووە کە عائیشە ساڵ دوانزە مانگە بە رۆژوو بووە و لە رۆژانی زۆر گەرماشدا ، هەرچەندە ناڕەحەت بوویێ، باکی نەبووە.

ئیمام ئەحمەد تەخریجی کردووە کە عەبدوڕڕەحمانی کوڕی ئەبوبەکر لە رۆژی عەرەفەدا ئەچێتە ژوورەوە خزمەتی عائیشە ، ئەبینێ وا بەڕۆژووە و، ئاوی لێ ئەپرژێنن .. عەبدوڕڕەحمان پێی وت : رۆژووەکەت بشکێنە . وتی : رۆژووەکەم بشکێنم ، دوای ئەوەی کە لە پێغەمبەری خوا ﷺ بیستووە فەرموویە : ( إن صوم يوم عرفة يكفر العام الذي قبله )؟

---

صفة الصفوة لابن الجوزي : 2 / 31 .

المصنف : 2 / 82 ، 126 ، 141.

الطبقات : 8 / 68 ، صفة الصفوة : 2 / 31 .



عائشەی دایکی ئیمانداران

چەندین جار ، لە ژیانی پێغەمبەردا ρ لە دوای کۆچی دواییشی ، حەج و عەمرەی بەجێ هێناوە ، بە تایبەت لە کاتی طەوافدا دەوری کەعبە لە پیاوان چۆڵ کراوە و خەلیفەکانیش زۆر بە ڕێزەوە ئەویش و دایکانی ئیمانداارنیان ڕەوانەی حەج کردووە ، وەك لە پێشەوە باس کرا..

ئەوەبوو جارێکیان پرسیاری لە پێغەمبەر ρ کرد : جیهاد بە چاکترین کردەوە دائەنێی ، ئایا ئێمەش جیهاد نەکەین ؟ فەرمووی :

( لا، ولكن أفضل الجهاد حج مبرور ).[1]

لە ڕیوایەتێکی تریشدا ئەڵێت : ئەی پێغەمبەری خوا ! ئایا ئافرەتان جیهادیان لەسەرە؟ فەرمووی :

( نعم ، عليهن جهادٌ لا قتالَ فيه : الحج والعمرة ) .[2]

هەردوو فەرموودەکە ئەوە دەرئەخەن کە جیهادی ئافرەتان حەج و عەمرەیە .. لە بارەی سەخاوەت و دڵگوشادیی شەوە ، نموونەی موسڵمانی سەخیی تەبیعەت بووە ،[3] چونکە ئەو کەسەی کە زوهدی هەبێت ، واتە دەستی لە خۆشویستن و هەڵپەی دنیا هەڵ گرتووە ، دیارە فێری سەخاوەتیش ئەبێت و ، پێی خۆشە بەشت و مەکە فانیەکانی ئەم دنیایە ناز و نیعمەتی هەمیشەیی بەهەشتی دەست بکەون..

ئەوەبوو لەلایەن خەلیفەکانی ئیسلامەوە دەستی یارمەتیی بۆ درێژ ئەکرا ، ئەویش بە ڕاست و بە چەپدا ئەو سامانەی دابەش ئەکرد.. پاش ئەوەی کە فەرمایشتی ئازیزی ρ بەرگوێ کەوتبوو تا ئەگەر بە لەتە

---

[1] رواه البخاري.

[2] رواه ابن ماجه.

[3] سير أعلام النبلاء : 2 / 198 .

خورمایەکیش بوو بێت خۆی لە ئاگر سەرفراز بکات ، کە ئەفەرمووێ : ( اتقوا النار ولو بشق تمرة ) .[1]

ئیتر ئەوەبوو لەو ژیان و گوزەرانە تاڵەی مەدینەیاندا ، لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا ρ، بە پێی توانا دەنکێك یان دوو یان سێ دەنکە خورمای شك ببردنایە ئەیکردنە خێر ، کە لەوانەیە خۆی پێویستیی پێیان بوو بێت..

خۆی ئەگێڕێتەوە و ئەڵێت : ژنێك بە خۆی و دوو کچیەوە هاتن و سواڵیان داوا ئەکرد، منیش جگە لە دەنکە خورمایەك هیچم بە لاوە نەبوو .. دام پێی ئەویش کردی بە دوو لەتەوە و دای بە دوو کچەکەی . پاشان هەستا و ڕۆی .. پێغەمبەریش ρ هاتە ژوورەوە و فەرمووی : ( من يلي من هذه البنات شيئاً فأحسن إليهم كن له ستراً من النار ) .[2] فەرمووی : هەرکەسێ هەر جۆرە سەروکارییەکی ئەم کچانە بکات و بە چاکە لە گەڵیان بجووڵێتەوە ، لە ئاگر پەنای ئەدەن ..

لە فەرموودەیەکی تردا ئەڵێت : ئافرەتێکی هەژار دوو کچی خۆی پێ بوو و هاتنە لام ، منیش سێ دەنکە خورمام دایە دەستی .. هەر کچێکی دەنکە خورمایەکی دا پێی و ، خورمایەکیشی برد بۆ دەمی تا بیخوات ، هەر دوو کچەکە داوای خۆراکی تریان کرد ، ئەویش ئەو دەنکە خورماکەش کە ویستی بیخوا کردی بە دوو کەرتەوە و دای بە هەردووکیان . منیش ئەم کارەیم بەلاوە سەیر بوو ، بۆ پێغەمبەرم ρ باس کرد و فەرمووی : (

---

[1] رواه أحمد .

[2] متفق عليه واللفظ للبخاري.

إن الله قد أوجب لها بها الجنة أو أعتقها من النار ) . [1] فەرمووی : خوای گەورە بەو کارەی بەهە شتی پێ بەخ شیی، یان لە ئاگر ئازادی کرد ..

دوای کۆچی دوایی پێغەمبەریش ρ کە وڵاتی ئیسلام فراوان بوو و ماڵ و سامان زۆر بوو ، لە هەموو لایەکەوە دیاریی و بەخ شین بۆ عائیـ شە ئەنێررا. ئەویش هەر هەمووی وەرئەگرت و بە سەر دە ست کورتاندا ئەی بەخشییەوە ، بێ ئەوەی هیچی بۆ خۆی لێ گل بداتەوە..

ئەوەبوو سەرەتا نەیئەویـ ست هیچ شتێك وەربگرێت جگە لەو مووچەیەی کە لە لایەن دەوڵەتەوە بۆی دیاریی کرابوو..

جارێکیان عەبدوڵڵای کوڕی عامیر سامان و جل وبەرگی بۆ نارد، عائیـ شەش بە نێرراوەکەی وت : کوڕەکەم ! هیچ شتێك لە هیچ کەس وەرناگرم.. کە چووە دەرەوە وتی : بیگێڕنەوە لام ، کە گێڕایانەوە، پێی وت : شتێکم هاتەوە یاد.. پێغەمبەری خوا ρ پێمی فەرموو: ( یا عائشة! مَن أعطاكِ عطاءً بغير مسألةٍ فاقبليه ، فإنما هو رزق عرضه الله لكِ ) . [2]

ئەفەرموێ : عائیشە ! هەر کەسێك بەبێ داواکردن شتێکی پێشکەش کردی وەری بگرە ، ئەوە رزقێکە و خوا بۆی ناردووی..

جا هەر چەندە حاڵ و گوزەرانی مو سڵمانان چاك بوو ، بەڵام عائیـ شە دەیویـ ست هەر بەو شێوە بژیی کە لەگەڵ پێغەمبەردا ئەژیا ، نەوەکو ناز و نیعمەتی دنیا لە خشتەی ببات و دوایی بە خزمەتی ئازیز ρ نەگاتەوە.

---

[1] رواه مسلم .

[2] رواه أحمد ..

□

جارێکیان جابیر   چاوی بە عائیشە خوا لێیان رازیی بێ کەوت و کرا سێکی پینە کراوی لەبەردا بوو، پێی وت : خۆزگە ئەم کرا سەت لا بېردایە.

ئەویش وتی : پێغەمبەری خوا ρ فەرموویە : ( إن سَرَّكِ أن تلقيني فلا تَلقِنَّ ثوباً حتى ترقعيه، ولا تدخرنَّ طعاماً لـ شهر ). فەرموویە: ئەگەر پێت خۆش بوو پێم بگەیتەوە ، ئەوا کراسەکەت نەخەیتە لاوە هەتا پینەی ئەکەیت و، خۆراکیش بۆ مانگێك هەڵ نەگریت.

جا منیش ئەو فەرمانەی کە بە سەرمدا داویەتی دە ستکاریی ناکەم تا ـ إن شاء الله ـ پێی بگەمەوە..[1]

ئیتر ئەوەبوو هەر چیی دیارییەکیان بۆ بناردایە ژیان و گوزەرانە تاڵ و سەختەکەی پێغەمبەری خوای ρ ئەهاتەوە یادی و فرمێ سك بە خوڕ لە چاوەکانی ئەڕژانە خوارەوە و جۆگەلەیان ئەبە ست و، پا شان دیارییەکەی بە شێوەی صەدەقە ئەبەخشییەوە..

جارێکیان موعاویە خوا لێی رازیی بێ هەندێ جل و بەرگ و زیو و کەل و پەلی تری بە دیاریی خستە جانتایەکەوە و ناردی بۆی . کە کەل و پەلەکەی دەرهێنا و تەما شای کرد دە ستی بە گریان کرد و پا شان وتی: بەڵام پێغەمبەری خوا ρ شتی وەهای نەبوو.. پاشان هەمووی بەخشییەوە و هیچی لێ نەهێشتەوە..[2]

---

[1] الإجابة لإيراد ما استدركته عائشة على الصحابة للزركشي.

[2] حلية الأولياء : 2 / 48 .

بەڵێ ، پینەکردنی جل و بەرگ لەو ڕۆژە هەرزانیی و پڕ لە ناز و نیعمەتەدا پیشەی ئەهلی تەقوا بوو ، کە لە هەموو کەسێك زیاتر لە لایەن موسڵمانانەوە چاودێریی ئەکرا..

عوروەی خوشکەزای ئەڵێت : چاوم لێ بووە عائیشە خوا لێی ڕازیی بێ حەفتا هەزاری دابەش ئەکرد ، کەچیی یەخەی کراسەکەی ئەدووریییەوە.. خۆ ئەگەر پێیان بوتایە : ئەی خوای گەورە رزقتی فراوان نەکردووە؟ ئەیوت: هەرکەس جل و بەرگی کۆنە لەبەر نەکات مافی نیە جل و بەرگی نوێ لەبەر بکات.[1]

سەخاوەتی خاتوو عائیشە گەیشتبووە ڕادەیەك کە پاروو لە دەمیشی بگرێتەوە و بیدات بە هەژاران ..

ئیمام مالیك لە ( الموطأ ) دا لاپەڕە ( 390 ) تەخریجی کردووە کە لە عائیشەی هاو سەری پێغەمبەرەوە ρ خوا لێی ڕازیی بێ پێی گەیشتووە هەژارێك داوای پارمەتیی لێ ئەکات . ئەویش بە ڕۆژوو ئەبێت و تەنها کولێرەیەکیش لە ماڵەکەیدا ئەبێت.. بە کەنیزەکێکی خۆی وت : بیدە پێی . وتی : هیچی ترت بەلاوە نیە ڕۆژووی پێ ب شکێنی . وتی : بیدە پێی . ئافرەتەکە ئەڵێت : وام کرد .. کە ئێوارەمان لێ هات ، ماڵێکیان مرۆڤێك کە دیاریی بۆ ئەناردین ، مەڕێکی سوورەوە کراوی بە نان داپۆشراویی بە دیاریی بۆ ناردین .. ئەوەبوو عائیشە خوا لێی ڕازیی بێ بانگی کردم و وتی: لەمە بخۆ .. ئەمە لە کولێرەکەت چاکترە !![2]

---

[1] هەمان سەرچاوە.

[2] حیاة الصحابة : 2 / 174 ـ 175.

جاری وەهاش ئەبوو بەرِۆژوو بوو و سامانێکی زۆری بۆ ئەهات و هەر هەمووی ئەکردە صەدەقە و لە بیری ئەچوو شتێك بۆ بەربانگی خۆی گل بداتەوە. عورەوەی کورِی زوبەیر خوا لێی رازیی بێ ئەڵێت :

موعاویە صەد هەزاری بۆ عائیشە خوا لێ یان رازیی بێ نارد . دە بەخوا خۆری ئەو رۆژە ئاوا نەبوو تا هەمووی بەخشییەوە .. کەنیزەکێکی پێی وت : خۆزگە لەم هەمووپارەیە بایی یەك دیرهەم گۆ شتت بۆمان بکریایە.

وتی : ئەگەر بەر لە دابەشکردنی بت وتایە وام ئەکرد.[1]

لەگەڵ ئەمانەشدا عائیشە خوا لێی رازیی بێ لەو شتانەی کە جێی گومانن خۆی زۆر دەپاراست نەوەکو بکەوێتە حەرامەوە..

ئەوەبوو لە سەردەمی پێغەمبەردا ρ نەیئەهێشت مامەی شیریی خۆی بێتە ژوورەوە لای، هەتا پێغەمبەری خوا ρ فەرمانی بەسەردا دا کە با مامەی سەری لێ بدات ..

هەتا ئەوەبوو کچێکی بچکۆلە ویستی بچێتە ژوورەوە لای ، ئەمیش قەدەغەی کرد و وتی : تا زەنگۆڵەکانی نەپچرِێنن نەهێڵن بێتە ژوورەوە لام ، چونکە بیستوومە پێغەمبەری خوا ρ فەرموویە : ( لا تدخل الملائكة بيتاً فيه جرس ) .[2] ئەفەرموێ : هەر ماڵێك زەنگی تێدا بێت مەلائیکەت رووی تێ ناکەن.

لەخواتر سانی وەهای لێ کردبوو کە زۆر پارێز بکات و خەڵکییش ئاگادار بکاتەوە . ئەوەبوو نارِەزایی لەو ئافرەتە دەربرِیی کە چل و

---

[1] الحلية : 2 / 47 .

[2] رواه أبوداود .



عائشەی کچی ئەبوبەکر

بەرگەکەی وێنەی ( صليب )ی پێوە بوو و ،[1] لۆمەی ئەو ئافرەتانە شی کرد کە ئە چنە گەرماوی گ شتییەوە بە بۆنەی ئەو فەرمای شتەی پێغەمبەرەوە ρ کە ئافرەتان لەوە قەدەغە ئەکات کە لە ماڵی مێردی خۆیانا زیاتر نابێت جل و بەرگیان دابکەنن ، کە ئەفەرموێ : ( أيـ ـما امرأة وضعت ثيابها في غير بيت زوجها ، فقد هتكت ستر ما بينها و بين الله ) .[2]

لە هەمان کاتدا پێی ناخۆش بوو سوننەت پ شت گوێ بخرێت.

جارێکیان چاوی لە عەبدوڕڕەحمانی برای بوو دەستنوێژی ئەگرت و پەلەی بوو تا بە نوێژی جەنازەی سەعدی کوڕی ئەبووەققاصدا خوا لێی رازیی بێ بگات ، ئەوەبوو پێی وت : ئەی عەبدوڕڕەحمان ! دەست نوێژ چاك بگرە ، چونکە گوێم لە پێغەمبەری خوا بووە ρ کە فـەرموویـە : ( ويلٌ للأعقاب من النار ) .[3] هەرەشە لەوانە ئەکات کە پاژنەیان ناشۆن..

ئەوەندەش خاوەنی وەرەع بوو کە پیاوێکی نابینا هاتە ژوورەوە لای چووە پشتی پەردەوە. پیاوە نابیناکە سەری سوڕما ، پەردەی بۆ چییە خۆ ئەم نابینایە.

کە پرسیاری ئەمەی لێ کرد وتی : ئەگەر تۆ من نەبینی ، ئەوا من تۆ ئەبینم ![4]

عائشەی کچی ئەبوبەکر

---

[1] رواه أحمد : 6 / 225 و هو في البخاري أيضاً.

[2] رواه ابن ماجه وأبوداود وأحمد.

[3] رواه مسلم .

[4] الطبقات : 8 / 69 .

□

له پێ شەوه با سی ئەوەشکرا که کاتێك طەوافی کەعبەی شەریفی کردووه پیاوی لیَ نەبووبن..

ئەم با سەش که خۆی ئەیگێڕێتەوه ئەوپەڕی شەرم و حەیایه. ئەگێڕێتەوه دوای کۆ چی دوایی پێغەمبەری خوا ρ وئەبوبەکر خوا لێی رازیی بێ و ناشتنی هەردووکیان له ژوورەکەیدا ، که ئەچووه ئەو ژوورەوه خۆی دانەئەپۆ شیی وئەی وت : مێردەکەم وباوکم لێرەن. بەڵام دوای ئەوەی که عومەریش خوا لێی رازیی بێ لەوێ نێژرا ، ئیتر مەگەر بە تەواویی خۆی داپۆ شیی بێ ئەو سا چۆتە ژوورەوه ، به بۆنەی شەرم کردنیەوه له عومەر خوا لێی رازیی بێ .[بیَ‌تر‌تر]

---

[بیی‌تر‌تر] السمط الثمین .



عائشەی کچی ئەبوبەکر

# زانست فراوانیی عائیشه

شارەزایی زانستی قورئان و فەرمووده دیارترین و گرنگترین سیفەتی عائیشه بووه ، چونکه چڵەپۆپەی زانستی قورئان و تەفسیر و فەرمووده و فیقھ بەلای ئەوەوه بووه . بە رادەیەك کە ئیمام حاکم له ( المستدرك ) دا ئەو بڕیارەی داوه کە چارەکێکی ئەحکامەکانی شەریعەت لە عائیشەوه نەقڵ کراوه !

هەتا گەوره هاوەڵان لە هەر بابەتێکی ئیسلامدا شتێکیان لە لا روون نەبووبێت ، کە پرسیاریان لەو کردووه ، ئەو بە چاکیی لێی شارەزا بووه..

ئەبوموو سای ئه شعەریی خوا لێی رازیی بێ ئەڵێت : ئێمەی هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ρ هەر فەرموودەیەکمان بەلاوه روون نەبووبێت و، پرسیارمان لە عائیشه کردبێت ، ئەوا وەڵامەکەیمان لەلای ئەو دەست ئەکەوت..[1]

مەسرووقی کوڕی ئەجدەعیش ئەڵێت : چاوم لێ بووه زانایانی هاوەڵانی موحەممەد ρ لە بارەی ( فرائض )ەوه پرسیاریان لە عائیشه کردووه.[2]

خۆ ئەگەر لە ناو چە جۆر بە جۆرەکانی وڵاتی ئیسلامیشەوه ، هەر بابەتێکیان بەلاوه روون نەبوایه و بە چاکیی نەیانزانیایە ئەوا پرسیارەکەیان ئەنارد بۆ حیجاز تا هاوەڵانی ئەوێ وەڵامی بدەنەوه..

ئەوانیش هەر شتێکیان بەلاوه گران بوایه ئەوا لە گەوره هاوەڵان ، وێنەی

---

[1] أخرجه الترمذي.

[2] الإجابة.

عەبدوڵلای کوڕی عومەر و ئەبوهورەیرە و عەبدوڵلای کوڕی عەبباس خوا لە هەموویان رازیی بێ ، پر سیاریان ئەکرد و، خاتوو عائیشەش بۆ هەموان مامۆستای پایە بەرز بوو .. هەتا ئەوەبوو خەلیفە عومەر هەر بابەتێك پەیوەندیی بە ئافرەتانەوە ، یان بە کاروباری ناوماڵی پێغەمبەرەوە بوایە ρ ، رەوانەی لای عائیشەی ئەکرد و لەو بوارەدا پێشی هەموانی دابوویەوە .بە رادەیەك کە ئیمام زوهەریی ئەڵێت :ئەگەر زانستی عائیشە بە تەنیا و زانستی هەموو ئافرەتان بەراورد بکرێن ، ئەوا زانستی عائیشە چاکترە !![*]

جاری وەهاش ئەبوو کە هاوەڵێك ریوایەتێك یا حوکمێکی شەرعیی بە هەڵە باس ئەکرد و، ئەمەش بە عائیشە ئەگەیشتەوە و ئەویش هەڵەکەی راست ئەکردەوە ، یان باسەکەی بە جوانیی روون ئەکردەوە.. ئەمە بە رادەیەك گەیشت کە هەرکەسێ لە هەر ریوایەتێك گومانی ببوایە ئەهات لە عائیشەی ئەپرسیی و ، گەر دووریش بوایە بۆی ئەنووسیی.

بۆ نموونە: ئەبوهورەیرە وەهای بڵاو کردبوویەوە کە هەرکەسێ لەشی گران بوو و پێش فەجر خۆی نەشۆرد با بەڕۆژوو نەبێت، واتە رۆژووەکەی بەتاڵە .. کاتێك کە پرسیار لە عائیشە و ئوم سەلەمە کرا، وتیان : پێغەمبەر ρ بەبێ ئیحتیلام بوون، بەلەشگرانییەوە رۆژی لێ ئەبوویەوە و پاشان بە رۆژووش ئەبوو، کە هەواڵەکە بە ئەبوهورەیرە درا، وتی : ئەوان زاناترن.. ئیتر لەو وتەیەی وازی هێنا..[*]

---

[*] الإجابة .

[*] صحيح مسلم .

هەروەها ئیبن عەبباس یش لەبارەی ( هەدیی ) حەجەوە بڕیارێکی دابوو، عائیشە ئەوەشی ڕاست کردەوە.

لەم بارەوە بەیهەقیی لە زوهەرییەوە تەخریجی کردوە کە وتوویە: یەکەم کەسێك کە پەردەی لەسەر چاوی خەڵکیی لادا و ، سوننەتی لەو بارەوە بۆ ڕوون کردنەوە عائیشە بوو خوا لێی ڕازیی بێ ..[1]

ئەمەش هەندێ لەو هۆیانە کە یارمەتیی عائیشەیان دا تا ئەو هەمووە زانستە جەم بکات :

1 ـ خاوەنی زیرەکییەکی کەموێنە و هێزی لەبیرمان و لەبەرکردن بووە. بەڵگەی ئەمەش ئەو هەمووە فەرموودەیە کە لە پێغەمبەری خواوە ρ ڕیوایەتی کردوون ، ئیتر با شیعر و پەند و نموونەی زۆر بوەستن کە لەبەری بوون..

2 ـ هەر بە منداڵیی شووی بە پێغەمبەری خوا ρ کرد و، هەشت ساڵ و پێنج مانگی سەرەمڕ لە خزمەتیدا مایەوە و ، پێغەمبەریش ρ یەکجار لە سەر فێرکردن و شارەزاکردنی لە حوکمە شەرعییەکاندا سوور بوو..

3 ـ بەشی زۆری وەحیی لە ژوورەکەی ئەودا هاتۆتە خوارەوە سەر پێغەمبەری ئازیز ρ..

4 ـ خۆیشی زۆر ورد و بە سەرنج بووە. هەر شتێکی نەزانی بێ نەیهێشتووە لە دەستی دەرچێت خێرا لە بارەیەوە پرسیاری کردووە. هەتا بەوپەڕی ڕێزەوە باسی ژنانی ئەنصاری ئەکرد کە لە فێربوونی دینەکەیاندا

---

[1] الإجابة للزركشي ..

شەرمیان نەئەکرد کە ئەیوت : ( نِعمَ الن ساءُ ن ساءُ الأن صار لم يمنعهن الحياءُ أن يتفقهن في الدين ).[1]

موجاهیدیش ئەڵێت : هەر کە سێ شەرمن بێ ، یان خاوەنی فیز و دەمار بێت فێری زانست نابێت.[1]

رۆژ بە رۆژ زان ست فراوانیی عائیـ شە بۆ مو سڵمانان دەرئەکەوت و دەنگی ئەدایەوە ، بۆیە زانستخوازانی وڵاتانی ئیسلام روویان کردە ژووری پیرۆز ، تا ئەو ژوورە ببێتە یەکەم قوتابخانەی پەخ شی زان ستی قورئان و فەرموودە . ئەوەبوو لەم قوتابخانە مەزنەدا کەڵە زانایانی تابیعین زانستیان بەدە ست هێنا و، عائیـ شەش بە را ستیی سەلماندی کە مامۆ ستای ئەو هەمووە کەڵە زانایانەیە!!

ئەوەی پێوی ستە لە یادمان بێت ئەمەیە : پیاوانیش و ئافرەتانیش هەمیـ شە لە خزمەتیا بوون بۆ وەرگرتنی زانیاریی. جا هەر پیاوێك نامەحرەم بووبێت لە پ شتی پەردەوە دەر سی پێ ئەوت . جاری وەهاش ئەبوو بە چەپڵەی دەستی لە پشتی پەردەوە ، قوتابیانی ئاگادار ئەکردەوە.

مە سرووق ئەڵێت : گوێم لە چەپڵەی دە ستی بووە لە پ شتی پەردەوە.[2]

عائیـ شە چەند شێوازێکی پەروەردەیی جوانیی لە پێغەمبەری خواوە ρ بۆ فێرکردنی قوتابییەکانی وەرگرتبوو.

[1] رواه البخاري .

[2] رواه البخاري ، باب الحياء في العلم .

[3] رواه أحمد : 6 / 30 .

عائشەی کچی ئەبوبەکر

یەکێك لەو شێوازانە ئەوەبوو لە سەر خۆ با سی بۆ قوتابییان ئەکرد تا بتوانن بە جوانیی وەری بگرن ، بۆیە هەرکە سیٚ بە پەلە با سی بکردایە رەخنەی لیٚ ئەگرت کە پێغەمبەری خوا ρ بەو شێوەی نەئەکرد.

شێوازێکی تری فێرکردن ئەوەبوو بە شێوەیەکی کرداریی قوتابیەکەی فێری ئەو حوکمە شەرعیيە ئەکرد ، وەك دەستنوێژگرتن..

ئەوەبوو خزمێکی نزیکی بەندەیەکی هەبوو کە ناوی سالیمی سوبلان بوو و ، خۆی لە بەر چاویدا دە ست نوێژی گرت و فێری کرد. چونکە لە مەزهەب و بۆچوونی عائیشەدا جائیزە بەندە چاوی بە خانمی بکەویٚ . جا سالیم ئەوە باس ئەکات کە هاتۆتە خزمەتی عائیشە و نە چۆتە پ شت پەردەوە و قسەی لەگەڵدا کردووە . تا رۆژێکیان سەری لیٚ ئەدات و پیٚی ئەڵێت : دایکی ئیمانداران ! دوعای فەڕ و بەرەکەتم بۆ بکە . ئەڵێت : بۆچی ؟ ئەڵێت : بە شکوم خوا ئازادم بکات . نیازی بووە پارە کۆ بکاتەوە تا خۆی ئازاد بکات .. وتی : خوا فەڕ و بەرەکەتت بەسەردا بڕژێنیٚ . ئیتر پەردەکەی لە رووی‌دا دادایەوە و، دوای ئەوە ئیتر سالم نەیبینی . چونکە بووە پیاوێکی ئازاد..[1]

شێوازێکی تری ئەوەبوو پیٚی باش بوو مو سڵمانان هەموو پر سیارێك بکەن و شەرم نەکەن ، ئەگەر چیی پر سیارەکە پەیوەندیی بە کاروباری تایبەتیی موسڵمانیشەوە ببیٚ ، چونکە لە لێپرسراویی ئەوە ئەترسا ئەو شتێك بزانیٚ و مو سڵمانان ئاگادار نەکات بە تایبەت هەر کاروبارێکی

---

[1] رواه النسائي .



عائشەی حەمەی ئەبوبەکر

پێغەمبەر ρ كە جگە لە خێزانەكانی ، بە تایبەت عائیـ شە ، هیچ كەس لێی ئاگادار نەبوو..

ئەوەبوو ئەبوموو سای ئە شعەریی بە عائیـ شەی خوا لێیان رازیی بێ وت : ئەمەوێ پرسیاری شتێكت لێ بكەم و شەرمیشت لێ ئەكەم . وتی: هەر پرسیارێك لە دایكتی ئەكەیت شەرم مەكە لە منیشی بكە، چونكە منیش دایكتم .. پرسیم : بە چیی غوسڵ واجب ئەبێت ............. فقد وجب الغسلُ ).[1]

جاری وایش ئەبوو كەس ئەو جۆرە پرسیارانەی نەئەكرد، بەڵام كە خۆی هەستی ئەكرد كۆمەڵی موسڵمانان شارەزایی ئەو مەسئەلەیان پێویستە خۆی باسی ئەكرد..

ئەوەی كە زیاتر ڕێز و تەقدیری عائیـ شە لە دڵی موسڵماناندا ئەچەسپێنێ ئەوەیە كە هەر حوكمێكی بڵاو كردبێتەوە بە دەلیل و بەڵگەی قورئان و فەرموودەوە بووە..

وا بۆ نموونە ئەم وت و وێژەی لەگەڵ یەكێك لە قوتابییە ناودارەكانیدا ئەخەینە بەر دەستی ئازیزان :

مەسرووق ئەڵێت : لە خزمەتی عائیـ شەدا شانم دا دابوو ، وتی : باوكی عائیـ شە! ( مەبەستی لە مەسرووقە ) سێ شت هەن هەركەس یەكێكیان بڵێت و بڕوای پێ هەبێ ، ئەوا ئیفتیرایەكی گەورەی بۆ خوا كردووە : وتم : كامانەن؟

---

[1] رواه مسلم .

□

وتی : هەرکەس رای وا بێ کە موحەممەد ρ پەروەردگاری دیوە، ئەوا ئیفتیرایەکی گەورەی بۆ خوا کردووە..

مە سرووق ئەڵێت : شانم دا دابوو ، رێك دانیشتم و وتم : ئەی دایکی ئیمانداران ! ماوەم بدە و پەلەم لەگەڵ مەکە .. ئەی خوای گەورە نەیفەرمووە : ﴿ وَلَقَدۡ رَءَاهُ بِٱلۡأُفُقِ ٱلۡمُبِينِ ﴾.( التكوير: 23) ﴿ وَلَقَدۡ رَءَاهُ نَزۡلَةً أُخۡرَىٰ ﴾ ( النجم : 13 )؟ وتی : من یەکەم کە سی ئەم ئوممەتەم کە لەو بارەوە پر سیارم لە پێغەمبەری خوا ρ کردبێت . فەرمووی : ( إِنَّما هُوَ جِبرِيلُ لَمَ أَرَهُ عَلى صُورَتِهِ التي خُلِقَ عَليها غَيرَ هاتَينِ المَرَّتينِ ، رأيتُهُ مُنهبِطاً مِنَ السماءِ سادّاً عِظَمُ خَلقِهِ ما بَينَ السماءِ وَالأَرض )[1].

عائیشە وتی : ئەی نابیستی کە خوا ئەفەرموێ : ﴿ لَّا تُدۡرِكُهُ ٱلۡأَبۡصَٰرُ وَهُوَ يُدۡرِكُ ٱلۡأَبۡصَٰرَۖ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلۡخَبِيرُ ﴾[2]( الأنعام : 103 ). یان نابیستی کە خوا ئەفەرموێ : ﴿ وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ ٱللَّهُ إِلَّا وَحۡيًا أَوۡ مِن وَرَآيِٕ حِجَابٍ أَوۡ يُرۡسِلَ رَسُولاً فَيُوحِيَ بِإِذۡنِهِۦ مَا يَشَآءُۚ إِنَّهُۥ عَلِيٌّ حَكِيمٌ ﴾[3] ( الشورى : 51).

---

[1] فەرمووی : ئەوە جیبریلە، جگە لەو دوو جارە بە شێوەی راستەقینەی خۆی نەم دیوە.. کە لە ئاسمانەوە ئەهاتە خوارەوە چاوم پێ کەوت و ئەوەندە گەورە بوو کە نێوان ئاسمان و زەویی داپۆشیی بوو..

[2] تێ ئەگەین کە چاوەکانی ئەم دنیایە توانای بینیی خوایان نیە.

[3] لەمیشدا ئەوە تێ ئەگەین کە خوای گەورە بە یەکێ لەم شێوانە لەگەڵ مرۆڤدا فەرمایشتی کردووە : بە وەحیی ، یان لە پشتی پەردەوە، یان بە ناردنی پێغەمبەران ـ سەلامیان لێ بێ ـ کەواتە خوا نابینن..

□

عائیشه وتی : هەر كەسیش رای وا بیٚ كە پیٚغەمبەری خوا ρ شتیٚك لە قورئانی پیرۆزی شاردۆتەوە و كەتمانی كردووە، ئەوا ئیفتیرایەكی گەورەی بۆ خوا كردووە .. خوای گەورەش فەرموویە :

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغۡ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَۖ وَإِن لَّمۡ تَفۡعَلۡ فَمَا بَلَّغۡتَ رِسَالَتَهُۥ ﴾[ترسمتر] ( المائدة : 67 ).

عائیشه وتی : هەركەسیش رای وا بیٚ كە هەواڵی ئەدریٚتیٚ كە سبەینیٚ چیی روو ئەدات، ئەوا ئیفتیرایەكی گەورەی بۆ خوا كردووە. خوای گەورەش فەرموویە : ﴿ قُل لَّا يَعۡلَمُ مَن فِي ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ٱلۡغَيۡبَ إِلَّا ٱللَّهُۚ ﴾[ترسمتر]( النمل : 65 ) .

لە بارەی تەفسیری قورئانیشەوە، عائیشه خوا لیٚی رازیی بیٚ دەستیٚكی باڵای هەبوو تیایدا .. ئەوەبوو خوای گەورە هەموو هۆیەكی شارەزابوونی بۆ رەخساند تا ببیٚتە شارەزایەكی زۆر لیٚهاتووی تەفسیر لە ناو هاوەڵاندا ..

كە چاوی بە دنیا هەڵ هیٚنا ئەبوبەكری باوكی دیی كە بە شیٚوەیەكی یەكجار بیٚویٚنە قورئانی ئەخویٚند و زۆریش لە خزمەت قورئاندا ئەمایەوە ، بە تایبەت لە نویٚژدا .. عائیشەش چونكە زیرەك و وریا بوو بە چاكیی

ترسمتر خوای گەورە فەرمان بەسەر پیٚغەمبەری خوادا ρ ئەدا تا ئەوەی هاتۆتە خوارەوە سەری بە پاكیی بیٚگەیەنیٚت ، تا ئەركی پیٚغەمبەرایەتیی ئەنجام بدات.

ترسمتر متفق علیه واللفظ لمسلم . فەرمان ئەكات تا بفەرمویٚ : هەرچی وا لە ئاسمانەكان و زەویدا غەیب نازانیٚ ، تەنها زاتی ( الله ) غەیب ئەزانیٚت...

تام و لەزەتی ئەو قورئانەی ئە چە شت کە باوکی لەگەڵ فرمێ سكرێژاندا ئەیخوێند..

ئەوەتا با سی سەردەمی منداڵیی خۆی ئەکات و ئەڵێت :ئایەتی پیرۆزی : ﴿ بَلِ ٱلسَّاعَةُ مَوۡعِدُهُمۡ وَٱلسَّاعَةُ أَدۡهَىٰ وَأَمَرُّ ﴾ ( القمر : 46)لە مەککەدا هاتە خوارەوە سەر موحەممەد ρ و منیش کچۆڵەیەك بووم یارییم ئەکرد.. سوورەتی ( البقرة ) و ( النساء ) یش هەتا من شووم پێ نەکرد نەهاتنە خوارەوە.[سمسمتر]

کە بووە هاو سەری پێغەمبەریش ρ ئاگاداری هۆی هاتنە خوارەوەی زۆرێك لە ئایەتەکان بوو، چونکە نزیکترین کەس بۆ پێغەمبەر ρ ئەو بوو و، بەشێکی زۆری قورئانیش لە ژوورەکەی ئەودا هاتە خوارەوە و، چاك ئاگاداری ئەو باروودۆخە بوو کە بە سەر پێغەمبەری خوادا ρ ئەهات. ئەوەتا وە سفی ئەو کاتە ئەکات کە وەحیی ئەهاتە سەر پێغەمبەری خوا ρ : چاوم لێی بوو لە رۆژێکی زۆر سارددا کە وەحیی ئەهاتە خوارەوە سەری ، کە تەواو ئەبوو ، ناوچەوانی عەرەقی لێ ئەچۆڕا ..[شمسمتر]

زۆر جاریش ، وەك ئاگاداری هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان بوو ، لە هەر ئایەتێك بە جوانیی تێ نەگەیـ شتایە پر سیاری لە پێغەمبەر ρ ئەکرد .. بەمە وەك را ستەوخۆ ئایەتەکەی لە دەمی پیرۆزی پێغەمبەری خوا ρ وەرئەگرت، تەفسیرەکەشی راستەوخۆ هەر لەو وەرئەگرت.

---

[سمسمتر] البخاري .

[سمتر] البخاري .

عائیـ شه ئەڵێت : لە بارەی  ئەم ئایەتە پیرۆزەوە : ﴿ وَٱلَّذِينَ يُؤۡتُونَ مَآ ءَاتَواْ وَّقُلُوبُهُمۡ وَجِلَةٌ ﴾ ( المؤمنون : 60 ) پرسیارم لە پێغەمبەری خوا ρ کرد :ئایا ئەوانەن کە عەرەق ئەخۆنەوە و دزیی ئەکەن ؟ فەرمووی: ( لا ، یا بنت الصدیق ، ولکنهم الذین یصومون ویصلّون ویتصدّقون وهم یخافون أن لا تقبل منهم ، ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡخَيۡرَٰتِ وَهُمۡ لَهَا سَٰبِقُونَ ﴾ ( المؤمنون : 61) ) .[1]

فەرمووی : نەخێر ، ئەی ک   چی ئەبوبەکر ، بەڵکو ئەوانەن کە ڕۆژوو ئەگرن و، نوێژ ئەکەن و، خێر و   صەدەقە ئەکەن و، ئەشتر سن کە لێیان وەرنەگیرێت.. ئەوانە بۆ کردەوەی چاك هەمیشە پێش بڕکێ ئەکەن..

هەروەها ئەڵێت : لە بارەی فەرمایشتی خوای گەورەوە : ﴿ يَوۡمَ تُبَدَّلُ ٱلۡأَرۡضُ غَيۡرَ ٱلۡأَرۡضِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُ ..... ﴾ ( إبراهيم : 48 )  پر   سیارم لە پێغەمبەری خوا ρ کرد : دەی ئەو کاتە خەڵکەکە لە کوێ ئەبن ، ئەی پێغەمبەری خوا ؟ فەرمووی : ( علی الصراط ).[2]

بەڵام عائیشە لە هەموو لایەنێکی زانستدا زیاتر شارەزای فەرموودە بوو و ، بە یەکێ لە هاوەڵە ناودارەکانی  شارەزای ( حەدیث ) ئەژمێررێت و، لە ناو هەر هەموو هاوەڵاندا پلەی   چوارەمی لە لەبەرکردن و ریوایەتکردنی فەرموودەدا وەگرتووە.. واتە تەنها   سێ هاوەڵ پێ   شی

---

[1] إبن ماجه والترمذي .

[2] رواه مسلم .

□

کەوتوون کە ئەبوهورەیرە و عەبدوڵڵای کوڕی عومەر و ئەنە سی کوڕی مالیکن خوا لە هەموویان رازیی بێ .[بىسمتر]

بەڵام عائیشە زۆربەی ئەو فەرموودانەی کە ریوایەتی کردوون راستەوخۆ لە دەمی پیرۆزی پێغەمبەری خوای ρ وەرگرتوون ، بەڵام غەیری ئەم فەرموودەیان لە دەمی هاوەڵانی تر وەرگرتووە. بەمە عائیشە لە لایەنی وەرگرتنی فەرموودەوە را ستەوخۆ لە پێغەمبەر ρ بە یەکەم هاوەڵ ئەژمێررێت .. هەروەها فەرموودەی زۆریش هەن کە تەنها عائیشە لێیان ئاگادار بووە و بە تەنها ئەو گێڕاونیەتەوە.. بەڵام هاوەڵانی تر زۆرێك لە فەرموودەکانیان بە هاوبەشیی گێڕاوەتەوە..

ئا لەم لایەنەوە عائیشە پایەیەکی یەکجار بەرزی هەیە، چونکە بە شێکی زۆری سوننەتی پێغەمبەر ρ لە رێگای ئەوەوە دە ستی موسڵمانان کەوتووە و ، ئەگەر وا نەبوایە بەشێکی زۆر و گرنگی سوننەت ئەفەوتا ، بە تایبەت سوننەتی هەڵس و کەوتی لە ماڵەوەدا ، کە بە شی زۆری ئەو فەرموودانەن کە عائیشە ریوایەتی کردوون..

بەمە دەرئەکەوێ کە ئەو ژوورەی عائیشە بۆتە یەکەم قوتابخانەی گەیاندنی سوننەت دوای کۆچی دوایی پێغەمبەری ئازیز ρ .. ئەوەبوو دڵسۆزانی سوننەت لە خۆرهەڵات و خۆرئاواوە روویان لەو قوتابخانە مەزنە کرد، بە نیازی سەردانی پێغەمبەر و وەرگرتنی سوننەتی بێگەرد لە دەمی ئەو ئافرەتە بەرێزەی کە نزیکترین کەس بووە بۆ پێغەمبەری خوا ρ . ئیتر عائیشەش خوا لێی رازیی بێ بە درێژایی تەمەنی، بە شەو و بە

---

[بىسمتر] نساء مبشرات بالجنة لأحمد خليل جمعة ص37 . ئەبوهورەیرە ( 5374 ) و، عەبدوڵڵا ( 2630 ) و، ئەنەس ( 2286 ) و، عائیشە(2210) فەرموودەیان ریوایەت کردووە.

ڕۆژ، نزیك لە پەنجا ساڵ ، خەریكی پەخشان كردنی ئەو زانستە فراوانەی بوو، بێئەوەی پیر و گەنج و ژن و منداڵ و گەورە و بچووك و نێر و مێ و بەندە و ئازادی لێ بێبەش بكات .. هەركەسێ ئامادەی وەرگرتنی زانست بوو بێت ، بەوپەڕی سەخاوەتەوە پێ بەخشی كردووە.. لەبەر ئەمە ریوایەتكەرانی فەرموودە لە عائیشەوە یەكجار زۆرن و، بە صەدان ئەبن ،بە رادەیەك كە كابرا خۆی و كوڕەكەی و كوڕی كوڕەكەی زانستی لە عائیشە وەرئەگرت..

ئەوانەش كە فەرموودەیان لێ ریوایەت كردووە ئەمانە ناودارەكانیانن:

1) لە هاوەڵان : عومەر و، عەبدوڵڵای كوڕی و، ئەبوهورەیرە و، ئەبوموسا و، عەبدوڵڵای كوڕی عەبباس و، عەبدوڵڵای كوڕی زوبەیر و، هاوەڵانی تریش ..

2) لە خزم و كەسی خۆی : عوروەی كوڕی زوبەیری خوشكەزای و، قاسمی كوڕی موحەممەدی برازای.

3) لە گەورە تابیعییانیش : عەلقەمەی كوڕی قەیس و، موجاهید و ، عیكریمە و، شەعبیی و، زیرری كوڕی حوبەیش و، مەسرووق و، عوبەیدی كوڕی عومەیر و، سەعیدی كوڕی موسەییەب و، ئەسوەدی كوڕی یەزید و، طاووس و، موحەممەدی كوڕی سیرین و، عەبدوڕڕەحمانی كوڕی حاریثیكوڕی هیشام و ، عەطائی كوڕی ئەبوڕەباح و ، سولەیمانی كوڕی یەسار و، عەلیی كوڕی حوسەین و، یەحیای كوڕی یەعمەر و ، كوڕی ئەبو مەلیكە و، ئەبوبوردەی كوڕی ئەبوموسا و، ئەبوزوبەیری مەككیی و، موطریفی كوڕی شیخخیر و غەیری ئەوانیش ..

4) له بەردەست و خزمەت گوزارەکانیشی : ئەبوعەمر و، ذەکوان و، ئەبو یوونس و، فەررووخ .

5) لە ئافرەتانیش : عەمرەی کچی عەبدوڕڕەحمان و، موعاذەی عەدەویی و، عائیشەی کچی طەلحە و، جیسرەی کچی دەجاجە و، حەفصەی کچی عەبدوڕڕەحمانی برای و، خەیرەی دایکی حەسەنی بەصریی و، صەفیەی کچی شەیبە و، غەیری ئەوانیش ..[1]

ئەوەندە دڵسۆز بوو بۆ پاراستنی سوننەت ، قوتابیانی ئەناردن بۆ تاقییکردنەوەی ئەوانەی کە فەرموودەیان لەبەر بووتا تاقیی بکەنەوە بزانن لە گێڕانەوەی فەرموودەدا و شەکان ئەگۆڕن یان نا . ئەمە بەوەی کە دووجار ئەو کەسە بەو فەرموودەیە تاقیی بکرێتەوە و بەراوردیش لەگەڵ ریوایەتی هەردوو جارەکەدا بکرێت..

ئەوەبوو جارێکیان بە عورووەی وت : کوڕی خوشکم ! پێم گەیشتووە کە عەبدوڵڵای کوڕی عەمر بە لامانا تێپەڕ ئەکات و ئەچێت بۆ حەج ، بڕۆ بۆ لای و پرسیاری لێ بکە، چونکە لە پێغەمبەری خواوە ρ زانستێکی زۆری وەرگرتووە..

عورووە ئەڵێت : چوومە خزمەتی و لە بارەی چەند شتێکەوە کە لە پێغەمبەری خواوە ρ ئەیان گێڕێتەوە پرسیارم لێ کرد .....[2]

لەناو باسەکاندا فەرموودەیەك بۆ عائیشە ئەگێڕێتەوە و عائیشەش بە لایەوە سەیرئەبێت کە عەبدوڵڵا ئەوەی گێڕابێتەوە . کە بۆ ساڵی ئاییندە عەبدوڵڵا تێپەڕ ئەکاتەوە ، دیسان عورووە ئەچێتەوە خزمەتی و

---

[1] سەیری ( النبلاء ) بکە..

[2] رواه مسلم .

عائشەی کچی ئەبوبەکر

هەمان پر   سیاری لێ ئەکاتەوە و ئەویش بە هەمان   شێوە فەرموودەکە ریوایەت ئەکات ... ئەو کاتە عائیشە بۆی دەرکەوت کە عەبدوڵلا را ست ئەکات چونکە هەردوو جارەکە فەرموودەکەی وەك یەك گێڕایەوە..

ئەو هاوەڵانەش کە فەرموودەیان لەبەر بوو، ئەیانزانیی عائیشە چەندە پەرۆشی پارا ستنی سوننەت و گێڕانەوەی فەرموودەکانە . لەبەر ئەوە هی وایان هەبوو ئەهاتە خزمەتی و بۆ   سەلماندنی ئەوەی کە فەرموودەکانی رێك و پێك لەبەرن ، بۆی ئەگێڕایەوە..

ئەوەبوو ئەبوهورەیرە خوا لێی رازیی بێ ، کە لە هەموو هاوەڵان زیاتر سوننەتی لەبەر بوو ، لە   شوێنێکی نزیکی ژوورەکەی خاتوو عائی شەدا دائەنیشت و دە ستی بە گێڕانەوەی فەرموودە ئەکرد و  ئەیوت: ( إسمعي يا ربة الحجرة ، إسمعي يا ربة الحجرة ) .[1] وەك  ئیمامی نەوەویی لە شەرحی مو سلیمدا با سی کردووە، وی ستوویەتی عائی شە فەرموودەکە ببیـ   ستێ جا گەر رەخنەی لێ نەبوو، ئەوا فەرموودەکەی بە لاوە بەهێزتر بێت..

هەروەها گەر هاوەڵان لە نێوان خۆیاندا لە   سەر با  سێك یان فەرموودەیەك خیلافیان بووبێت، ئەوا ئە  چوونە خزمەتی عائی  شەی دایکیان تا بزانن کامیان لەسەر راستییە و پێکاویەتی ..

لە نافیعەوە رەحمەتی خوای لێ بێ ئەگێڕنەوە وتوویە : بۆ ئیبن عومەر خوا لێیان رازیی بێ باس کرا کە :ئەبوهورەیرە خوا لێی رازیی بێ ئەڵێت : هەرکەس   شوێن جەنازەیەك بکەوێت ئەوەندەی قیراطێك خێری بۆ

---

[1] رواه مسلم .

ئەنوو سرێت.. وتی : ئەبوهورەیرە فەرموودەی زۆر ئەگێڕێتەوە .[1] بەڵام عائیشە خوا لێی رازیی بێ تە صدیقی ئەبوهورەیرەی کرد و ، وتی : گوێم لێ بووە پێغەمبەری خوا ρ بیفەرموێ .. ئیبن عومەر خوا لێیان رازیی بێ وتی : ئای کە قیراطی زۆرمان لە کیس خۆمان داوە.[2]

ئەوەبوو زەیدی کوڕی ثابیت و عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسیش خوا لێیان رازیی بێ خیلافی ئەوەیان هەبوو کە ئایا ئەو ئافرەتەی لە حەجدا توو شی حەیز ئەبێت ئەتوانێ مەککە بەجێ بهێڵێ و طەوافی ماڵئاوایی ( طواف الوداع ) نەکات ، ئەگەر بێت و پێش ئەوەی تووشی حەیز ببێت طەوافی ( إفاضة ) ی کردبێت؟

ئەوەبوو ئیبن عەبباس ئەیوت : دەرئە چێت ، بەڵام زەید ئەیوت : دەرناچێت . جا زەید چووە خزمەتی عائیشە و پرسیاری لێ کرد، ئەویش وەڵامی دایەوە : دەرئە چێت . زەید چووە دەرەوە و ئەیوت : هەر ئەوەی تۆ راست بوو.

لە ئیبن عەبباسەوە خوا لێیان رازیی بێ ئەگێڕنەوە وتوویە : فەرمان بە سەر خەڵکیدا دراوە کە دوا کاریان طەوافی ماڵی خوا بێت ، ئەوەندە هەیە لە سەر ئەو ئافرەتەی کە تووشی حەیز بووە سووك و ئا سان کراوە و چاوپۆشیی لێ کراوە.[3]

عائشەی کچی ئەبوبەکر

[1] عەبدوڵڵا ئەترسێ ئەبوهورەیرە لێی تێك چوو بێت.
[2] مختصر صحيح البخاري ( 634 ) .
[3] مختصر صحيح البخاري ( 814 ) .

هەروەها لێیەوە ئەگێڕنەوە وتوویە : ( رُخِّصَ لِلْحائِضِ أن تَنفِرَ إذا أَفا ضَتْ ) .[1] وتوویە : ماوەی ئافرەتی حەیزدار دراوە، ئەگەر طەوافی ( إفاضە ) ی کردبێ ، لە مەککە دەرچێت و طەوافی ماڵ ئاوایی نەکات.

وتوویە : گوێم لە ئیبن عومەر بووە ئەیوت : دەرنا چێت . پا شان گوێم لێی بوو دواتر ئەیوت: پێغەمبەر ρ ماوەی داون.

هەموو ئەوەی پێشەوە ئەوە ئەسەلمێنێ کە عائیشە خوا لێی رازیی بێ لە فەرموودەدا یەکەم پرس پێکراو بووە لەلایەن هاوەڵانەوە و، هەر گرێیەك دروست بوویێت لە لای ئەو کراوەتەوە..

جا کە سێك ئەوەندە شارەزای قورئان و سوننەت بێت و گەورە هاوەڵان پر سی پێ بکەن ، دیارە خاوەنی پلەیەکی بەرز بووە لە ئیجتیهادیشدا ، چونکە ـ وەك قاسمی کوڕی موحەممەدی برازای دەری بڕیوە ـ عائیشە لە سەردەمی خیلافەتی ئەبوبەکر و عومەر و عوثماندا و هەتا کۆچی دوایی کردووە فەتوای بە دە ست بووە و کە سێك نەیتوانیوە لەگەڵیا دەرب چێت !![2]

ئەوەبوو هەر بەوەوە نەئەوە ستا کە شارەزای سوننەت بێت، بەڵکو هەوڵی ئەدا بۆ هەموو رووداوێکی تازە ، کە دێتە بەردەم مو سڵمانان و را ستەوخۆ حوکمی لە قورئان و سوننەتدا نیە ، حوکمی شەرعیی دەربهێنێ .

ئەبو سەلەمەی کوڕی عەبدوڕڕەحمان ئەڵێت : کە سم نەدیوە ئەوەندەی عائی شە بە سوننەتەکانی پێغەمبەری خوا ρ زاناتر و، لە را دەربڕیندا

---

[1] مختصر صحيح البخاري ( 816 ) .
[2] الطبقات : 2 / 375 .



عائشەی کچی ئەبوبەکر

ئەگەر پێویستی پێی هەبوو فەقیهـتر و ، بە هەر ئایەتێك لە كوێ دابەزیوە و، بە هەر حوكمێكی میراث زاناتر بێت.[شمتر]

عەطاء ئەڵێت : ( كانت عائشة أفقه الناس وأحسن الناس رأياً في العامة ) .

( إبن عبد البر) یش ئەڵێت : عائیشە لە سێ زانستدا تاقانەی چەرخەكەی بووە : زانستی فیقهـ و، زانستی پزیشكیی و، زانستی شیعر [بیشمتر]

ئەم شایەتییەی ( ابن عبد البر) دەری ئەخات كە عائیشە تەنها لە زانستە ئیسلامییەكاندا شارەزا نەبووە ، بەڵكو شارەزاییەكی زۆری لە زانستی پزیشكیی و رەچەڵەكدا هەبووە . بە رادەیەك كە عورووەی خوشكەزای سەری سوورِ ئەمێنێ كە چۆن پووری شارەزای ئەم هەمووە زانستەیە؟ ئەوەبوو بە سەرسوورِمانەوە پێی وت : سەرم لە كاری تۆ سوورِ ئەمێنێ . ئەتبینم لە هەموو كەس زیاتر شارەزای فیقهی ، ئەڵێم: بۆچیی نا ، هاوسەری پێغەمبەری خوا ρ و كچی ئەبوبەكرە . ئەشت بینم بە مێژوو و رەچەڵەك و شیعری عەرەب زانای ، ئەڵێم : بۆ چیی نا، باوكی كەڵە زانای قورەیشە؟ ئەوەی كە سەرم لێی سوورِ ئەمێنێ لە پزیشكییدا شارەزای ، لە كوێت بوو؟ عائیشە وەها وەڵامی ئەداتەوە كە بە سەرنجدانی ئەو دەوا و دەرمانانەی كە پزیشكە عەرەب و عەجەمەكان بۆ پێغەمبەری خوایان ρ ئەنواند، یان خۆی و خەڵكیی تركە نەخۆش ئەكەوتن لە دەمی خەڵكیی دەرمانەكان فێر ئەبوو.. بەمە دەرئەكەوێ تەنها بە سەرنجدانێكی

---

[شمتر] الطبقات : 2 / 375 .

[بیشمتر] الإجابة .

□

سەرپێیی ئەو زانستە شارەزا بووە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر زیرەکییەکی دەگمەن هەتا لە ناو ئەو کۆمەڵە نایابەی مێژووی دوور و درێژی مرۆڤایەتیدا !!

بەڵام ئەوەی کە داخی دڵی عوروە بوو خەڵکیی وەك لە بارەی زانستە شەرعییەکانەوە پر سیاریان لە عائیشە ئەکرد، لە بارەی پزیشکییەوە ئەوەندە پر سیاریان لێ نەدەکرد، بۆیە کە کۆ چی دوایی کرد ئەو هەمووە زانستەی لەگەڵ خۆی برد بێ ئەوەی کەسێك بە تەواویی فێری ببێ.[شمتر]

---

[تي] النبلاء .



عائشەی کچی ئەبوبەکر

# قوتابیە ناودارەكانی

لە پێشەوە ناوی هەندێ لەو تابیعییانەمان نووسین كە لە قوتابخانەكەی عائیشەدا خوا لێی رازیی بێ بڕوانامەی زانستە شەرعییەكانیان وەرگرت .. ئەمانە بەوپەڕی ڕێز و ئەدەبەوە ئە چوونە خزمەتی و لەبەردەم پەردەدا دائەنیشتن و گوێیان لە مامۆستای گەورەیان ئەگرت تا لە پشتی پەردەوە وانەی دوڕڕ و گەوهەری سوننەتیان پێ بڵێت..

هەروەها ئافرەتانیش وانە و كۆڕی تایبەتیی خۆیان هەبوو تا بەو شێوازە ناوازەیەی كۆمەڵێك لەوانیش پێ بگەیەنێت .

جا هەندێ لەو پیاوە زانایانە خزم و كە سی مەحرەمی عائیشە خۆی بوون.. ئەمانە لەگەڵ خۆیان هەڵس و كەوتیان ئەكرد و پەروەردەی ئەكردن ... چونكە ئە چوونە ئەودیوی پەردەكەوە و لەبەردە ستیدا دائەنیشتن و بێ شەرم و ترس هەموو پر سیارێكیان لێ ئەكرد، تا ئەوە بوو ئەوانە و غەیری ئەوانیش بوونە هەڵگری ئەو زانستە فراوانە و بە مو سڵمانانیان گەیاند خوا لە هەموویان رازیی بێ.

ئەو بەڕێزە مەحرەمانە ئەمان بوون : عەبدوڵڵا و عورووەی كوڕانی زوبەیر كە كوڕی ئەسمائی خو شكی بوون خوا لێیان رازیی بێ و ، قاسمی كوڕی موحەممەد كە برازای بوو و، عەبدوڵڵای كوڕی ئەبو عەتیق كە برازازای بوو و، عەبباد و خوبەیب ی كوڕانی عەبدوڵڵای كوڕی زوبەیر و، عەببادی كوڕی حەمزەی كوڕی عەبدوڵڵای كوڕی زوبەیر و، ئەبوسەلەمەی كوڕی عەبدوڕڕەحمان كە خوشكەزای شیریی بوو..

عائشەی بەبوبەکر

لێرەدا ماوەی ئەوەمان نیە کورتە ژیانێکی هەریەکەیان بخەینە بەردەستی ئازیزانمان ، ناچار وا تەنها دوانیان بە خوێنەران ئەناسێنین کە لە هەمووان نزیکتر بوون و زیاتریش زانستیان لێ وەرگرتووە ، لەگەڵ دوان لەو ئافرەتانەی کە زانستێکی زۆریان لێ وەرگرتووە:

### یەکەم: عوروەی کوڕی زوبەیر

عوروەی کوڕی زوبەیری کوڕی عەووامە کە پێ شەوا و زانای گەورەی مەدینە بووە . دایکی شی ئەسمائی کچی ئەبوبەکری صددیقە خوا لە هەموویان رازیی بێ ..

لە ساڵی 23ی کۆچییدا و لە ئاخر و ئۆخری خیلافەتی عومەردا لە دایك بووە . بۆیە لە جەنگی جەمەلدا بە بچووك لە قەڵەم دراوە چونكە تەمەنی سیانزە ساڵ بوو..

قەبیصەی کوڕی ذوئەیب وتوویە : عوروە ، لەبەر ئەوەی زۆر هاتوچۆی عائیشەی ئەکرد و، عائیشەش لە هەموو کەس زاناتر بوو، پێشی هەموومانی ئەدایەوە..

عوروەش لە هەموو کەس زیاتر فەرموودەی لە عائیشەوە وەرگرتبوو، بە رادەیەك ئیبن سەعد بەم شێوە پێناسەی ئەکات : ( كان ثقة كثير الحديث فقيهاً ثبتاً مأموناً ) [1].

زوهەرییش عوروەی لە زانست زۆرییدا بە دەریایەکی بێکۆتایی شوبهاندووە.[2]

---

[1] تهذيب التهذيب لإبن حجر العسقلاني ..

[2] الطبقات : 5 / 181.

لە باوكی و، عەبدوڵڵای برای و ، ئەسمائی دایكی و ، عائیشەی پووریەوە و، عەلیی كوڕی ئەبوطالیب و، سەعیدی كوڕی زەید و، حەكیمی كوڕی حەزام و، زەیدی كوڕی ثابیت و، عەبدوڵڵایكوڕی عەبباس و، عەبدوڵڵای كوڕی عومەر و، عەبدوڵڵای كوڕی عەمر و، ئو سامەی كوڕی زەید و ، ئەبوئەییووب و، ئەبوهورەیرە و غەیری ئەوانیشەوە فەرموودەی ریوایەت كردووە.[ترهتر]

لە لایەكی ترەوە منداڵەكانی خۆی عەبدوڵڵا و عوثمان و هیشام و موحەممەد و یەحیا و، عومەری كوڕی عەبدوڵڵای كوڕەزای و، موحەممەدی كوڕی جەعفەری كوڕی زوبەیری برازای و، ئەبولئەسوەد موحەممەدی كوڕی عەبدورڕەحمان كە لەلای عوروە هەتیو بوو و، سولەیمانی كوڕی یەسار و، ئەبو سەلەمەی كوڕی عەبدورڕەحمان و،ئەبوبوردە و، زوهەریی و، كوڕی ئەبومەلیكە و، عومەری كوڕی عەبدولعەزیز و هی تریش فەرموودەیان لێ وەرگرتووە و ریوایەتیان كردووە..[یرهتر]

عوروە یەكجار خەمخۆری سوننەت بوو و حەزی ئەكرد بڵاوی بكاتەوە، بە رادەیەك كە هەتا پارەی بە قوتابییەكانی ئەدا تا دڵیان راگیر بكات و فەرموودەی لێ وەربگرن . لە هەمان كاتدا منداڵەكانی خۆی بۆ وەرگرتنی زانیاریی هەڵ ئەنا و دڵی خۆش ئەكردن.

ئەوەندەش ورد و بە سەلیقە بوو هەموو زانستی عائیشەی وەرگرتبوو، بە رادەیەك كە ئەیوت : چوار یان پێنج ساڵ بەر لە كۆچی دوایی عائیشە

---

[ترهتر] التهذيب .

[یرهتر] التهذيب ..



عائشەی نجمەدین

ئەم وت : ئەگەر ئەمڕۆ بمرێت بۆ وەرگرتنی فەرموودەیەك پەشیمان نیم چونكە لێم وەرگرتووە..[1]

جا وەك زانستەكەی لە عائیشە وەرگرت بوو، هەموو رەوشتێكی بەرزیشی ، وەك سەخاوەت و سنگ گوشادیی ، لیٚ وەرگرتبوو.. ئەوە بوو كاتی پیٚگەیشتنی خورما كونێكی ئەكردە دیواری باخە دارخورماكەیەوە و، ماوەی خەڵكی ئەدا بەچنە ژوورەوە خورما بخۆن و لەگەڵ خۆشیان بەرنەوە.. كە خۆیشی ئەچووە ناو باخەكەیەوە ئەم ئایەتە پیرۆزەی دووبارە ئەكردەوە : ﴿ وَلَوْلَآ إِذْ دَخَلْتَ جَنَّتَكَ قُلْتَ مَا شَآءَ ٱللَّهُ لَا قُوَّةَ إِلَّا بِٱللَّهِ ﴾ ( الكهف : 39 ).[2]

هەروەها خواپەرستیی زۆر و سەرەمڕی عائیشە كاری كردبووە سەر عوروە و هەموو رۆژێك لە ( مصحف ) دا چارەكێكی قورئانی ئەخوێند و شەویش ئەو چارەكەكەی لە شەونوێژدا ئەخوێند ، تاقە شەوێك نەبێت دەست بەرداری ئەمە نەبووە ، ئەویش ئەو شەوە بووە كە قاچی بڕاوەتەوە و ، بۆ شەوی داهاتوو دەستی بە شەونوێژەكەی كردۆتەوە. ئەمەش لە كاتێكدا بووە كە عوروە سەر لە وەلیدی كوڕی عەبدولمەلیك ئەدات و موحەممەدی كوڕیشی لەگەڵ ئەبێت.. موحەممەد كە چووە تەویلەی وڵاغەكانەوە وڵاغەكەی خۆی لەقەیەكی لیٚ دا و كوشتی و، قاچێكی عوروە خۆیشی تووشی خۆرە بوو و وەلید پێی وت : باوكی عەبدوڵلا! وای ئەبینم بیبڕیتەوە. ئەڵێت : بڕرایەوە و عوروەش بەڕۆژوو بوو دەم و چاوی

---

[1] تهذيب التهذيب..

[2] حلية الأولياء : 2 / 180 .

نەهێنایەوە یەك .. ئەوەبوو هەتا گەیشتەوە مەدینە هیچی نەوت.. لەوێ ئەڵێت : خوایە ! چوار دە ست و پەلم هەبوون ، یەکێکت بردەوە و سیانت هێشتنەوە ، سوپاست ئەکەم .. چوار کوڕیشم هەبوون ، یەکێکت بردەوە و سیانت بۆ هێ شتمەوە ، سوپا ست ئەکەم . سوێندیش بەخوا ئەخۆم کە ئەگەر لێت سەندبمەوە بۆشت هێشتوومەتەوە و، گەر تووشی بەڵات کردبم زۆریش سەلامەت و بێوەی بووم..[1]

عوروە بایەخی زۆری بە نوێژ ئەدا ، بە تایبەت ئەگەر ناز و نیعمەتێکی دنیا رووی تێ بکردنایە ئە چووە ماڵەوە ناو کەس و کاری فەرمانی ئەدا سەرگەرمی نوێژ بن و ئەیوت : خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەی ρ فەرمووە : ﴿ وَلَا تَمُدَّنَّ عَيۡنَيۡكَ إِلَىٰ مَا مَتَّعۡنَا بِهِۦٓ أَزۡوَٰجٗا مِّنۡهُمۡ زَهۡرَةَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا لِنَفۡتِنَهُمۡ فِيهِۚ ﴾ ( طه : 131).[2]

هەروەها ئەوەندە بایەخی بە رۆژوو ئەدا ، ساڵ دوانزە مانگە بەڕۆژوو ئەبوو، هەتا ئەو رۆژەی کە مرد بەڕۆژوو بوو..[3]

عوروە لە ساڵی نەوەد و چواردا و لە رۆژی جومعەدا گەیشتە بارەگای پڕ رەحمەتی خوای گەورە . شایانی با سە ، لەبەر ئەوەی کە لەو ساڵەدا زۆرێك لە فەقیهـ و شارەزایانی شەرع کۆچی دواییان کرد، ئەو ئەو ساڵە ناو نرا بە ساڵی فەقیهان.[4]

---

[1] الحلية : 2 / 179 .

[2] الحلية : 2 / 179.

[3] تذكرة الحفاظ.

[4] الطبقات .

## دووهەم: قاسمی کوڕی موحەممەد

پێ شەوای پێ شەنگی ئیمانداران ، ئەبو عەبدوڕڕەحمانی تەیمی مەدەنیی فەقیهـ ، قاسمی کوڕی موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکرە . ئەوە بوو ـ وەك لە پێشەوە باس کرا ـ باوکی کوژرا و، ئەمیش بە هەتیویی عائیشەی پووری بەخێوی کرد و لە زانستە شەرعییەکانیش بە چاکیی شارەزای کرد .

ئیبن سەعد بەم شێوەیە پێناسەی ئەکات : ( کان رفیعاً عالیاً فقیهاً کثیر الحدیث ورعاً) .[1]

زانستی سوننەتی بە تەواویی لە پووری وەرگرت و بووە شارەزایەکی کەموێنە لە سوننەتدا، بە رادەیەك موسلمانان ئەیانوت : زاناترین کەس بەو فەرموودانەی لای عائشە بوون سێ کەسن : قاسم و ، عوروە و، عەمرە.

هەروەها لە ئیبن عەبباس و موعاویە و فاطیمەی کچی قەیس و ئیبن عومەرەوە فەرموودەی وەرگرتووە و ، عەبدوڕڕەحمانی کوڕی و، زوهەریی و، ئیبن ولمونکەدیر و، ئیبن عەون و، رەبیعەی رەئیی و، ئەفلەحی کوڕی حەمید و، حەنظەلەی کوڕی ئەبو سوفیان و، ئەییووبی سەختیانیی و هی تریش فەرموودەیان لێ وەرگرتووە..[2]

---

[1] الطبقات .

[2] التذکرة .



عائشەی کچی ئەبوبەکر

( أبو الزناد) ئەڵێت : هیچ کەسم نەدیوە ئەوەندەی قاسمی کوڕی موحەممەد لە سوننەتدا زانا بێت ، کابراش هەتا شارەزایی لە سوننەتدا نەبوایە بە پیاو نەئەژمێررا..[1]

ئیمام مالیکیش وتوویە : قاسم یەکێکە لە فەقیهەکانی ئەم ئوممەتە.

سوفیانی کوڕی عویەینەش وتوویە : قاسم زاناترین کەسی زەمانەی خۆی بووە.

هەرکەسیش بچوایە بۆ حەج ، ئیبن سیرین ئامۆژگاریی ئەکرد تا سەرنجی رێبازی قاسم بگرێت و ئیقتیدای پێوە بکات..[2]

یەحیای کوڕی سەعیدیش وتوویە : لە مەدینەدا چاومان بە کەسێکی تر نەکەوت لە قاسم بە پایەدارتری بزانین.[3]

قاسم رەحمەتی خوای لێ بێ لە مزگەوتی پێغەمبەری خوادا ρ خاوەنی کۆڕێکی زانستیانەی تایبەتیی رۆژانە بوو کە سەر لە بەیانیی ئەهات و دوو رەکعەت نوێژی بەجێ ئەهێنا و لە خزمەت خەڵکەکەدا دائەنیشت و ئەوانیش پرسیاریان لێ ئەکرد .. ئەوەبوو دوای قاسم عەبدورڕەحمانی کوڕی و عوبەیدوڵلای کوڕی عومەر دائەنیشتن و، دوای ئەوانیش هەردووکیان ئیمام مالیکی کوڕی ئەنەس دائەنیشێت.[4]

قاسم خاوەنی پەروەردە و رەوشتێکی وەها بوو کاری کردبووە سەر خووڕەو شتی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز . عومەریش ئاواتی ئەخواست

---

[1] حلية الأولياء للأصبهاني : 2 / 184.

[2] سەیری ( تذكرة الحفاظ ) و ( التهذيب ) بکە.

[3] الحلية : 2 / 184.

[4] الطبقات .

بێتوانیایە وەسیەتی بکردایە تا دوای خۆی قاسم ببێتە ئەمیری ئیمانداران چونکە ئەو شیاوی خیلافەت بوو، بەڵام چی بکات پێشتر سولەیمان پەیمانی خیلافەتی بۆ یەزیدی کوڕی عەبدولمەلیك دابوو..[1]

ئەوەبوو لە تەمەنی حەفتا یان حەفتا و دوو ساڵیدا ، دوای ئەوەی کە هەردوو چاوی لە دەست دابوون و لە ساڵی صەد و هەشتی کۆچییدا، بە نیازی بەجێ هێنانی حەج یان عەمرە، لە نێوان مەککە و مەدینەدا ، لە قودەیدا کۆچی دوایی کرد.. وەسیەتی بۆ کوڕەکەی کرد تا لەو نزیکانە بینێژێت و قەبرەکەی تەخت بکات و بگەڕێتەوە ناو کەس و کاری و هیچ دەنگ و باسێك دروست نەکات..

مردنێکی سادە.. لە قەبرێکی سادەدا .. وە سیەتی شی بۆ کوڕەکەی کرد کە هەر ئەو چل و بەرگانەی بکاتە کەفەنی کە نوێژی پێوە ئەکردن.. کراس و ئیزار و عەباکەی !

کوڕەکەی وتی : بابە گیان ! ئەی ناتەوێ دووکراس بکەین بە کەفەن بۆت؟

وتی : کوڕەکەم! ئەبوبەکریش هەروا بە سێ کراس کەفەنی بۆ کرا و، زیندووانیش زیاتر پێویستییان بە بەرگی نوێیە لە مردووان..

کە کۆچی دوایی کرد کوڕەکەی جەنازەکەی خستە سەر شانی و گەیاندییە ( مشلّل ) کە سێ میل دوور بوو و لەوێ ناشتی..[2]

## سێهەم : عەمرەی کچی عەبدوڕڕەحمان

---

[1] التذكرة .

[2] الحلية : 2 / 184، صفة الصفوة : 2 / 90.



عائشەی کچی ئەبوبەکر

عەمرە ک چی عەبدورڕەحمانی کوڕی سەعدی کوڕی زورارەی ئەنصارییە، لەنەوەی نەججار . هەندێك لە زانایانیش بە کوڕەزای هاوەڵی ناودار ئەسعەدی کوڕی زورارەی لە قەڵەم ئەدەن، کە یەکێك بووە لەوانە لە سەرەتای موسڵمانبوونی ئەهلی یەثریبەوە زوو موسڵمان بووە و، پێغەمبەری خوا ρ ئەوی بە یەکێك لە دوانزە نەقیبەکەی مەدینە هەڵبژاردووە و لە یەکەم ساڵی کۆچکردندا بە نەخۆشیی کۆچی دوایی کردووە.

عەمرە و خوشکەکانی ، دوای کۆچی دوایی باوکیان ، کە لە خاڵوانی پێغەمبەر بووە، چوونەتە لای عائیشە و ئەو سەرپەرشتیی و پەروەردەی کردوون.

عەمرە شوو بە عەبدورڕەحمانی کوڕی حاریثەی کوڕی نوعمان ئەکات، کە حاریثەی خەزووری لە ئەهلی بەدر بووە و ، موحەممەدی کوڕی لێ ئەبێ کە بە ( أبو الرجال ) ناوبانگی دەرکردووە و ، ئیبن حیببان بە ( ثقە ) ی ژماردووە و، ئەمیش ریوایەتی لە عەمرەی دایکیەوە و ئەنەسی کوڕی مالیکەوە و سالمی کوڕی عەبدوڵلاوە کردووە. بوخاریی وتوویە : ( هو ثَبَت). ئیمام ئەحمەد و ئەبوحاتەمی رازییش بە ( ثقە ) یان داناوە..

عەمرە فەرموودەی لە عائیشە و ئوم سەلەمەوە ریوایەتی کردووە و، یەکجار زاناش بووە . کە ئیبن مەدینیی و ئیبن حیببان زۆر بەرز ناویان بردووە..

---

أسد الغابة في معرفة الصحابة ، لإبن الأثير ، الطبقات .

الطبقات .

الطبقات ، التهذيب .

( أبو الرجال) ی کوڕی و، موحەممەدی کوڕی عەبدوڕڕەحمانی ئەنصاریی برای و، یەحیای کوڕی عەبدوڵلای کوڕی عەبدوڕڕەحمانی برازای و، حاریثەی کوڕی ( أبو الرجال ) ی کوڕەزای و ، ئەبوبەکری ئیبن حەزمی خوشکەزای و، عوروەی کوڕی زوبەیر و ، سولەیمانی کوڕی یەسار و، زوهەریی و ، کەسانی تریش فەرموودەیان لێ وەرگرتووە و ریوایەتیان کردووە..

بەمە دەرئەکەوێ لەو منداڵانەی کە عائیشە پەروەردەی کردوون : عەمرە و خوشك و براکانی، کۆمەڵێك لە شارەزایانی فەرمووده پێ گەیشتوون و بە چاکیی سوننەتیان لە عائیشە وەرگرتووە . بۆیە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز ـ رەحمەتی خوای لێ بێ ـ نامەی بۆ ئیبن حەزمی جێباوەڕی ئەنووسیی تا چیی لە بارەی فەرموودەوە ئەتوانێ کۆ بکاتەوە، بە تایبەت ئەو فەرموودانە کە عەمرە ریوایەتی کردوون. چونکە عومەر ئەترسا بە مردنی زانایان زانستەکەیان بفەوتێت . ئەیشوت : کەسێ نەماوە کە لەو زیاتر شارەزای زانستی عائیشە بێت.. هەتا قاسمی کوڕی موحەممەدیش پرسیاری لە عەمرە ئەکرد..[1]

لە ساڵی نەوەد و هەشتدا یان لە ساڵی صەد و شەشدا کۆچی دوایی کردووە . بە رەحمەتی خوا شاد بێت..[2]

## چوارەم : موعاذەی عەدەویی

عائشەی کچی ئەبوبەکر

---

[1] الطبقات .

[2] التهذيب .

موعاذەی کچی عەبدوڵڵای عەدەویی بە صرەیی هاو سەری صیلەی کوڕی ئەشیەم بووە ، کە صیلە لە تابیعیە زۆر چاکەکان بووە و، خاوەنی پایەداریی و وەرع بووە و، پلەی ( ثقە ) ی بووە و، لە یەکێ لە غەزلکانی ناوچەی کابولی ئەفغانستاندا لەگەڵ کوڕەکەیدا شەهید ئەبن.. کە جەنگ گەرم ئەبێت بە کوڕەکەی ئەڵێت : کوڕەم پێش کەوە و بجەنگێ تا ببیتە پاداشت بۆم ( واتە شەهید ببی و منیش جەرگم بسووتێ و پاداشتی زۆرم بۆ بنووسرێ ) . کوڕەکەی هەڵمەت ئەدا و ئەجەنگێ هەتا شەهید ئەبێت . پاشان صیلە خۆیشی دەست بە کوشتار ئەکات هەتا شەهید ئەبێت.

کە دەنگ و باسی شەهیدبوونی مێرد و کوڕ ئەگاتەوە لای موعاذە، ئافرەتان بۆ سەرەخۆشیی دێن بۆ لای ، پێیان ئەڵێت : ئەگەر بۆ پیرۆزبایی لێکردنم هاتوون یاخوا بەخێر بێن و، ئەگەر بۆ غەیری ئەوەش هاتوون ئەوا بگەڕێنەوە.[1]

بە دڵێکی پڕ لە متمانەوە دوو ئازیزی ناردووە بۆ جیهاد! بۆ کاسپیی قیامەت ! وا ئێستا هەردووکیان بە قازانجێکی زۆرەوە گەڕاونەتەوە و، ئەمیش بە ئاوات گەیشتووە.. دەبا موسڵمانان بێن و پیرۆزبایی لێ بکەن.. چونکە پاڵەوانەکانی موعاذە ناوچەی کابولیان موسڵمان کردووە.

بە وردبوونەوە لە ژیانی موعاذە دەرئەکەوێ کە خۆشەویستنی خواپەرستیی زۆری لە عائیشەی مامۆستای وەرگرتووە و ، دوایی بەوە ناوبانگی دەرکردووە.. ( ابن حبان ) بە ( ثقە ) ی داناوە و وتوویە : یەکێك بووە لە خواپەرستەکان .. ئەڵێن : دوای شەهیدبوونی مێردەکەی

[1] الحلیة والطبقات .

هەتا کۆچی دوایی ئەکات جێگای خەوتنی رانەخستووە تا لەسەری بخەوێ .. واتە هەر خەریکی خواپەرستیی بووە.[1]

موعاذە لە عائیشە و، عەلیی و، هیشامی کوڕی عامیر و، ئوم عەمری کچی عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیرەوە فەرموودەی ریوایەت کردووە و، ئەبوقولابە و، قەتادە و ،یەزیدی کوڕی رەشك و عاصیمی ئەحوەل فەرموودەیان لێوە ریوایەت کردووە.[2]

ئەمەش یەکێکە لەو وتە جوانانەی موعاذە دوای شەهیدبوونی مێردەکەی و کوڕەکەی :

*( بەخوا بۆ لەزەتی ژیان و خۆشیی دڵ مانەوەی دنیام نەویستووە، بەڵکو بەخوا ، بۆ ئەوە پێم خۆشە لە دنیادا بمێنمەوە تا بە هۆ و رێگاکان خۆم لە پەروەردگارم نزیك بکەمەوە ، تا بە شکوم خوا لە بەهەشتا لەگەڵ ئەبو صەصەهباء و کوڕەکەمدا کۆمان بکاتەوە).[3]*

سەرانسەری شەو خەریکی شەونوێژ ئەبوو ، تا کە خەو زۆری بۆ ئەهێنا لە ماڵەکەدا دەستی بە گەڕان ئەکرد و ئامۆژگاریی نەفسی خۆی ئەکرد تا دان بە خۆیدا بگرێ و هاکا قیامەت دەستی پێ کرد ، خەو هیچی تیا بەستە نیە.. هەتا بەیانیی بەو شێوە خۆی ئەخلافاند!![4]

لە کاتی سەرەمەرگیدا دەستی بە گریان کرد و پاشان پێکەنیی .

پێیان وت : بۆچیی گریایت و پاشانیش پێکەنیت؟!

---

[1] التهذیب .

[2] التهذیب .

[3] صفة الصفوة .

[4] صفة الصفوة .

□

وتی :ئەو گریانەی کە دیتان ،ئەوە دوورکەوتنەوەلەو رۆژوو و نوێژ و ذیکرم کەوتەوە یاد و دە ستم بە گریان کرد..بەلاَم ئەو زەردەخەنە و پێکەنینەم کە دیتان ، تەنما شای ئەبو ص صەهبام کرد کە لە تارمەی خانووەکەوە هات و دوو دە ستە جلی سەوزی لەبەردا بوون و، چەند کە سێکیش بە دەوریدا بوون ..بەخوا وێنەی ئەوانم لە دنیادا نەدیوە.. بۆیە بەوە پێکەنیم و، واش ئەبینم کە نامێنم تا فەرزێکی تر بێتە بەرەوە . ئەلێت : بەر لەوەی کاتی نوێژێکی تر بێتە بەرەوە کۆچی دوایی کرد.[1]

ئیبن جەوزیی ئەلێت : سالَی هە شتا و سیَ کۆ چی دوایی کردووە، رەحمەتی خوای لیَ بیَ..[2]

ئەمە کورتەی ژیانی چەند قوتابییەکی عائیشە بوو..

ئەوەی ماوە بیلَێین ئەوەیە کە عائیشە وەك لە هەموو بوارێكدا دەستی بالاَی هەبووە ، ئەوا لە بواری زمان پاراویی و بەلاغەت و ئەدەبیشدا دەستێکی بالاَی هەبووە..

کاتێك کە موعاویە بۆ حەج ئە چوو و لای دایە مەدینە بۆ خزمەتی عائیشەی دایکی ئیمانداران ، کە هەستا و چووە دەرەوە ئەیوت : بەخوا ، جگە لە پێغەمبەری خوا p ، نەم بیستووە کە سیَ بەلاغەتی بگاتە بەلاغەتی عائیشە.[3]

هەروەها ئەحنەفی کوری قەیس وتوویە : وتاری ئەبوبەکری صددیق و عومەری کوڕی خەططاب و عوثمانی کوڕی عەففان و عەلیی کوڕی

---

[1] صفة الصفوة ..

[2] هامش تهذيب التهذيب ...

[3] النبلاء .

ئەبوطاليب و خوا لێیان رازیی بێ هەروا خەلیفەکانی تریشم هەتا ئەمڕۆ بیستووە، کە چیی گوفتارم لە دەمی هیچ بەدیی‌هێنراوێك نەبیستووە مەزنتر و جوانتر بێ لە گوفتاری عائیشە خوا لێی رازیی بێ .[1]

ئیمامی تیرمیذییش لە موسای کوڕی طەلحەوە تەخریجی کردووە کە وتوویە : کەسم نەدیوە لە عائیشە زمان فەصیحتر بێ.[2]

شەعبییش کە ناوی عائیشەی ئەبرد سەری لە فیقهـ و زانستەکەی سوڕ ئەما و پاشان ئەیوت : ( ما ظنكم بأدب النبوة ).[3]

وا بۆ نموونە وتارێکی ئەخەینە بەرچاوی ئازیزان ..کە ئەبوبەکر کۆچی دوایی کرد لەسەر قەبرەکەی وەستا و وتی:

( نضَّرالله وَجهَكَ ، و شكر لكَ صالَح سعيك ، فلقد كنت للدنيا مُذلاً بإعراضِكَ عنها وللآخرةِ مُعزاً بإقبالِكَ عَليها ، ولئن كانَ أجلُّ الحوادث بعدَ رسولِ اللهِ ρ رزءَكَ ، وأعظمُ المصائبِ بعدَهُ فقدَكَ ، إن كتابَ اللهِ لَيُعَدُّ بالعَزاءِ عَنكَ حُسنَ العِوضَ مِنكَ ، فَأَنا أنتَجز منَ اللهِ موعوده فيك بالصبر عليك ، واستعيضهُ منكَ بالدعاءِ لَكَ ، فإنا لله وإنّا إليه راجعون ، وعليك السلام و رحمة الله ، توديع غير قالية لحياتك ، ولا زراية على القضاء فِيكَ ) .[4]

---

[1] الحاكم في المستدرك .

[2] الإجابة .

[3] النبلاء .

[4] أبوبكر الصديق ، لعلي الطنطاوي ..

عائشەی کچی ئەبوبەکر

عائشەی کچی ئەبوبەکر

# کۆچی ماڵ ئاوایی

نزیکەی پەنجا ساڵێك عائیشە خوا لێی رازیی بێ دوای پێغەمبەری خوا ρ ژیا.. لەم ماوە زۆرەدا ساتێك و چانی نەئەدا و، لەو ژوورە پیرۆزەدا ، کە بە شێکی زۆری قورئانی تێدا هاتبووە خوارەوە، بە شەو و بە رۆژ خەریکی خزمەتی ئیسلام بوو.. خەریکی خزمەتی قورئان و سوننەتی بێگەرد بوو..بە رۆژدا ئەڵقە لە دوای ئەڵقە پیاوان و ئافرەتان زانستی شەریعەتیان وەرئەگرت و بە شەویشدا سەرگەرمی شەونوێژ و قورئان خوێندن بوو .. بە راستیی ژیانێکی پڕ لە فەڕ و بەرەکەت بوو تا صەدەها، بگرە هەزارەها کەس لەو قوتابخانە مەزنە بەهرەمەند بن و شارەزای فیقهی ئیسلام بن و ، هەر یەکە ئەو زانستە نایابەی پێغەمبەر ρ هەڵ بگرێت و بیباتەوە بۆ وڵات و ناوچەی خۆی و هیدایەتی مەردمەکانی پێبدا و، ئەوانیش دەستە دەستە خەڵکانی تر لەو فەڕ و بەرەکەتە بەشدار بکەن..

ئای کە قوتابخانەیەکی گەورە بوو، تا بتوانێ سەرانسەری جیهانی ئیسلامیی بەختەوەر بکات و هەتا ئێستاش ، دوای پانزە صەدە ، ئەو نوور و رووناکییە هەر ئەدرەوشێتەوە و، موسڵمانان ـ بە پشتیوانیی خوای گەورە ـ ئێستە خەریکن مزگەوتی نوێ ، بە هەزارەها ، دروست ئەکەن و، قورئانی پیرۆز پێشکەش بە گەلانی سەرزەویی ئەکەن .. سوپاس بۆ خوا ..

هەتا ساڵی پەنجا و هەشتی کۆچیی ئەمە پیشەی عائیشە بوو.. تا ئەوە بوو مانگی رەمەزانی پیرۆز هاتە بەرەوە و، لەو مانگەدا عائیشە نەخۆش کەوت.. ئەمە دوا نەخۆشیی بوو.. نەخۆشیی ماڵئاوایی ..

□

ماڵئاوایی لەم ژیانە و شادبوونەوە بە پێغەمبەری ئازیز ρ.. ئەوە بوو وە سیەتی کرد ئاگر نەخەنە دوای تەرمەکەی و قەدیفەی سووریش نەخەنە ژێری .. [1] کە نەخۆ شییەکەی کۆی لێ گرت عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس خوا لێیان رازیی بێ هات بۆ لای و ماوەی خوا ست بچێتە ژوورەوە لای .

بۆ ئەمە عەبدوڵڵای کوڕی عەبدوڕڕەحمانی برازای عائیشە خۆی دا بە سەر پووری‌دا و وتی : ئەوە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسە و ماوە ئەخوازێت بێتە ژوورەوە لات .. خێرا عائیشە زانیی ئەیەوێ بێتە ژوورەوە ، ستایشی بکات و تەزکیەی بکات ، بۆیە وتی :

وازم لێ بێنە لە ئیبن عەبباس ، پێویستییم نە بە خۆی و نە بە تەزکیەی نیە..

وتی : دایەگیان ! ئیبن عەبباس یەکێکە لە رۆڵە صاڵحەکانت ئەیەوێ سەلامت لێ بکات و بە خوات بسپێرێ .. عائیشە وتی : دەی ئەگەر پێت خۆشە ماوەی بدە..

کە هاتە ژوورەوە سەلامی کرد و دانیشت و بە عائیشەی وت : مژدە بێ لێت . وتی : بە چیی؟ وتی : ماوەی نێوان تۆ و گەیشتن بە موحەممەد ρ و خۆشەویستان هەر ئەوەندەیە کە رۆحت لە لاشەت دەرچێت . چونکە تۆ بە لای پێغەمبەری خواوە ρ خۆشەویست ترین هاو سەری بوویت و پێغەمبەری خوایش پاکی خۆش ئەویست..

شەوی ( الأبواء ) یش کە ملوانکەکەت لێ کەوت و پێغەمبەری خوا ρ هەتا بەیانیی مایەوە تا کە دنیا رووناك بوو لە مەنزڵدا بە دوای‌دا

---

[1] الطبقات : 8 / 76 .

بگەڕێ . ئەوەبوو کە ڕۆژ لە خەڵکەکە بوویەوە ئاویان بەلاوە نەبوو و، خوای گەورەش قورئانی ناردە خوارەوە تا بە خۆڵ تەیەمموم بکەن . ئەمە و ئەو ڕوخ صەتەی کە خوا بەم ئوممەتەی دا بە هۆی تۆوە بوو .. هەروەها خوای گەورە لە سەرووی حەوت ئاسمانەوە ئایەتی لە سەر بێتاوانیی تۆ ، بە جیبریلی ئەمیندا ، ناردنە خوارەوە ، تا لە هەر مزگەوتێکدا کە ذیکری خوای تێدا بکرێت بە شەو و بە ڕۆژ ئەو ئایەتانە بخوێنرێن..

عائیشە وتی : واز لەوە بێنە ، ئیبن عەبباس ! بەو خوایەی گیانمی بە دەستە ئاواتەخوازم کە شتێکی پشتگوێخراو بوومایە کە کەس باسی نەکردمایە.

لە ڕیوایەتێکی تردا پێی ئەڵێت : تەنها بۆ بەختەوەربوونت ناونراویت دایکی ئیمانداران و ، بەر لەوەی لە دایکیش ببیت ئەمە ناوت بووە.[1]

بەڵێ ، لە شەوی سێ شەممەی حەڤدەی ڕەمەزاندا کۆچی دوایی کرد و هەر ئەو شەوە دوای نوێژی وەتر بە خاك سپێررا ، کە ئەو ڕۆژە تەمەنی شەست و شەش ساڵ بوو و، ئەبوهورەیرە خوا لێی ڕازیی بێ نوێژی لەسەر کرد و ، خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوە ، کە نەبینرا بوو هیچ شەوێك ئەوەندە خەڵك کۆ ببێتەوە .. هەروەها عوروەی کوڕی زوبەیر و ، قاسمی کوڕی موحەممەد و، عەبدوڵڵای کوڕی موحەممەدی کوڕی عەبدوڕڕەحمانی کوڕی ئەبوبەکر و، عەبدوڵڵای کوڕی عەبدوڕڕەحمان دایانبەزینە ناو قەبرەکەیەوە ..[2]

[1] الطبقات : 8 / 76 و أخرج البخاري بعضه.

[2] الطبقات : 8 / 76 .

□

عائیـ شه وه سیـّتی کرد که له به‌قیع بی‌نیـّژن . ئه‌وه‌بوو به عه‌بدوللّای کوڕی زوبه‌یری وت : له‌گه‌ڵ ئه‌واندا ـ واته پیـّغه‌مبه‌ر و هاوه‌ڵه‌کانی ـ نه‌م نیـّژیت ، به‌ڵکو له به‌قیع له‌گه‌ڵ هاوه‌ڵه‌کانمدا ـ واته هاوسه‌ره‌کانی تری پیـّغه‌مبه‌ر ρ بمنیـّژن . هه‌رگیز ناموی به هۆی پیـّغه‌مبه‌ره‌وه ρ خه‌ڵك ستایشم بکات ..[1]

کاتیـّك که عوبه‌یدی کوڕی عومه‌یر هه‌واڵی کۆ چی دوایی عائیـ شه‌ی زانیی ، وتی : که سیـّك خه‌م باره بۆی که عائیـ شه‌ی به دایکی خۆی زانی بیّ .

ئوم سه‌له‌مه‌ی دایکی ئیمانداران‌یش خوا لیـّی رازیی بیّ که هه‌واڵی کۆ چی دوایی بیـ ست وتی : به را ستیی عائیـ شه ، دوای باوکی ، خۆشه‌ویستترین که‌س بوو به‌لای پیـّغه‌مبه‌ری خواوه ρ .

ئیمام ئه‌حمه‌دیش خوا لیـّی رازیی بیّ ئه‌و مژده‌یه‌ی ریوایه‌ت کردووه که پیـّغه‌مبه‌ری خوا ρ داویه‌تی بۆ ئه‌وه‌ی که عائیشه بچیـّته به‌هه‌شته‌وه که فه‌رموویه‌تی : ( إِنَّهُ لَيُهَوِّنُ عليَّ أني رأيتُ بياض كف عائـ شةَ في الجنة )[2]

خوای گه‌وره گیانی پاکی پیـّغه‌مبه‌ری نازدارمان ρ ره حمه‌ت باران بکات ، به راده‌یه‌ك له‌وه‌وه سه‌ر بکات بۆ گیانی پاکی هاوڵان و ئال و به‌یت و هاو سه‌رانی و، بۆ هه‌موو ئومه‌تی ئیـ سلام تا رۆژی قیامه‌ت . ئامین ..

وآخر دعونا أن الحمد لله رب العالمين

---

[1] صحيح البخاري .

[2] نساء مبشرات بالجنة : 25.

□

**وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين**

**سلێمانیی**

**چوارشەممە**

**4 / رەجەب /1420 ك**

**13 / 10 /1999 ز**

عائشەی کچی ئەبوبەکر

# سەرچاوەکان


| پەڕاو | دانەر |
|---|---|
| السيدة عائشة | محمود طهماز |
| نساء مبشرات بالجنة | أحمد خليل جمعة |
| حلية الأولياء | الأصبهاني |
| الإصابة | العسقلاني |
| الإستيعاب | إبن عبد البر |
| حياة الصحابة | الكاندهلوي |
| صفة الصفوة | إبن الجوزي |
| عائشة أم المؤمنين | البوطي |


عائشەی کچی ئەبوبەکر

# ناوەڕۆك

| باس | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشکەش | 3 |
| پێشەکیی | 4 |
| لە لانەی ئیماندا | 6 |
| بوختانی مونافیقان | 24 |
| عائیشە لەسەردەمی خەلیفەکاندا | 47 |
| جەنگی جەمەل | 61 |
| پایەبەرزیی عائیشە | 91 |
| زانست فراوانیی عائیشە | 103 |
| قوتابییە ناودارەکانی | 121 |
| کۆچی ماڵئاوایی | 136 |
| سەرچاوەکان | 141 |
| ناوەڕۆك | 142 |

عائشەی کچی ئەبوبەکر

# ئەم هاوەڵە

دایکی ئیمان داران و ، هاو  سەری ئازیزی نازدارە ρ ..   صددیقەی ک  چی  صددیقی ئەکبەرە خوا لێیان رازیی بێت .. خێزانی دنیا و قیامەتی ( محمد الم  صطفی ) یە .. ئەتوانین بڵێین: یەکەم ئافرەتی شارەزای دینی خوایە ، بە رادەیەك کە گەورە هاوەڵانیش پ  شتیان بە زاڼ  ست و فەتوای ئەو ئەبە  ست . دوای کۆ  چی ئازیز نزیکەی پەنجا ساڵێك بەڕێوەبەری قوتابخانەی پیاوان و ئافرەتانی مەدینە بووە .

عائشەی کچی ئەبوبەکر